PDF4Kurd

هەندرێن

# گوڵنارەکانی شوێنپێ
# لە
# باخچەکانی تاراوگەدا

سوێد
2006

**ناوی کتێب: گوڵنارەکانی  شوێنپێ لە باغچەکانی تاراوگەدا**
**نووسەر: هەندرێن**
**ساڵ: 2006 چاپی یەکەم**
**تابلۆی بەرگ: پۆسکارتی کیژی شیعر** 1987، **پۆترێت لیزا نۆردین**  1994، **تابلۆ و نامە لە ئەرکیڤی هەندرێنەوە**
**نەخشەسازی و بەرگ: شێروان خدر**
**لە بڵاوکراوەکانی: سەنتەری فیکری و ئەدەبی نما**
**تیراژ:  دانە** 1000

بۆ: دایکم،

که نازانێ ئەویش تاراوگەیە و ناشزانێ گوڵەکانی شوێنپێی تاراوگەی
تەمەنی من  بە فرمێسکەکانی ئەو لاو نابنەوە.

# دەروازەیەک

نووسین بە هەر واتا و مەبەستێک بێت، زەنگێکە یان ئاماژەیەکە بۆ ژیانێک، یان وردتر بێژم کردەیەک، کە بەڕێوەیە. لەگەڵ دەستپێکردنی نووسین، ژیانێکیش لە ئاقارەکانی بیرکردنەوە دەکەوێتە جووڵە. بەدەم بەرجەستبوونەوەی نووسینەوە، دیمانەی نووسەریش لەمدیو شەبەنگی جیهانی ئەو دەقەدا دەردەکەوێت. کەواتە خودی نووسین کردەیە و نووسەریش، بۆ ئەوەی بتوانێ "شوێنپێ"یەک لە ئاقارە نەبینراوەکانی ژیان دروستبکات، بەو کردەیە ڕێگایەک بەرەو "بووناندن"ی دەق دەگرێتەبەر. بەو واتایە مرۆڤ بۆ ئەوەی ببێ بە "هەبووە"ک، دەبێت بجولێت. خودی مرۆڤ جووڵەیە. ئەگەر لە ژیان جووڵە نەما، ئەوە مردنمان بەیاد دێتەوە. کەواتە مرۆڤ بۆ ئەوەی "بوون"ەکەی رابگەیەنێت، دەجولێت. خودی سەفەریش لە کۆی "جووڵە"کان پێکدێت. لێ بۆ نووسەر "سەفەر"ی جەستەیی، یان دەرەکی دەبێتە سەفەری "ناوکی"؛ واتا ئەوە جووڵەی "هەبوون"ێکی ناوەکییە کە وا لە نووسەر دەکات بە گرتنەبەری نووسین ڕێگایەک بەرەو "دەق" بگرێتەبەر. نووسەر  بەدەم بڕکردنی ئەو ڕێگایەوە، کە ڕێگایەکی تەقلەهەڤە، بە گفتوگۆیەکانی لەگەڵ "بوون"دا، لەرینەوەیەک لەناو تۆڕەکانی دەوروبەری خۆیدا دروستدەکات.

ئەگەر ئەوانە هەموویان بریتی بن لە جووڵەی "بوون"ی مرۆڤ، کەواتە هەموو نووسینێکیش بانگکردنی ئەو "هەبوون"ە، کە لە بووندا هەیە. هەر بۆیە بێ "بوون"ی کردەیەک، نووسین لە ڕێگە گرتنەبەری دەقێک، کە ئەفراندنی "بوون"ێکە، بێبەشە، هەروەک بێ "بوون"ی گرتنەبەری ڕێگایەک، "شوێنپێی"یەک "بوون"ی نییە.

بەمجۆرە کاروانی ئەو دوو دەقەی کە لەم کتێبەدا دەنگدەدەنەوە، بریتین لە "شوێنپێ"یەکانی "بوون"ی من، کە لە کردەی ڕێگای گرتنەبەری ئاقارێک لەو کاروانەی کە بەڕێوەیە، بەرهەمهاتوون.

کەواتە دەق بریتییە لە کردەگەلێک بەدەم کاروانی "بوون"ێکەوە. ئەو دوو دەقەش بریتین لە ئاپۆڕەی ڕێگاگەلی ئەم "بوون"ە. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەو دوو دەقە ناخوازن وەک "یادداشتنامە"، یان "سەفەرنامە" فامبکرێن، بەڵکو لە یەک کاتدا لەگەڵ گرتنەبەری  کردەی دەربڕێنی کاروانەکاندا، تیرێژێک لە هەمەرەنگی نووسین ئاپۆڕە دەکەن. لەم ڕوانگەیەوە دەبێ ئەو دوو دەقە وەک جۆرێک لە "intertextualitet / دەق لەناو دەق" فامبکرێن؛ واتا ئەو دوو دەقە لە ئاراستەکەیاندا بە ئاوێزان بوون بە دەقەکانی پێش خۆیانەوە دەنگدانەوەی لەرینەوەکان لەناو تۆڕەکانی ڕێگای کاروانەکەیان ئامادە دەکەنەوە. ئەمەش بۆ ئەوەی یادەوەری، وەک یەکایەتییەک، "هەبوون"ێکی هەنووکەیی بە رووخساری هەمەرەنگییانەی شوێنپێیەکان ببەخشن.

لێرەوە ئەرکی ئەم کاروانە بەدەم ڕێگاوە گێڕانەوەی ئاپۆرەی ڕووداوەکانی ڕابردوو نییە، بەڵکو چنینەوە و چاندنەوەی گوڵنارەکانی ئەو شوێنپێیانەن ڕابردوو و ئێستای یادەوەریی لە باخچەکانی تاراوگەدا لە جەستەی دەقدا جێنشین دەکا. بۆیە پێناسەی ئەو دوو دەقەی کە ئەم کتێبە پێکدێنن، لە بزوان و ڕەنگدانەوەی خودی شوێنپێیەکاندا، ئاوەڵا دەبنەوە.

لە کۆتاییشدا کۆمەکی و دەستپێوەگرتنی دڵسۆزانەی هەردوو برای ئەزیزم: شێروان خدر، کە بە قەد خۆم، بە ئامادەکردنی ئەم کتێبە، تلایەوە. هاوکاتیش حەمە عەباس ، کە لە خەمی هەڵە و کەم و کوڕی هێوریان کردمەوە، کەواتە هەمیشە لە یادەوەریی دەقدا دەمێننەوە.

هەندرێن

ستۆکهۆلم/8/10/2005 -

تێبینی!

ئەم کتێبە، دوای ئەوەی کە زیاتر لە نیو ساڵ لە لای "گۆڤاری ئایینده"دا لە کاتی چاپکردندا، "بە هۆی ئەگەری ترسی دروستبوونی "کێشەی سیاسی""، ڕەتکرایەوە، بەڵام دواجار وێڕای ئاستەنگەلێکی زۆر، لەم ڕۆژانەدا، هاوینی 2006، بە بەشێک لە ئەرکی ماددی خۆم و بەشێکی زۆری "سەنتەری فیکری و ئەدەبیٔ نما"، بڵاوکرایەوە.

25/6/2006

هەندرێن

ستۆکهۆم

# گوڵنارەکانی شوێنپێ
# لە
# باخچەکانی تاراوگەدا

لەم كۆچەدا بەم گڕی خەم و بەم دڵی چرایەتەوە،
كاروانێک لە نوور دەستپێبکا:
یان دەسووتێی،
یانیش دەبییە شەبەنگێک لە مانا!



**گەلی باڵندە**
(هەندرێن) حوزەیرانی 2005

شەوانە باڵندەکانی سەر درەختەکەی پشت پەنجەرەکەم، بەدەم ختۆکەی مەیلی جووتبوونەوە، ماڵەکەم پڕدەکەن لە ئاواز. لەوێش لە سەرەتای هەموو بەهارێک، حاجی لەق لەقێک کۆچدەکا و بە یادی هاوژینەکەیەوە، چەند جارێک بە ئاسمانی سەر هێلانەکەی"مزگەوتی خانەقا" دا، کە گوللەی چەکدارێکی شەڕی براکوژی "تالان"یکردبوو، دەسووڕێتەوە. ئەوەتا بەم وەرزە ناوەختە جووتە کۆترێک پەنجەرەی ماڵەکەمیان کردۆتە مەنزڵگا. یەکێکیان دەمنادەم بە چەپکێک پوشی نێوان دەنوکییەوە بۆ هێلانەکەی دەگەڕێتەوە، دوای تاوێک دەزگیرانەکەی، کە بەدەم نازەوە لە باوەشی هێلانەکەیدا خپبووە، بە گمە گمێک دەلاوێنێتەوە و لە شەقەی باڵدەداتەوە.

نیگایە گەڕیدەکانی منیش، وەک قەدەری کۆچی گەرمیان و کوێستانی پەڕەسێلکەیەک، کە ئاوێزانە بە سروتی ئەو ماڵەی، کە شوێن پێی بوونایەتییەکەی تیادا جێنشینە. کۆچی نیگایەکانی ئەم تاراوگەیە، درەوشانەوەی باڵی ئەو قەتێیانەیە، کە دوای وەرزێک لە دابڕان، لەبەر هەتاوی دەشتەکان دەست لە ملی یەکتر دەکەن و شەبەنگێک لە ڕەنگی لامل و رووخساری نەخشینییان لەسەر شوێن جێدەهێڵن...

لێرەوە پێکگەیشتنەوە و نمایشکردنی هێڵی نیگایەکانی ئەوێ و ئێرە، نیگای رابردوویەک کە لە تەمەنێکی زۆر لاوییەوە کوردستانم بەجێهێشت و نیگای تەمەنە پاییزییەکانی ئێستای تاراوگەییەک، کە ئاوێزانە بەدوای شوێنپێیەکانی یادەوەری، سەرتاپای ئەوانەش، دوای سەردان و گەڕانەوەی کوردستان، لە دیمەنگەلێکی فرە حوزنبار، شاگەشکە و رامان ورژێن، بە ئاوێنە دەبنەوە.

بەمجۆرە ئاراستەی نیگایەکانی من بە نمایشکردن و دەربڕینی ئەو دیمەن و رووداوانە، لە سەرەتایەکەوە بۆ کۆتاییەک، یان بە پێچەوانەوە، دەستپێناکەن، بەڵکو من، وەک کۆچەرێک، لە ناخی ئەو دیمەن و راڕەوە تووناوتوونانەی یادەوەریی و شوێنکاتی رابردوو و ئێستادا رادەمێنم، ئەو تیرێژانەی کە نیگایە مەرانگازەکانم دڵکێش دەکەن، دەچنمەوە . هاوکاتیش، لە ئێستاوە دوای گەڕانەوەم لە کوردستان، تاراوگە چیتر وەک جاران بە بانگ و چرپەکانی بۆ ناوەوەی خۆی و خودی بوونم پەلکێشم ناکەن: بوون؛ شوێنکات، رابردوو، ئێستا، ئەوێ و ئێرە هەر هەموویان وێنایەکن لە تاراوگە. بەڵێ، لە ئێستاوە، چیتر تاراوگەبوون، وەک ژیان، مانای ژیانێکی ناچارکراو نییە لە شوێنێکی دیاریکراودا، کە دابڕان و پەرێشانی گەڕانەوەی بەخۆیەوە خەریکم بکات، بەڵکو تاراوگە بریتییە لە نیشتەجێبوون لە جیهان؛ خودی بوونایەتی تاراوگەیە. لێرەوە جەستەی من دەبێتە رامانگەل، دیمەنگەل، رووداوگەل، یاداشتەگەلێک لە گوڵنارەکانی شوێنپێی تاراوگەدا. لەو دەرفەتانەی، کە شەپۆڵی تاراوگە لە ناخدا سەرگەردان دەبێ، بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ بوونایەتی، چەمکێک لە تیرێژەکانی نیگایەکانی کۆچ دەردەبڕم، تاکوو جیاوازییەک لە نەوا و کارایی بوونی تاراوگەییم جەغتبکەمەوە.

وەلێ دەبا لە ئاستێکی بوونگەراییانەوە لە ڕەهەندی کۆچ، هات و چوونی باڵندە و چۆلەکەکان رامێنین. ڕەنگە باڵندە و چۆلەکەکان دیاردەیەک بن لە سەرنجکێشترین جیهانی کۆچگەرایی. دیاردەی سەفەری گەرمیان و کوێستانی بوونەوەرە باڵدارەکان، دیمەنگەلێک و رامانگەلێکن لە زایەڵەکانی شوێنکات. ڕەنگە بۆ باڵندەکانیش تەنیا پێداویستی سروشت و کەژ و هەوا، هاندەرێک نەبن بۆ پەرێشانی و گەڕانەوەی شوێنەکان، بەڵکو شوێنپێی یادەوەرییەکان وەک تەونێک خودی بوونایەتییان دەچننەوە. دواجاریش ئەو تەونە یارییەکن لە وێنا و ڕەنگ و دیوە جیاوازەکانی شوێن، کە لەگەڵ نیگایە پایزییەکانی رابردوو و لاویەتی تێکەڵاو دەبن و  بەرەو پانتاییەکانی دەق سەرهەڵدەگرن.

کەواتە ئەم نووسینەش دیمەنگەلێکی چڕی لێکترازاو، نەک لێکگرێدراوی ئەو دیمەنە دڵڕەق، گومان ورژێن و ژیکەڵانەی کوردستانی تاراوگەیە؛ واتا گوڵنارگەلێکی ئەو شوێنپێیانەن کە لە یادەوەریی مندا دەدرەوشێنەوە. دەکرێ بە دەستەوایی کردنی بیرۆکەی ژیل دۆلوز، وەک کۆلاژێک لە دیمەنی جیا جیای شانۆیەک، فیلمێک، پێشەنگایەکی تابلۆ، یان ئاوازگەلی جودای مۆسیقایەک، بخوێنرێتەوە.

گوزارەکردنی نیگایەکانی تاراوگە ڕووەو ئاسۆیەکانی نووسینەوە، یان چنینەوە، دەبێتە نمایشی ئاواز، وێنە و پەیڤگەلێکی  بەرهەڵدراو.

ڕەنگە لێرەدا ئاخاوتن لەسەر تاراوگە و نۆستالژیا، وەک جمکێک، دوو دیدگە، زیادکردنی بیرۆکەیەکی نوێ نەبێت. ئەوەتا  شاعیری ڕووسی یوسف برۆدسکی، کە شاعیرێکی ناسراوی تاراوگەیە، بە کۆوتارێک "هەڵومەرجێک کە بە تاراوگە ناویدەبەین"، .یادەوەریی خۆی دەلاوێنێتەوە.

لە ڕوانگەی برۆدسکییەوە، ئاستەنگی یەکەم ئەوەیە کە نووسەری تاراوگە پاشخانە سروشتییەکەی "تالان"دەکرێت. چونکە ئەگەر پێشتر لە وڵاتی خۆیدا وەک نووسەر ناسراو بێت، کەچی ئێستا  لە تاراوگەدا فڕێدەدرێتە ناو ئاپۆڕەی خەڵکە زۆرەکەوە. بەمجۆرە نووسەر وەک هەر کەسێکی تر دەبێتە مرۆڤێکی ئاسایی. دواجاریش ئەوە بۆ ناسنامەی نووسەر دەبێتە کێشەیەک. لەبەر ئەوەی هەر نووسەرێک دەخوازێت بە بەرهەمەکانی خۆیەوە بناسرێتەوە، نەک لەگەڵ نووسەرانی تری تاراوگە بەراورد بکرێت. لە نێوان ئەو نووسەرانەدا شتە هاوبەشەکان گرینگ نین، بەڵکو تەنیا شتە سادەکان گرینگن کە ئەوانەش لە وڵاتەکەیدا تالانکراون.

ئاستەنگی دووەم، کە درێژەدەری ئەوەی یەکەمە، نووسەر لە تاراوگەدا "بە نیگایەکانی ئاوڕ لە رابردوو وەردەگێڕێت و خۆشی بوونەوەرێکی گەڕاوەیە بەدوای کاتەکاندا". بە واتای برۆدسکی نووسەر "بە فرمێسکە رژاوەکانی بەناو دەفەی شانییەوە بۆ خوارەوە"، سەری بەرەو دواوە و پێشەوە خوارکردۆتەوە. واتا ئاوڕ بۆ ئەو کاتە زێڕینانە دەداتەوە کە بەر لەوەی ڕوو لە تاراوگە بکات ڕوویانداوە.

لێرەوە کاتێک وڵاتەکەت دەبێتە تاراوگەیەک و رابردووەکەشت "تاڵان" دەکرێت، ئیتر تاراوگەبوون وەک شوێن، چیتر بارێکی چاوەڕوانکراو نییە و ئاماژە بۆ کاتێکی دیاریکراو ناکات ، بەڵکو چارەنووسێکە لەو بوونایەتیە. ئەم بوونەش لەنێوان ئاراستە پێچەوانەکانی کات؛ واتا ئێستا و ئەو "کاتە زێرینانەی کە لە رابردوودا روویانداوە"، دەکەوێتە گفتوگۆیەکی بێکۆتایی. دواجاریش نووسەری تاراوگە دەتوانێ تەنیا لە جیهانی نووسینەکانیدا ئەو رابردووە زیندوو بکاتەوە و لە ئێستادا ئامادەی بکات.

جەنگەڵستانێکی پڕ سەرتەدەکا بە مەشخەڵ و

پەلکێشتەدەکا.

پەنگدەدەیتەوە،

بە راکردن یادەوەریت لێکگرێدەداتەوە.

(لەمدیو جەستەدا، گەڕیدەیەک بە رووتی)

2

ئێستا کاتێ دەمەوێ بەزمانی تاراوگە لە ماڵ و شوێنکاتی رابردوو بپەیڤم، تاراوگەش لە ژێر تەڕی ئاسمان و بێماڵی خودی مندا خەوتووە. مانگی تاراوگەش، وەک کەشتیوانێک، بەدەم کۆچەکەی لە رۆژهەڵاتەوە، بە نیگایە پاییزییەکانییەوە، لە هەنیەی زەوی دەڕوانێت.

هەر چۆنێک بێت، دوای مشتومڕ و دوودڵییەکی فرەی ناوەکی، هاوینی ئەمساڵ، دوای زیاتر لە بیست ساڵ پەڕاگەندەبوون لە ماڵ: هەشت ساڵ لە ژیانی پێشمەرگەیاتی، سێ ساڵ بەسەر بردن لە عاسێبووون و سەرگەردانی لە ئۆردوگا داخراوەکانی ئێران و سۆڤیەتی رەحمەتی، چواردەساڵ لە ژیانی خوێندنی قوتابخانەی ئامادەیی و زانکۆ و جەڕپاندنی ئاقارەکانی ژیان، سەردانی کوردستانم کرد.

هەرچەندە لە هاوینی 1996دا، تەنیا بۆ دە رۆژ، سەردانی کوردستانم کرد بوو. بەڵام ئەو ساڵە، دوای ئەنفالەکان، یەکێک بوو لە کارەساتترین ساڵ لە مێژووی ئێمەدا. بەڵێ، 31ی ئابی 1996، شەڕی بەناو "براکوژی"، بە هێنانەوەی سەرباز و تانکەکانی رژێمی سەددام لە لایەن پارتی دیمۆکراتی کوردستانەوە بۆ هەولێر، هەم سەرەنجامی شەڕی نێوان ئەو دوو حیزبە حوکمڕانەی یەکلاکردەوە و، هەمیش خەون، یان هەبوونی گوتارێکی نەتەوەیی کوردی لە بوونی ئیرادەگەراییەکی سیاسی پوچەڵکردەوە. هەرچەندە بیانۆ و هۆکارەکانی بە ئاکام گەیشتنی ئەو دۆخە خەمهێنەرەی مێژووەی کورد، تەنیا بە دەست تێکەڵکردن و راکێشانی پاسدارانی رژێمی ئێران لە لایەن یەکێتی نیشتمانیی

کوردستانەوە بۆ سنووری کۆیە، وێڕای ڕۆڵی ئەو هۆکارە لە ملکەچ بوونی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بۆ بڕیاردانی ئەو هەرەسە و داماڵینی ڕۆحی بەکۆمەڵی کورد، ناتوانن وەڵامدانەوەیەکی بڕواهێنەر بن بۆ ڕازیکردنی یادەوەری کورد. لێرەوە لەو ڕووداوەدا بانگەشەکانی وەک: کوردایەتی، شۆڕشگێڕی، خەونی کورد، پڕۆژەی جیاوازی حیزبەکان و... هتد، دەبنە دێوجامەی جادوویەکی گاڵتەجاڕانە. بەهەمە حاڵ، لە کاتێکدا کە ئەمڕۆ لەم ڕۆژانەدا یادەوەرییمان لە هاتنی ئەو ڕووداوە ساتمە دەکا، کەچی توێژی ڕۆناکبیریی و سیاسەتکاری کورد لە فەرامۆشکردنی ئەزموونەکانی مێژوو سەرمەستن. بۆیە، ئەم نووسینە، پەیڤین لەسەر ئەو دابڕانە ناقۆڵایە مێژووییە بە ئەرکی خۆی نازانێت.

لە نیوەشەوێکی لاودا، کە چۆلەکەکانی سەر درەختەکەی ئەودیوی پەنجەرەی ژوورەکەم لە ژێر نمەی بارانی هاویندا بەدەم چرینی ئاوازەکانیانەوە لە ئەشقی یەکتردا مەست ببوون. لەگەڵ بەڕێکەوتنم بەرەو فڕۆکەخانەی "ئارلەندە"، ئیلۆنۆرەی هاوڕێی ڕوح بە گەرمی فرمێسکەکانی ڕوومەت و نیگایە تاروگەییەکانمی هێور کردەوە. شوێنکات و شەپۆڵی یادەکان، وەک دەنگێکی لێکئاڵاو، لە هەنگاوە پەرتەوازەکانمدا دەئاڵان.

واتا ئەو شوێنە، سەرچاوەی ئەو یادەوەرییەی کە من لە ئاستێکی خەیاڵاندن و نموونەییەوە، دوای ئەو هەموو ساڵە وێنام دەکرد، دەکەوێتە بەردەم پێوانەکانی ئەزموونێکی ڕاستییەوە. بەمجۆرە گەر مرۆڤ لە تاراوگەدا بە تیۆری و فەنتازییەکانەوە لە گفتوگۆیەکی نەبڕاوەی ناوەکیدا لەگەڵ ئامادەیی یادگارییەکانی شوێنکات لە گفتوگۆ و وێناکردندا بێت، کەچی لەگەڵ گەیشتن بە کوردستان، دۆخ و ئاراستەیەکی تر دەستپێدەکات: لەگەڵ ڕووبەڕوو بوونەوەی دیمانەی شوێن، ئاراستەی نیگایەکان بەرەو ڕابردوو، ئێستا و ئایندە ڕێدەکەن. لەگەڵ بینینەوەی شوێنەکان، لە ئێستایەکی تژی لە ئاپۆرەی بیرهاتنەوەکاندا، هەروەک ئاگایی ئاوێنەیەکی دوو دیو بێت، ئاراستەی نیگایەکان بەرەو ڕابردوو و داهاتوو ئاوێتەی یەکتر دەکەن. لێرەوە ڕۆح دەبێتە سەرابێک و بەناو بیرهاتنەوەکانی شوێندا شەپۆڵدەدات.

### 3

لەگەڵ گەیشتن بە دەروازەی کوردستان، ئیبراهیم خەلیل و خوێندنەوەی ئەودیو، نەک ڕستەی ڕووکەشی"بەخێر بێن بۆ کوردستان"، زەینم لەگەڵ لوتکەی ئەو ڕێزە شاخانەی کە لەبەر هەتاوی هاویندا گنگڵیان دەدا، کەوتە سەفەر. دەمویست فامکردنێک لە نێوان ڕۆژگاری ڕژێمی سەددام و ئێستای کوردستاندا بدۆزمەوە. بەڵام ئاگاییەک لە ئەزموون، تیۆری و کێشەی دەسەڵاتی ئەمڕۆی کورد، وەک

چاودێرێک بەدوای هەنگاوی سەفەری خەیاڵاندنە خێرایەکانمەوە بوو. دیمەنە خەمهێنەرەکانی شانۆی دەستوور و مافی کوردم هاتەوە بەرچاو، کە وێنای دووبارە بوونەوەی مێژووی کورد بە یاد دێننەوە.

" خانیش لە بووڵێڵێکدا، کە رەزەوانێک لە ترێ چنینەوەدا
گۆشەی چاوی لەسەر ئەو لاولاوەی یادەوەرییەکانی جەخت دەکرد، هەڵنەدەگرت،
دەستی هەکاری دەگرێ لەبەرچاوی چیای ئاگری بزنەکێویەک راودەکا...
مەمیش بە سواری ئەسپەکەی گەلی بە گەلی بە دوای ئایندەو گومانداا
بە نێو وڵاتی شاعیرانی بەخشیش خۆرو بە گومرگ گەمارۆدراودا سەرهەڵدەگرێ."

لە هیکرِا گەیشتینە دەرەوەی بازگەی ئیبراهم خەلیل. کۆمەڵێ خەڵک کە لە دەرەوە هاتبوونەوە، بە خزمەکانیان گەیشتن و بەرەو ماڵ بەرِێکەوتن. تەنیا من بوو کە چاوەرِێی کەسم نەدەکرد. بەڵام بوومە هاوسەفەری یەکێک لەو هاوسەفەرانەی کە ئۆتۆمبیلی خزمەکەی بە دوایدا هاتبوو. ئۆتۆمبێلەکە بە رێگا پێچاو پێچەکاندا بەرەو دهۆک کەوتە گەرِ و ئەوانیش کەوتنە قسە کردن. منیش لەگەڵ دیمەنی شاخەکان، کوردستان، ژیانی پێشمەرگایەتی و ئاوێنەکانی تاراوگە، وەک زەریایەک لە هەڵم بە بەرچاومدا تێدەپەرِین.

شوفێرەکە لەگەڵ گۆرِینی کاسێتی گۆرانییە تورکییەکان مەستتر دەبوو و ماشێنەکەشی لە نشێوەکان خێراتر غلۆر دەبۆوە. لێرەوە تێگەیشتم کە چۆن کولتوری داگیرکردن لە رێگای یارییە جیاوازەکانەوە چێژ و ئاگایی کوردی قووتداوە. من لە تورکی زانینی ئەو هاووڵاتیەی کوردستان دڵنیا نەبووم، بەڵام لە لایەک، لەبەر کۆمەکی هاوسەفەرەکم کە وەک چاکەیەک منی هەڵگرتبوو، لە لایەکی تریشەوە، سەرمەست بوون و رۆچوونە ناو خەیاڵی ئەڤیندارانەی شوفێرەکە بەدەم ئاوازی ئەو گۆرانییە تورکییانەوە، دڵم نەدەهات بە سەرنجەکانم کەش و هەوایەکەیان شێلو بکەم. دواجار تێگەیشتم کە ئەو شوفێرە تورکی نازانێ، بەڵام گوێگرتن لە گۆرانی تورکی لە لای بەشێک لەو نەوەیەی کوردی دوای راپەرِین و باڵادەستی تورکمانەکان، وەک جۆرێک لە نیشانەی هاوسەردەمی بوون وێنادەکرێت.

رەنگی کاڵی ئێوارە بەناو دۆڵ و دامێنی کێوەکاندا هەڵدەزنا و ئێمەش لە دەروازەی دهۆکدا لەیەکتر جیابووینەوە.



ەستنووسی سەر دەرگای کۆنی باهدینان لە ئامێدی بە کامێرای هەندرێن
حوزەیرانی 2005

## 4

بەرەڤان، هاورێی دێرینەم، کە دوای چوار ساڵ زیاتر لە چاوەڕوانیکردن بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری لە سوێد، ئەمساڵ ناچار بوو، بە خۆی، بۆ ئامێدی بگەڕێتەوە، لە دهۆک چەندان سەعات چاوەڕوانی کردبووم. بۆیە وەک چۆن لە سوێد لەسەر کێشەی دواکەوتن لە گەیشتن بە دیدارەکانمان لێم تووڕە دەبوو، لێرەش، وەک جاران، یەکەم دیدارمان بە شەڕ دەستپێکرد، دوای پێکەنینێک کەوتینە کێشەی چاوەڕوانی. سەرابی ماشێنەکان لەناو دهۆکدا شەپۆلیان دەدا و دەمنادەمێ چاوەکانم لە زمانی عارەبی سەر کۆگا و دوکانەکان هەڵوەستەیان دەکرد. دەمویست بەهانەیەک بۆ ئامادەیی ئەو زمانە بدۆزمەوە، بەڵام هیچێک لە بەهانەکان رازییان نەدەکردم. ئەو دێرە کرچ و کاڵەی زمانی کوردیم هاتەوە

بەرچاو، کە لە خوار دێرە عارەبییەکە، کە وەک پڕوپاگەندەیەک بۆ هەڵبژاردنی حوکمەتی تازەی عێراقدا لە یەکێک لە ڕۆژنامەکانی سوێددا، بڵاوکرابۆوە. ئەوکات تێگەیشتم، لە داهاتووی ئەو عێراقە تازەیەی کە حیزبی کوردی بانگەشی بۆدەکا، پایەی بوونی کورد، لەو دێرە کوردیەی، کە بە ئیفلیجی لە عارەبییەوە کرابوو بە کوردی، شکۆمەندتر نابێت. بەڵام بۆ زیاتر تێگەیشتن لە ئامادەیی زمانی عارەبی لە دهۆک و ژیانی کوردیدا، ڕووم لە بەرەڤانی هاوڕێم کرد، کە وەڵامێکی باشترم بۆ بدۆزێتەوە، کەچی بەدەم خەندەیەکی چیا ئاسای خۆیەوە بە گاڵتەیەک لە بێهوودەیی، لە کێشەی باڵادەستی زمانی عەرەبی دەربازی کردم و سەفەرەکەمان بەرەو ئامێدی، ماڵی ئەو بەردەوامبوو. لە پەنجەرەی ماشێنەکەوە شنە بایەکی فێنک، کە لە ڕۆحی شاخ و گەلییەکانی ناو بووڵێڵی ئێوارەوە هەڵیدەکرد، گەرمی یادەکانی ئێمەی دەلاواندەوە.

لەگەڵ گەیشتن بە بازگەی پشکنین، پاسەوانێک بەرەو رووومان هات و بەدەم تەماشاکردنی ئێمەوە بە پرسیاری "لە کوێ دێن و دەچن بۆ کوێ" ئەرکی کۆنتۆڵکردنەکەی خۆی بەجێگەیاند، کە دوایی تێگەیشتم ئەو پرسیارە سادانە لە هەموو خاڵی کۆنترۆلکردنەکانی کوردستان دووبارە دەکرێنەوە، وەڵامی خەڵکیش بۆ ئەو پرسیارانە، هەمیشە دووبارە و کۆمیدی بوون. چونکە تۆ بە گوێرەی حەوسەڵە و پێویستی خۆتەوە دەتوانی وەڵامی پرسیارە دووبارەکانی ئەو پاسەوانانە بدەیتەوە کە لە بازگەی پشکنینی ڕێگا و بانەکاندا، لە پێناوی کۆنترۆڵکردنی ئاسایشدا وەستاون. ئێستاش، بێجگە لە مەزەندەی ئەوەی کە ئەو شێوازە بۆ دابینکردنی ئاسایشی کوردستان، تەنیا جۆرێکە لە ئاستی سادەیی ئەو دامەزراوەی کە ئەرکی ڕێگەگرتنە لەو تێرۆرەی کە دونیای ئەمرۆی بە خۆیەوە سەرقاڵکردووە، نەمتوانی بەڵگەیەکی تر بدۆزمەوە.

لەگەڵ بەجێهێشتنی بازگەکە، لە هیکرا ئەو ئێوارەیەم بە یاد هاتەوە، کە لە ساڵێ 1986دا وەک مەفرەزەیەکی پێشمەرگە کە لە دەڤەری هەولێر هاتبووین بۆ دەڤەری ئامێدی و لەگەڵ "لقی 5" ی حیزبی شیوعی بۆسەیەکمان بۆ ئەو مەفرەزەی ڕژێمی بەعسی دانایەوە، کە کۆنترۆڵی ئەو ڕێگایەی دەکرد، کە ئێستا، بە سەردان دوای ئەو هەموو ماوەیە، پاسەوانی بازگەکە لە سیمای "نامۆ"ییم دەکۆڵێتەوە. بەڵێ، لە ئێوارەیەکی زوودا، بەناو درەختەکاندا کەوتینە دەستڕێژی ئەو تانک و سەربازانەی ڕژێم، کە ڕۆژ هێشتا لەوبەر لەسەر لووتکەی زنجیرەکانی چیای گاراوە تیلەی چاوی ئاوێزانی جەستەی ئێمە و هەڵەتەکانی شاخی مەتینی بەر ڕێژنەی تۆپ و گوللە بوو.

بەرەڤان، تاو ناتاوێک، بە دەم باسکردنی ناوی شوێن و ئاقارەکانی ئەو دەڤەرەوە، گوڵنارەکانی شوێنپێی یادەوەریی ڕایدەپسکاندم. شەوی کوردستانیش تا دەهات دیمانەی ئەو شاخانەی کە لە

قووڵایی چاوی یادەوەرییمدا هەڵدەچنەوە، بە جەغتکردنەوەی ئامادەیی بوونە سورمەییە تۆخەکەی خۆیەوە، وندەکرد.

ئامێدی لەناو شەبەنگی کازیوەدا، دەتگوت میرێکە لەگەڵ سوارچاک و ئەسپە کەحێڵەکانییەوە لەسەر "دەرگای بادینان"دا بەری خۆی داوەتە بێدەنگی چیای مەتین و بۆ ئەم مێژوویەی کە سەرقاڵە بە کەڵەکەکردنی ئاگاییە رووکەش و ساختەکانی، لە ئەزموونەکانی خۆی دەپەیڤێ.

ئامێدی هەر تەنیا شارێک نییە بە شوێنە دڵڕفێنەکەی بەهادار بێت، بەڵکو شارێکە دەکرێت وەک لانکەی یەکێک لە سەرچاوەکانی دەسەڵاتی سیاسی و شوێنەوارێکی مێژوویی سەیر بکرێت. بەڵام ئەگەر ئامێدی، وەک شارێکی بچووک لە دەڤەری باهدینان، لە شەست و حەفتایەکانی سەدەی بیستدا سەرچاوەی بەرهەمێنەری دیاردەی رۆشنبیریی و فراژانی شارستانی بێت، کەچی ئێستا لەو رەوتە دەستبەردار بووە. ئامێدی شارۆچکەیە، دەبوو وەک شوێنێکی مێژووی و سروشتی جوانییەکەی، پایەکی دیاری هەبێت. لێ دەسەڵاتی پارتی لە پێناوی مۆنۆپۆلکردنی ئەو شارەدا، هەموو ژیانێکی جیاوازی لەناو پێکهاتەی ئەو شارەدا سڕیوەتەوە. هەردوو دەرگای کۆنینەی شاری ئامێدی، لە جیاتی کردنیان بە سەرچاوەیەک بۆ لێکۆڵینەوەی ئەزموونی سیاسی و هونەری تەلارسازی کوردی، کەچی بە پشتگوێ خستن و بە پەراوێزکردنی ئەو پاشماوە کۆنینە، لە مۆڵگەی زبڵ و کاولگەیەک دەچێت. لێرەوە ناوەرۆکی پرۆژە کولتوری و سیاسییەکانی ئەو دەسەڵاتە خۆی ئاشکرا دەکات. دەسەڵاتێک کە لەم شارەدا سەرقاڵە بە رازاندنەوەی بارەگای حیزبی و بە پەراوێزکردنی دەنگە جیاوازەکان، ناتوانێ خاوەنی پرۆژەیەکی فرە رەهەندی کولتووریی بێت. ئەو جۆرە دەسەڵاتە ناتوانێت بیر لە کارکردن بۆ بەرهەمهێنانی ئاگاییەکی نەتەوایەتی بکاتەوە، بەڵکو پرۆژەی ئەو دەسەڵاتە، بە حیزبیکردنی ژیان و مێژووی کۆمەڵگایە. بۆیە لەم شارەدا، وەک تەواوی شارەکانی تر، هێمای حیزبایەتی بە هەموو کردەوەکانی ئەو دەسەڵاتە دوو رەنگەی کوردییەوە دیارن.

ئامێدی دوای 15 ساڵ لە ئەزموونی دەسەڵاتی کوردی، لە شارەگوندێکی شێواو دەچێت. کاتێک بە کۆڵانە تەنگەبەرەکەی ئامێدی تێدەپەڕی، لە نیگای چاوەکانەوە تۆ خۆت وەک بێگانەیەک دەبینییەوە.

هەر بۆیە ئامێدی لە شاری خێزانێک دەچێت، نەک شارێکی کۆنینەی خاوەن ئەزموونی میرنشینی باهدینان. ئەمەش نەک هەر دەرگای گۆڕانکاری و ئاوەڵایی بە رووی رەنگە جیاوازەکانی دیکەوە دادەخات، بەڵکو لە مێژووی خۆشی نامۆ دەبێت. بەڵام ئاستەنگی دیاردەی فراژانی خێڵگەرایی و ناوچەگەرایی هەر تەنیا لە دیمەنی پێکهاتەی ئامێدی لە ئارادا نییە، بەڵکو لەسەرتاپای جڤاکی

کوردستاندا له برەودایه. حیزبەکان ئەمرۆ به هاندانی کەناڵەکانی خێڵ و خێزانەوە کۆمەڵگای کوردستان بەڕێوه دەبات.

له وێستگەکانی داهاتوودا ئاوەزی سەرۆکی زانکۆی سۆران، ئەلوەند دزەیی دەخوێنینەوە، که رۆڵێکی گرینگ له شانۆی پەروەردەی نەوەی داهاتوو و ژیانی کۆمەڵگایەکی "مەدەنی" دەنوێنێت، له نیازی پاکی ئەو خەمه پەروەردەییەی خۆیەوە، وەک وێنای مامۆستایەکی کارامه، ئەگەر وەک ئەو بۆینباخێک له چەشنی پەرووەردە ئامێزی خۆی له ملم بکەم، ئەوە قەولی پێدام، گەر بگەڕێمەوە و لەوێ ببمه مامۆستایەکی هاوکاری بۆ پرۆژەی پەروەردەی ئەو نەوە داهاتووەی کورد، ژنێکیشم بۆ بێنێت!



ئامێدی، دەرگای کۆنی بەهدینان
به کامێرای هەندرێن
حوزەیرانی 2005

## 5

ماشێنەکە به رێگای پێچاو پێچی ئامێدییەوە بەرەو ئۆردوگایەکانی شیلەدزێ، ئۆردووگایەکانی دەروبەری و "گەلی باڵندە" ورێنەی دەکرد و بەرەڤانی هاورێشم لەگەڵ گۆرێنی سیدی سترانبێژەکاندا، ئاماژەی بەو شوێنه دەکرد که کاتی خۆی شەوانه خاڵی پەڕینەوەی مەفرەزەکانی پێشمەرگە بوو، که من تەنیا ئەو شەوانه ئەو شوێنەم بینیبوو که له گوندە جوانەکەی سگێرەوە بەرەو بەری چیای گارا، یان به پێچەوانەوە، پێدا تێپەڕی بووم.

لەو دەمەی کە نیگایەکانم بەناو پێدەشەتەکەی نێوان بەری گارا و مەتینەوە لەنگەریان گرتبوو، بەرەڤان بە دەنگێکی خەمینەوە باسی ئەو رووداوە خەمینەی بۆ کردم، کە لە کاتی شەڕی خۆکوژی لەگەڵ پەکەکەدا، جەندرمەکانی تورک لە ئامێدی مۆڵگەیان دانابوو، کە چۆن شەوێک ئەو جەندرمە تورکانە بە رێگای دووربینی شەوانەوە، لە کاتی پەڕینەوەیان، بە هەمان ئەو شوێنەی کە ئێمە کاتی خۆی شەوانە ئەو شەقامەمان دەبڕی، پۆلێک لەو کیژە پێشمەرگانەی پەکەکە، دەبینن و یەکسەر دەیاندەنە بەر تۆپ بارانی دەبابەکانیانەوە، هەموویان شەهید دەکەن. لەوەش ناسۆرتر، وەک بەرەڤان دەیووت، سپێدەی رۆژی دوایی کە بە چاوی خۆم بینیم چۆن لاشەی ئەو کیژە پێشمەرگانە لەناو خوێن و ئاخدا تێکەڵ ببوون و تا دوایی بە فرمانی جەندرمەکان بە شۆفەڵ گۆڕێکی بە کۆمەڵییان بۆ هەڵدەکۆڵن و دەیان شارنەوە. ئەو دیمەنە تژی لە کۆڤانە، وەک گرێک بەناو هەناوم گنگڵی دەدا، پێلێک لە رۆندکی هاوسۆزیم بۆ ئەو کیژە روح چیانانە لە چاوانمدا گێژەنیان دەدا. هەرچەند هەوڵمدەدا، بۆ دەستبەردار بوون لەو دۆخە خەمینەدا، بەهانەیەک لە بەرانبەر ئەو "خیانەت"ە مەزنەی ئەو حیزبەی کە ئەمڕۆ نوێنەرایەتی کورد بوون دەکا بدۆزمەوە، کەچی دەستە وەستاو دەبووم. کاتێک بەری خۆم دایە لووتکەکانی کێوی مەتین، تەرمی ئەو کیژە پێشمەرگە و شوێنپێی شەوانی پەڕینەوە، وەک خەونێک بە دەم مەرگەوە، ئاگاییان دەتەنیمەوە. بە دەم کڵپەی ئەو ژانەوە، بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن ئەو هەموو پێشهاتانە، لە یادەوەری بە کۆمەڵی کورد دەچنەوە، ئەمڕۆ هەروەک ئەوەی ئەو هەموو کارەساتانەی لە نموونەی کارەساتی ئەو پۆلە کیژە پێشمەرگەیە پێشهاتێک نەبن، کە یادەوەرییەکی تاڵانکراو، کەڵەکە نەکەن.

**ناکاوییەکی تێپەڕیو بە ناو خۆمدا دەمگەڕێنێتەوە**
**وەرزەکان بەرەو جوانە مەرگییە بێمرەوەتییەکانیان پاڵدەدەم.** (سکاندیناڤیا دوورگەیەکی تر لە بخوور)


دیوارەکانی ئەو ماشێنە باڵی هەنگاوەکانی سندم کردبووم و نیگایەکانیشم لەناو کپی دیمەنی شاخەکان غەوارەی دەکردم. لەمدیو ریزە شاخە تەمگرتووەکانی شارۆچکەی شیلەدزێدا، سێبەری دارگوێزەکەی گوندی "کافیێ"، بەناو گەرمای رۆحمدا پەلیدەهاوێژا. لە باوەشی گوندی "کافیێ"دا، رەنگی گوڵنارەکانی شوێنپێی پێشمەرگایەتیم لە باغچەکانی یادەوەرییمدا پەنگیاندەدایەوە. لە لانکی ئەو دۆڵەی پشت گوندی "کافیێ"دا، لەگەڵ کیژی شیعرییەتی پێشمەرگایەتیدا، شەوی وەرزەکانمان لە ژێر سێبەری دارگوێزەکەدا کە وەک تارایەکی مۆر لە تریفەی مانگی سەر لووتکەکان دایدەپۆشتین، بەدەم بارانی گەڵا رەنگینەکانی باڵای پاییز، لەسەر دۆشەکی بەفرێکی پەمەیی تازە کەوتوو و لەناو بۆنی پرژاوی چیمەنی گوڵ و گیایەکاندا، ماچی خەون و نازمان، دەچاند.

ئەو نیوەڕۆیەی، وەک چۆن مانگ لە لوتکەکانەوە ماڵئاوایی لە ماچبارانی دۆڵەکە دەکرد، ئێمەش بە بێدەنگییەک لە روح لە گوڵنارەکانی یادەوەریی، لە یەکتر دابڕاین:

**مورووی ملوانکە هەڵواسراوەکەت یادی بەرەبەیانییەکی بەر *مانگەشەوی* بۆ ئاوێنەکە دەگێڕایەوە.**
**ئەو *خڕخاڵە* زیوەش، هێور هێور، لەسەر پێخەوەکەت دایدەکەنی، دەزرنگێتەوە و ژنێتی*مان* بە*یاد* دێتەوە...**

(سکاندیناڤیا دوورگەیەکی تر لە بخوور)

بەدەم پشووی کۆچی رێگاوە لەسەر کانیەکی بنار سێبەری کێوی یادەوەرییدا، چاوی روحم نایە سەر لێوی تەڕی نامەی ئەو کیژە بۆن شیعرە:



"هەندرێن! نازەنین! ئومێدەوارم هەوراز و گەرما، رێگا و دڕک و داڵ زۆر ئازارتی نەدابی و لە تاریکی شەو ئارامی و ئاسودەگی خۆت وەرگرتبێ.


لێرەش مانگ کوێر بووە و هەتاو شەختە دایگرتووە و گۆی زەوی قۆپاوە... دارستانی ژیانی ئەم دیارە مۆر و زریانی و گێژە ... لە رێگایێ قاچەکانت ماچ دەکەم بارانە رەنگینی گیانت هەڵدەمژم بە شیری مەمکەکانم تێنوویەتیت دەشکێنم. تا رۆژ بێ هەتاو دەگەڵت دەبێ و کە شەو هات دەگەڵ ئەستێرەکان لە هەموو شوێن بوونێکت دەگرێم و دەتبینم. نەبیل چەند میهرەبان پرچی نازتی ناز دەکرد... نامەکەم کۆتایی نایێ لە نامەکانی دیکە هەموو شتێکت بۆ دەنووسم. چیت پێ خۆشە دڵم چی دەوێ ئەوەت بۆ دەنووسم.

دەترسم لە دووریت بمرم و نەتبینم. خوایە لووت بەرزەکەم هەموو گیانم بە قوربانت دەکەم ئەگەر شایەنی تۆ بێ. دەنگت ... دەنگت چەندە میهرەبان و پیاوانەیە ... "دەتبینمەوە."
نامەی دەستنووسی کیژی شیعر پاییزی 1987

نامەکەتم داخستەوە ڕۆیشتم،
پڕ بە گەرووی ئاسمان بانگم دەکەی: دەتبینمەوە....
دە
تـ
بـ
یـ
نـ...م...
..مـ
...ەو
ماڵئاوا ئەی کچە بە شێوە هونەرمەندەکانی تاراوگە ماڵئاوا...

(سکاندیناڤیا دوورگەیەکی تر...)

"لەگەڵ شۆڕبوونەوە بە گەرووی دێرەکاندا، گەواڵەیەک لە دڵمەوە دەلەرییەوە و لە کانی چاوەکانیشمدا فرمێسکەکانی ئەڤین بەسەر دێرەکاندا هەڵدەڕژان:



"بۆ تۆی ئەڵماسی نێژراوی دڵی هەتاو. دەریای خۆشی لە چاوەکانمەوە پێدەکەنێ... یادگاری دڵی ئێمە بە زەمین دەبەستێتەوە!"

پۆسکارتی دەستکاری کیژی شیعر بە یادی لە دایکبوونم تەمموزی 1987

فرمێسکەکان لە روحمەوە بەرەو کانی چاوەکانم رێچکەیان دەبەستا و لەگەڵ ئارەقەی بناری پێڵوەکانمدا پەنگیدەدایەوە و گۆنای روومەتەکانمی دەزووراندەوە و...

ئەوە چ زەنایەکی پڕژاوە بە هاتووچۆی مەوداکانی
ئێرەو ئەوێ خەریکم دەکا؟ (سکاندیناڤیا...)

"کات درەنگە و
مانگیش لەمدیو ئەو کەلەدا
نیگەرانە و
چاوەڕوانی ئێمە دەکا. (دوا نوێژەکانی چیا و سەفەری مەحاڵ، 1995)

هورژمی بایەکی گەرم لە جامی کراوەی ماشێنەکەوە، تنۆکە فرمێسکەکانی سەر رووخسارمی دەکردە هەڵم و بەرەڤانیش بە ئاخاوتنەکانی لەسەر رووداوەکانی ئەو رۆژگارەی پێشمەرگایەتی، روحی هەڵوەدای منی دەلاواندەوە. لە پڕ پارچە دەستنووسێکی هەڵواسراوی سەر رێگایەکە کەوتە بەر نیگایە هەشتاوەکانم، کۆشیعرە دەستنووسە چکۆلەکەم "لە سێبەری کێوەکان ونت دەکەم، لە پێدەشتێک دەتبینمەوە" بەیاد هاتەوە. بەهاری 1986 من لە راگەیاندنی "مەڵبەندی هەولێر"ی حزبی شیوعی عێراق بووم و بەدران ئەحمەدیش، وابزانم، لە راگەیاندنی "مەحلی" بوو. لەوێ، لە دۆڵەکەی پشت گوندی "کافێ" رۆژانە دوای نانخواردنی نیوەڕۆیان، لە پاڵ ئەو کەڤرە میهرەبانەی کە هەتاو گەرمیدەکردەوە، بەدران ئەحمەد بە دەست و خەتە جوانەکەی، هەم شیعرەکان و، هەمیش پێشەکی دیوانیلە دەنووسییەوە. لەوێ من و بەدران ئەحمەد ئەو بەهارەمان بەدەم نووسینەوەی ئەو شیعرانە و سووکەڵە شەڕەکان لەگەڵ بۆرە بەرپرسەکانی حیزبی شیوعی بەسەردەبرد. سەرەتا دوو دڵبووم کە بە ناوی "ئومێد مەهدی" ئەو دیوانیلەم بڵاوبکەمەوە، بەڵام دواجار بەدران ئەحمەد بە پێشنیازەکانی، ئەو دوو دڵییەی لە دڵم رەواندەوە. بەمجۆرە "ئومێد مەهدی" بووە خاوەنی ئەو دیوانیلەیە، "دوانوێژەکانی چیا و سەفەری مەحاڵ" و چەند نووسینی دیکەم. بەدران دیوانەکەی لە شێوەیەکی ژیکەڵەدا تەواو کرد. بۆ ئەوەی ئەو دیوانە جوانتر چاپبکرێ، رەوانەی "راگەیاندنی ناوەندی"، کە لە "لۆلان" بوو،کرا. هێشتا سۆراغی دیوانەکە دیار نەبوو، بەدران، بێئەوەی بە من بڵێت، خۆی "تەسلیم" کردەوە و منی

بەجێهێشت. هەرچەندە ئەوکات بۆ من ئاسایی بوو کە کاک بەدران ئەحمەد لە دەست ئەو بێزار بوونەی کە تەنگی پێهەڵچنیبوو، تەسلیمبوونەوە هەڵبژێرێت، لێ بەلای منەوە وێڕای خەمی پێشهاتی ئەو رووداوە ناخۆشە، خەمێکی تریشی هاتە سەرێ، ئەویش ئەوە بوو، کە کاک بەدران قاتە نوێیەکەی منی لەگەڵ خۆی تەسلیمکردەوە، کە من بە قەرز پێمدابوو. ئەوکات پەرپرسی کاروباری ئیداری مەڵبەندی هەولێری حیزبی شیوعی، هاورێ مەلا حەسەن ساڵانە جارێک بۆ ئێمەی پێشمەرگە، وەک رۆژگاری منداڵی، کورتەک شەرواڵێک، قاتێکی بۆ دەکرین، منیش بەو قاتە زەیتونییەی کە تازە هاورێ مەلا حەسەن بۆی کڕیبووم، خەنی ببووم و دڵم نەدەهات لەبەری بکەم، بەڵام چونکە بەدران هێشتا پێشمەرگەیەکی نوێ بوو، ئەو قاتەی بە نسیب نەبوو، منیش تا دڵی بەدران بدەمەوە، بۆ ماوەیەک قاتەکەی خۆم دایە کاک بەدران ئەحمەد. ئیتر ئەو ساڵە بێ قات مامەوە و رەنج بە خەسار بووم.

لێ مخابن هەنووکە نە ئەو کۆمەڵە شیعرە و نە پێشەکەییەکەی بەدران ئەحمەدیشم لاماوە. لە سەروبەندی راپەڕینی 1991 دا، کە دوا ئەوەی من بە رێککەوت لە سوێد خۆم گرتەوە، بە هاتنی نامەیەکی بەدران ئەحمەد، یادگارەکانی رۆژانی "دۆڵی کافی" لە روحم زانەوە:

"لەتە دابڕاوەکەم (هەندرێن)! سڵاوێکی گەرم لە گەرمیی نانی بەیانیانی دایکم و بۆنخۆشی (نوا)ی کچۆڵەی یەکساڵەم.... کاکیلەکەم: ئەوا بۆ دوو ساڵ دەچێ جارێکی تریش بێزاری و وەڕسی و لە وڵات نەحەجمین تووشم بۆتەوە... ژیان ساڵ بە ساڵ بەڕێوە دەچێ و منیش هەر دەستەوئەژنۆ دانیشتووم، هەولێرم لێبۆتە ئەو پاڵ شاخەی جاران (گیرمان تێدا خواردبوو). وڵات بۆتە وڵاتی دزی و درۆزنی و قاچاغچیەتی و موزایەدات...

هەندۆ گیان دەزانی جوانترین یادگاری من و تۆ لای من ئەو چەند وشە پێشەکییەیە کە بۆ دیوانەکەی یەکەمجارتم نووسیبوو. داخەکەم دیارە دیوانەکەت فەوتا. هەمان دەستخەتی پێشەکیەکەم لەلا ماوە، بۆ یادگاری هەڵمگرتووە. بەڵگەیەکە بۆ مێژوو. ناوبەناوێک لەناو کتێبەکاندا دەکەوێتە بەرچاوم، دەیخوێنمەوە و بزەیەکی پڕ گریانی بیرەوەری دەمگرێ. بەدیار ئەو لەتە کاغەزەوە چوارمەشقی دادەنیشم، دەڵێی قورئان دەخوێنمەوە. راستە نووسینی خۆمە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بۆ تۆم نووسیوە و...

برات:

بەدران ئەحمەد حەبیب. هەولێر-_زانیاری 12/1/1992"

بەڵام ناونیشانی "لە سێبەری کێوەکاندا ونت دەکەم، لە پێدەشتێک دەتبیمەوە" پێشنیازی ئەو کیژە شیعرەی دۆڵی "کافێ" بوو. لەوەش خۆشتر، ئەو کۆشیعرە بەو کیژە پێشکەشکرابوو. دوای بەڕێکردنی دیوانەکە بۆ "راگەیاندنی ناوەندی"، شەوانە بەدەم چاوەڕوانی چاپکردنی ئەو کۆشیعرە، لە خۆشییان خەوم لێدەتۆرا. بەڵام کە لە راگەیاندنی ناوەندی لە "لۆلان" بە چاپکراوی رەوانەی "کافێ" و دوایش "دۆڵی بالیسان" کرایەوە، لە رێگای گەڕانەوەدا لەبەر کێشەی سەختی رێگا، لە دەشتی "هەریر" لە ماڵی "جاشەکانی سورچی" شوێن بزربوو و دڵی پڕ حەسرەت کردم. لەوەش لوغزتر، دوای راپەڕینی 1991، ئەو کۆشیعرە کەوتە بەردەستی حەمە عەباسیی هاوڕێم، ئەویش، وەک یادگارییەک، ساڵی 1996دووبارە چاپیکردەوە.

بەدەم کۆچی نیگایەکانمەوە، گوڵناری شوێنپێیەکان، وەک ئەستێرە بارانێک، بەسەر نیگای تاراوگەیمدا دەکشان. ئەوەتا شوێنکات لە راڕەوە بێکۆتاییەکانیدا قووتمەدەدەن.

دەمنادەم بۆنی نان و ئەستووک، بابۆڵەی سەر ساجی ماڵەکانی گوندی سگێڕ و سەر گەلی، کە دوای رێگا دوورەکانمان بە تامەزرۆوە بە چای دەستی کیژە شەرمنەکانەوە دەمانخوارد، یادەوەری بۆنڕێژ دەکردم.

زنجیرە شاخی مەتینیش، وەک دیمەنی مەفرزەیەکی دورو درێژ لە مێژوو، لەژێر گەرمای عەسرێکی ورووژاو بەناو روحی تاراوگەی مندا رۆدەچوو.

لە دەستم بێ مانگیشم بە پیادە بەسەر شوونە تێنووەکانی کوچا دەنارەدەوە.
ئەو ئاسمانە بە ئەستێرەکانەوە لەسەر ئەو گوندە بزمار رێژ دەکەم، کە تۆ وەک کەروێشکێکی خەوناوی لە ناو دەستەکانم رۆیشتی،
ناوەکەشی لە یادەوەریمدا هەورێکە بە یادم نایێتەوە.
– هێشتا زووەو ئەوانیش دیارنین، بیر دەکاتەوە!
ئەرێ زەمەن لە کوێ هەڵدێرا؟

(سکاندیناڤیا...)

ئەو شوێنانە هەموو دەقی مێژوویەکی نەخوێنراوەن. بەڵام ئەوە مێژوون و تەواو. مێژوو لە ئێستادا دەستپێدەکا، یان ئەوەی کە دەژین مێژووە، ئەوەی رابردوو، مێژوویەکی ترە. بەڕەڤان، بەدەم ئاژوانی ماشێنەکەیەوە، بێ سڵەمینەوە، بەو وەڵامە ویستی جەغت لەسەر ئەزموونی ئێستای سیاسی بکاتەوە.

ئەو عەسرە درەنگە بە یادەوەرییەکانی من گەمارۆ دراوە و ئەزیش بە دوای نیگایەکانی روح، ناخێکم لە شەپۆلێکی شوێنپێیە لێکئاوێزەکان. لەگەڵ هەر ئاوڕدانەوەیەک لەو دەڤەرە، تراویلکەیەک لە پێشهاتەکانی دوا ساتە خەمینەکانی پێشمەرگایەتی، بەناو گیانمدا دەجمجمن. کاتێک گەیشتینە ئەو دووڕیانەی، کە شەقامێک بەرەو ناخی "گەلی باڵندە" دەبرد و شەقامێکیش بەرەو دەڤەری بارزان، شەبەنگی روخسارە ئەسمەرەکەی "ئیوان"، ئەو کیژۆڵە حەوت ساڵییە ئێزیدییەی، کە لە دوا "ئەنفال"ی باهدیناندا، بە دەم پەڕینەوەی دایە و بابەی لەو رووبارەی کە پێدەشتەکەی دەڤەری بارزان دەبڕێ، وەک سەدان لە خێزانەکانی ناوچەی شێخان کە بەدەم کۆچڕەوی هێرشەکانی "ئەنفال"ەوە بەرەو سەر سنووری تورکیا سەریان هەڵگرتبوو لەسەر ئەو رووبارەدا لێکترازا بوون، بەجێدەمێنێ. لەو کازیوەیەی کە ئێمە وەک مەفەرزەیەکی پێشمەرگەی هەڵەتەکراو لە بەری گارا لە گوندی "کافێ"ەوە، تاکوو پێش ئەوەی سەرباز و جاشەکان بگەنە سەر بازگەی ئەو رووبارە، کە تاکە رێگایەک بوو بۆ پەڕینەوە و گەیشتن بە چیای "شیرین"، داگیر بکەن، بەرەو سەر سنووری تورکیا سەرمان هەڵگرتبوو، لەگەڵ گەیشتنمان بەو رووبارە، کە جمەی دەهات لەو خەڵکەی کە لە دەستی هێرشەکانی رژێم لە ناوچەی "شێخان"ەوە هەڵاتبوون، تۆپباران دەستی پێکرد. بەشێک لە ماڵ و منالّی ئەو خەڵکە لەم بەرە بوون و بەشیکیش لەوبەری لە بناری چیای "شیرین" چاوەڕوان بوون. یەکێک لەو دیمەنەی، ئێستاش کە بەیادم دێتەوە، روحم دەزریکێنێ، بووکێک بوو کە هێشتا جلی سپی بووکێنی لەبەر دابوو، مێردەکەی لەوبەری رووبارەکە بوو خۆشی لەو بەرە بەجێمابوو. ئای کە ئەو دۆڵە بە گریانی بە سفت و سۆی ئەو بووکە دەلەرییەوە، مردن بە هانام نەدەهات. لەو نیوە شەوەی کە ئێمە لەسەر چیایەی ئەوبەری بارزانەوە بەرەو رووبارەکە دەهاتین، تاکوو رێگایەک بۆ دەرباز بوون بدۆزینەوە، لە هیکڕا "ئیوان" بە تەنیا هەدادان، وەک خاڵخاڵۆکەیەک، بەسەر رێچکەکەوە هەڵدەزنا، کە ئێمەشی بینی، هەروەک ئەو پێشتر مەزەندەی کردبێ تووشی ئێمە دەبێ، بۆیە بێ ئەوەی بشلەژێ، کەوتە ئاخاڤتن لەگەڵماندا. "ئیوان" ئەوەندەی لە روحی "مەلیک تاوس" و یەکەم تیرێژی ئەو هەتاوە بێگەردەی کە ئێزیدییەکان ماچی دەکەن دەچوو، هێندە لە زارۆکێک نەدەچوو. ئای لەو ئەفسانە بێوێنەیە!

"ئایا ئەم سەفەرە بە سەربردەکانی من کۆتایی دێ،
یان بە کۆتاییە بیر لێنەکراوەکانی؟" (سکاندیناڤیا...، مانگ لە ئامێزی گوڵەبەڕۆژەی ژوورەکەمە)

کاتێک شەو دادەهات، "ئیوان" لە شێرە ژنێک دەچوو نەک منداڵێکی ساوا، بۆیە پێویست نەبوو پێی بڵێین، بەرز مەپەیڤیە نەخۆ شوێنمان ئاشکرا بێت. دوای چەند رۆژ عاسێ بوون لەسەر ئەو شاخە، دواجار دوو چوپی ماشێنمان دۆزییەوە تاکوو رووبارەکەی پێ ببڕین. کێشە ئەوە بوو ئێمە بێجگە لەو

چەند هاوڕێ عەرەبانەی کە لەگەڵمان بوون، هیچمان مەلەوانیمان نەدەزانی. ئەو ئێوارە درەنگە لەسەر ئەوە رێککەوتین کە لە یەکەم وەجبەی پەڕینەوە، من و عەلی شاهیر دەستێکمان بە چووپە پڕ فوو کراوەکە بگرین و لە پێشەوەش ئەبوو حەیات رایبکێشێ، کە کوڕێکی بەسراوی بوو و باشترین مەلەوان بوو. کاتێک بە جل و کلاشینکۆفەوە دەستمان بە چووپە گرتبوو، لە ناوەڕاستی رووبارەکە گێژەن و شەپۆڵە تێژەکان رایاندەوەشاندین، هیچ هێزێک لەو دەستەم نەمابوو کە چووپەکەم پێگرتبوو. لە راستیدا، تا ئەمڕۆش کە ئەو ساتە پڕ لە ترسەم بە یاد دێتەوە، هەست دەکەم، بێجگە لە غەریزە پاڵنەرە سروشتییەکانی مرۆڤ، سەختە بتوانم بەڵگەیەکی بڕوا هێنەر بۆ پەرجووی ئەو دەرباز بوونەم لەو شەپۆلانە بدۆزمەوە؛ دەکرێ دەرباز بوون لەو دۆخە گەمارۆدراوانە بە مەرگ، بگەڕێتەوە بۆ خودی بەخشندەیی مەرگ، کە بۆ هەر مەبەستێک بێ، نایەوێ کۆتایی بە ژیانت بێنێ. هەر چۆنێک بێت توانیمان بپەڕینەوە ئەوبەری رووبارەکە. رێگای سەر رووبارەکەش بە سەرباز و جاش تەنرابوو، بۆیە نەدەبوو نوقەمان لێوە بێ. ئێمە ئەو شەوە چوار یان پێنج پێشمەرگە بوو توانیمان بپەڕینەوە و بەو سەر لە بەیانییە بێ بزنەرێیەک ملمان بە شاخە عاسێیەکەی "شیرین" وەنا، لە سەر لووتکەی "شیرین" لەبەر تاریکی شەو لێکدابڕاین. کاتێک بە دەم هاوارەوە بانگی هاوڕێکانم دەکرد، لە تێنووان کەسیان نەیاندەتوانی وەڵامم بدەنەوە. لە هیکڕا کە گەیشتمە سەر لووتکەکە پێم کەوتە سەر لەشی ئەبوو سامی، کە ترسنۆکترین پێشمەرگە بوو لەگەڵمان، کاتێک هەستم کرد شتێک لە ژێر پێم دەجووڵێتەوە، دڵم داکەوت. شەو راشکا، وێڕای بایەکی فێنک، کە لە دۆڵە گڕگرتووەکەی پێشت شیرینەوە دەهات، هیچ لە مەتارەکانمان ئاوی تێدا نەما بوو، بۆیە لە دەست تێنوویەتییەکی تەریفە بیری خواردنەوەی میزی خۆم کردەوە. ئەوەی کە دڵی خۆشدەکردم ئەو کەمە شەکرە بوو کە لەناو کۆڵەپشتەکەم بوو. بە زۆری چەند دڵۆپێک لەو میزە تەڵخەم کردە ناو مەتارەکەم و یەک گۆلمە شەکریشم تێکرد، کە دەمم پێوەنا، هێڵنجێکم هات و هاودەم هەستم بە لە دەستدانی کۆنترۆلی مێشکم دەکرد. وەک شێتێک هەستم کرد چاوم رێشکە و پێشکە دەکات.

کاتێک ماشێنەکە خەریک بوو لە رێگا پێچا و پێچەکەی ناو "گەلی باڵندە"دا هەڵبدێرێ، بەڕەڤان وتی "هەی ماڵێتە دە تو خۆت بەو قایشە ببەستە!"، ئەو دەمەی کە نیگایەکانی روحم لەناو گڕی ساتی میز خواردنەوەدا وێڵ ببوو لەشیشم وەک تەرمێک لەناو ماشێنە بەجێمابوو، حەزم دەکرد، وەک رێککەوتێکی کتوپڕ، ماشێنە ئەو بوونە پڕ لە ئاژاوە و برینەم تووڕهەڵداتە ناو رووبارەکەی "گەلی باڵندە" تا بە دەم گێژەنی شێتانەی ئەو رووبارەوە نیگایە بە سەفەر ئەنگاوتراوەکانی من هەتا هەتایێ سەرهەڵبگرن، ئەو نیگایانەی کە پەیڤگەل و ناخی تاراوگەکراوم ناتوانن ئەو یادەوەرییە تالانکراوەی من بچننەوە.

وەک ئەو رۆژەی
مەرگ لە گەرووی شەپۆڵدا تاوی بۆ دەهێنایین،
کە "ئیوان"ی لانەوازە بوو
بێباکانە دوا داستانی نسکۆکانی بۆ دەبێژایین!" (دوا نوێژەکانی چیا و سەفەری مەحاڵ، 1995)

"گەلی باڵندە"، ئەو دۆڵە عاسێ و دوور و درێژەی کە رووبارێکی سارد قووڵایی ناخی دەبڕێ، لە کاتی "ئەنفال"ەکاندا بوو بە داڵدە و گۆڕستانی هەزران کوردی ئەو دەڤەرە. گێڕانەوەی سەرگوزەشتەکانی بەرەڤان سەبارەت بە "ئەنفال"، وەک راڕەوەکانی ئەو گەلییە، کۆتایی نەدەهات. هەردوو ریزە شاخەکانی ئەمبەر و ئەوبەری "گەلی باڵندە" لە قەڵایەکی مێژوویی گەمارۆدراو دەچوو: هەردەتگوت تووناوتوونێکە لە شوێنپێی زارۆکە سووتەمەرۆیەکانی کۆچ. بەڵام راڕەوی رێگایە دوور و درێژەکانی ئەو گەلییە، کە دەتگوت تونێلی مێژوویەکی بەرهەڵدراوە، بە کاتە شپرزەکانی ئێمە خەتم نەدەبوو.

"من لە کوێم،
بووڵێڵ و سێبەری کاتەکان بە یەک دەچووێنم؟ (سکاندیناڤیا...، مانگ لە باوەشی گوڵەبەڕۆژەی ژوورەکەمە)

ئێوارەکەمان لە سەیرانگای سۆلاڤ بەسەر برد. پەلیکانە بەردینەکانی سۆلاڤ تا سەر مەتین بەلەدی کردین. شنەبایەکی فێنکی ئەو جۆگەلەی، کە لەسەرەوە لە سەرچاوەی کانییەکەوە بە تەنیشت پلیکانەکە دەهاتە خوارێ، یادەوەری ئاوپرژێن دەکردم. بیرم لە چەشەی هونەری ئەو پلیکانە دەکردەوە، کە هاوئاهەنگییەکی جوانی لەگەڵ سروشتی شاخ و سۆلاڤ هەبوو. دەمویست لەو راستییە دڵنیابم کە لە دوای رژێمی بەعسەوە لەلایەن کورد دروست کرابێت، کەچی بەرەڤان لەوە دڵنیای کردمەوە، کە کاتی خۆی بە بڕیاری سەددام وایان دروستکرد. لە راستورانێک دانیشتین، کە وەک زۆرینەی راستورانەکانی تر، خاڵی بوو لە خەڵک. دوای تاوێک لەبەر ساردی خوڕەی ئەو جۆگەلەی کە بەناو رەستورانەکدا گنگلی دەدا، بەرەو ماڵی بەرەڤان رۆیشتین.

ئەوەی کە لەمێژبوو بە دوای تێگەیشتنی دەگەڕام، باری رۆشنبیریی شاری ئامێدی و دەڤەری باهدینان بوو، بەڵام وەک تێگەیشتم، لەم شارەدا تەنیا ناو و خانووی رێکخراوی پارتین کە ژیانی رۆشنبیریی دەنوێنن. بەرەڤانی هاوڕێم، دەکۆشا لە هۆکارەکانی نەبوونی رەوتێکی چالاکی کولتووری لە

شارەکەی، ئامێدی، ئاسۆیەکم بۆ بدۆزێتەوە، کەچی گشت ئەو هۆکارانەی کە ئەو باسیدەکردن، نەیاندەتوانی گومانەکانی من لە نەبوونی ژیانی وشە لەم شارە مێژووییە بنەبڕ بکەن. بەهەمە حاڵ، ئەمەش ئاستەنگێکە کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و رەفتاری سیاسی بەرهەم هێنەریەتی و ئاخاوتن لەسەریان بێنێکی درێژی گەرەکە.

دوای سێ رۆژ بەسەربردن لە میوانداری گەرمی ماڵی بەڕەڤان و گەڕان بە شوێنەکانی ئەو دەڤەرە، بەرەو هەولێر بەڕێکەوتم.

## 6

ئێستا ستۆکهۆڵم وەک کەشتییەک بەدەم سەفەرێکی دوورەوە، لەبەر نمە بارانی هاوینێکی لە هەتاو تۆراودا وێل بووە. پۆلە چۆلەکەیەکیش، کە رەنگە تازە کۆچەکەیان کۆتایی هاتبێت، تاو نا تاوێک، کۆپلە کۆپلە، بە چرینی سەرگوزەشتەی یادەوەرییەکانییان، شەوەکە و نیگایە بزاو و سێرەگرتووەکانی من تەنگەتاو دەکەن. دەنگی ئۆتۆمۆبیلێک بە هانکە هانک مەودای بیستنم جێدەهێڵێ، چۆلەکەکانیش بێدەنگ دەبن و بواری هۆنینەوەی شوێن پێیەکانی سەفەر بۆمن دەڕخسێنن: لە ئێوارەیەکی خۆڵباران دیواری دەرەکی قەڵای هەولێر، کە بە دەستنووسێکی ئاڵۆز و گەچراوی دەستی مێژوویەکی تاڵانکراوە دەچوو، گەمارۆ درابوو. ناو هاولێریش لە قۆمەتە خۆڵی ئەو جورجانە دەچوو، کە کاتی خۆی مەراقم بوو، کە بزانم چۆن ئەو جورجانە لە ژێر زەوییەوە بە هەڵدانەوەی خۆڵ ئەو دیمەنە زیکزاک و ئەندازەییانە لەسەر خۆیاندا ساز دەکەن. بەڵام ئەگەر دیمەنی قۆمەتە خۆڵەکانی جورجە کوێرەکانی ژێر ئاخ، یارییەک بن لە غەریزەی ژیان، یان هێمایەک بن لە مانای شوێنی گیانەوەرانەی ئەو جورجانە، کەچی دیمەنی ناشیرینی خانووە نیوەچڵ و خۆڵە هەڵدراوەکانی ناو شاری هەولێر، رەنگدانەوەیەکن لە پاشخانی ئەقڵ و ناو هاوئاهەنگییەی ئەو سیستەمە باڵادەستە. ئەو دیمەنەش گەمەیەکە لە گەمەکانی پەیوەندی بازرگان و لێپرسراوەکانی ئەو دەسەڵاتە. بەڵام ئەوەی کە وایدەکرد ئەو دیمەنانەم لە زەین فەرامۆشبکات، دیداری چەند هاورێ، خزم و شوێنگەلێکی یادەوەری لاویەتی بوون.

**"ئەم شارە بۆ من،**
**ئێوارەیە و لە ئێوارانیش ناچێ.**
**سەرم بەرەو کوێم رێدەکا؟** (دوا نوێژەکانی چیا و سەفەری مەحاڵ، ئاوڕدانەوە).

چەند رۆژێک بەر لە گەڕانەوەم بۆ کوردستان، جەمال پیرە، ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "نما" و ناوەندە رۆشنبیرییەکەی، هەواڵی دەرچوونی ئەو کتێبەی کە وەرمگێڕا بوو، "فەلسەفەی

کۆچەری" پێڕاگەیاندم. سامانی منیش، ئەو سامانە ماددییە نەبوو، کە زۆرینەی خەڵکی ئەوروپانشین لەگەڵ خۆیان بۆ کوردستانی دەبەنەوە، کە ئەمڕۆش، مخابن، خەڵکی کوردستان بەو سامانە ماددیانە، جەغت لە بەهای کەسێکی ئەورووپی نشین دەکەنەوە، بەڵکو تەنیا ئەو کتێبە و دوو کتێبی تر بوون کە بۆ چاپ لەگەڵ خۆم بردبوون. ئاخۆ منی ئاوێزان بە نووسین و سەرقاڵ بە خوێندنی زانکۆ، بێجگە لە بردنەوەی بیرۆکە و زانیاریی ئەو ئەوروپایە، چیتری هەیە بکاتە دیاری ئەو شوێن، یادەوەریی و هاوڕێیە هاوولاتیانەی، کە بە بەها و گرینگی وشە سەرەتاگەکانی ژیانی منییان خەملاند؟

هەر چۆنێک بێت، کۆمەکییەکانی شێروان خدری روح قەرەجی و هاوڕێ، عەبدوڵموتەلیب عەبدوڵای شاعیر و هاوڕێی بێدەنگی، جەمال پیرەی سەبورتر لە ئاو و ئیسماعیل کوردەی لاتەریک و ئامادە لە دیدارە دۆستانەکانمان. وێڕای حەمە عەباسی شاعیر و هاوڕێی دێرینەم، لە جوانکردنی شوێن، لە دیدار و چاپکردنی ئەو کتێبە و نووسینەکانم، لە خۆم دڵسۆزتر بوون. ئەو کاتە ناسکانەی، کە لەو سەردانەدا لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە، بەسەرم بردن، تەنیا جوانییەک بوو کە هانمبدات لەگەڵ شوێن دڕدۆنگی ژیانی ئەمڕۆی کوردستان و یادەکانی رابردوو ئاشتم بکاتەوە.

بەڵێ، "فەلسەفەی کۆچەری" و دیمانەی ئەو هاوڕێیانە تاکە شوێنێکی درەوشاوەیە کە لە یادەوەری ئەو سەردانەدا دەمێننەوە. رووداو و دیمەنەکانی تری کوردستان، بێجگە لەو شوێنانەی، کە ئەمەکدارانە بۆن و رەنگی یادەوەری رابردووی منییان کاڵ نەکردۆتەوە، مایەی پەرێشانی نیگای تاراوگەیی من نین. مەزەندەشم خەریک ناکەن، چونکە لە ئاگایی من، کەم و زۆر، کتوپڕ بە ئاکار و رەفتارەکانیان شاگەشکەیان نەکردم.

لێرەوە، ئەگەر لەو پانتاییە رۆشنبیرییە بازاڕێنراوەی ئەمڕۆی کوردیدا، ئەو کتێبە بکەوێتە ناو قووڕگی فەرامۆشییشەوە، بەڵام ئەوەندە بەسە کە ئەو هاوڕێیانە وەک دیارییەکی من وەریبگرن. دەبا وەک رۆناکییەک لە وشە، کتێب بکەینە دیاری ماڵ.

7

حەوسەڵەی وەڵامە خەمهێنەرەکانی ماڵەوەم نامێنێ و تەلەفۆنەکە دادەنێمەوە. دەچمە باڵکۆنی ماڵەکەم، جیرانەکەمان بە سوێدییەکی داگیرکراو بە ئاوازی زمانی ئیسپانییەوە لە کێشەی تێرۆریزم و هەواڵی ژیانی تاراوگە بوونم لە ماڵەوە لێ دەپرسێت. وێنە و رووداوەکانی کوردستان، وەک رەوە باڵندەیەک لە زەمانمەوە هەڵدەفڕن و ئەویش بە سەیرکردنێکی مەیل ورووژێنەوە جیاوازی ژیانم بۆ شیدەکاتەوە. لە هیکرا جودا دەبینەوە. وێنەی ئەو گوێدرێژەی کە بە دیوی دەرەوەی جەمخانەی کتێبخانەکەی ژوورەکەمەوە نووسابوو، رامدەگرێ. بەسەر وێنەی قەڵاتی هەولێرەوە، کەرێکی جوان سەری بۆ شەکرۆکە دڕک شینەکەی بەردەمی دەنووشتێنێتەوە. نیگای تاراوگەش بەسەر پشتی ئەو کەرەوە سەرهەڵدەگرێ.

"ئەوە چ زەنایەکە بە مەدودایەکانی نێوان ئێرە و ئەوێ خەریکمدەکا؟
ئەوا ئەم ژوورە بۆ گومانکارەکەی سەر کورسی،
جێد... دێڵم." (سکاندیناڤیا...)

زۆر جار کە ماڵەوە بە دووپاتەبوونەوەی ئەو حیکایەتە بێهوودانەی، کە من دوای ئەو هەموو ساڵە پێشمەرگە بوومە، کەچی نە مەعاشم وەرگرتووە و نە خاوەنی "پارچە" عەردێکم ، بەرۆکیان دەگرتم، دەهاتمە دەرەوە. لەبەر سێبەرێک، یان هەوارێک هاورێیەکانم دەبینی. گەرمای وشکی هەولێر هەنگاوەکانی شپرزە دەکردین. لەناو تێکقژانی خەڵک و ماشێنەکانەوە عارەبانچییەکان بە دەم سرپینەوەی شریتەی دڵۆپە ئارەقەکانیانەوە، وەک مێژووی شەکەتی کورد، عارەبانە بارکراوەکانییان قورس قورس بە دوایاندا دەخولایەوە.

دەمویست مانایەک لە نێوان ئەو دیمەنە خەمینە و بانگەشە گەرمەکانی ئەو کۆمەڵگایە مەدەنییەی کوردستان بدۆزمەوە، کە گۆڤارە قەبەکانی کوردییان داگیر کردووە. لە هەولێری پایتەختی کۆمەڵگای "مەدەنی"دا تەنیا کتێباخەنەیەک هەیە، کە بە میرات لە سەددامەوە بەجێماوە. لە کوردستانی پڕ گوڵی سروشتیدا، گوڵە نایلۆنەکان ماڵەکانی تەنیوەتەوە. لەوەش سەیرتر، بووکەکانی کوردستان، کە تاکە رووداوە لە ژیانیان، گوڵە نایلۆنەکان لە رۆژی گواستەنەوەیان بە دیاری وەردەگرن. بەڵێ، هەرچەندە من لە وڵاتی سوێد هەموو تیۆرییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و شێوازەکانیم خوێندبوو، کەچی نەمتوانی لە زۆر لایەنی تیۆری کردەوەیی ئەو کۆمەڵگایە مەدەنییەی کوردستان تێبگەم. من لە هیچ کۆمەڵگایەکی مەدەنی رۆژئاوا، نەمبیستبوو کە ئەگەر خزمەتگوزارێک، یان مامۆستایەک داوای کار بکات، دەبێ تەزکییەی حیزبی باڵادەستی هەبێت! بەهەمە حاڵ، من زۆر شتم لەو کۆمەڵگایە مەدەنییە بینی و بیست، کە رەنگە جۆرێک بن لە پێشڤەچوونی تیۆرییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، پێشتر نەمبیستبوون و نەمبینیبوون. لێرەش حەوسەڵەم نییە ئەو هەموو تیۆرییە بژمێرم.

بەدەم ئەو تێفکرینانەوە دەکەوتمە دوای هاورێیەکانم. کە شەقامە تەنگەبەرەکان تەنگەتاوییان دەکردین، دواجار سەرمان بۆ یەکێک لەو نادیانە هەڵدەگرت کە مۆڵگەی نووسەران و مەیخۆران بوون. شەوانە حەوشەی ئەو نادیانە، کە تەنیا پیاو بوون، بە کێڵگەی قەلەرەشەکان دەچوون. لە هیکرا بارە ئاپۆرە لە ژنە رەنگاورەنگەکانی سوێدم بە بیر دەهاتنەوە. رەنگە بە ئاسایکردنی ئامادەیی ژن لەو نادیانە و شوێنە وێکچووەکانی، کەمێک لە باری گرژ و ئاڵۆزی پیاو خاوتر و ناسکتر بکاتەوە. هاوکاتیش ئەو بە گرێبوونە لە وێناکردنی ژن کەمێک بەرەو سروشتی بوون بڕوات.

هەر یەکێک لەو هاوڕێیانەم بە چەندان شێوە لە یەکتر جودا دەبوونەوە، بەڵام ڕەنگە میهرەبانی و لاتەریکی ئەوان لەو واقیعە شێواوەی نووسەرگەلە مشەخۆرەکانی ئەوێ، کە دەرهێنەر و ئەکتەری هەموو شانۆیەکانی خۆ خۆری و پاڵەوانی وەرزشی زارەکی، یان بە واتای مەسعود موحەمەد، زار قەڵەباڵغن لە بەکارهێنانی دەستەواژە فەلسەفییەکان، هۆکارێک بن بۆ زەمینە خۆشکردنی پەیوەندییەکانمان. دەکرێ شتگەلێکی چکۆڵانەش بن، کە وابکەن من خۆشیم لەوانە بێت. چوزانم! ئەگینا لەمێژە من گەلێک لەو نووسەرە خاوەن دەسەڵاتانەی هەولێر دەناسم و بەشێکیش لەوانە، بەر لەوەی وا دەست درێژ بن بەسەر پانتایی نووسینی کوردیدا، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا لە یەک ژوور خەوتینە، پاشان ڕۆژگارێک نامە گۆڕینەوەمان لەگەڵ یەکتر هەبووە. لەوەش زیاتر، ڕۆژگارێک کە تا وا بە پوڵداری، نەک ژیانداری، لووتبەرز نەبوون، یان وەک خۆم ئاسا خاکی بوون، کۆمەکی ماددی و مەعنەویم کردوون. کەچی کە هاتمەوە، بێ ئەوەی من پێویستم بە منەتبار کردنی ئەوانە بێت، ڕەنگە لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوو بن، وەک ئەوەی کە ئەمڕۆ باوە، سرە بۆ زیارتکردنییان بگرم. گەلۆ چما بەرژەوەندخوازی و پارە و پوڵ، زۆر جار، مرۆڤ دەعەجان دەکەن؟

**"لە خۆم دەپرینگێمەوە و**
**بە پێکەنینێک هێڵە خاو بۆوەکانی دنیا رادەچڵەکێنم،**
**لێدەگەڕێم ڕەنگی شادمانی و تروسکایی مەلەکوت**
**بۆ ناو ئەو گۆشانەی روح کە من بە نازانم دۆشداماو دەکەن،**
**پەلکێسشم بکەن"** (سکاندیناڤیا...)

ئاپۆرەی خەڵک و سەرابی ماشێنەکان، نەک هەر گەرمای هەولێری زیاتر دەجۆشاند، بەڵکو بێدەنگی موتەلیبیشی شێلو دەکرد.

بیرکردنەوەکانی موتەلیبی هاوڕێم لە ژیانی ئەمڕۆ و زمانی نووسیندا، بێدەنگییەکەی ئەوی خەستتر کردبوو. بۆیە موتەلیب وەک شاعیرێک، شیعرەکانی نمایشێکن لە جولەی بێدەنگییەکانی. کەچی کەریم کاکە هاوڕێی دەورانی پێشمەرگایەتیم، وەک سێبەرێک کە پێناچێت بڕەوێتەوە، هەندێک جار، وەک لەرینەوەیەک لە بێدەنگییەکانی، بۆ ئەوەی ئامادەیی خۆی لە هاوڕێیاتی دیدارەکان جەغتبکاتەوە، بە دەربڕینێکی گاڵتەئامێز و هەمیشەش کورت، تیشکێکی دەخستە سەر ژیانی ئەمڕۆی کوردستان. لەو قسانەی کە ئەو لە ریگای قسەی نەستەقی کوردییەوە پێناسەی ژیانی کۆمەڵگای کوردی دەکرد: "ئاشی نەزانان خوا دەیگێڕێ" بوو. ئیتر دوای ئەوە پشتی لە بێدەنگییەکەی لێدەکردەوە. هەروا شیعر نووسینی کەریم کاکە، بە هەمان مجگێزی بێدەنگییەکەی لە دایک دەبێت. لەو کاتانە برێک جار، بە دەم

خەیاڵاندنی خۆمەوە زۆر بیرم لە خاسڵەتی بێدەنگیی ئەو هاوڕێیانە دەکردەوە. لەوانە گێڕانەوەی ئەو بێدەنگییە بۆ سروشت و کەژ و هەوای هەولێر و پێکهاتە کۆمەڵایەتییە لێکناکۆکیی و مێژوویەکانی و ...، کەچی ئەوانە هەموویان بۆ بیرکردنەوەکانم نەبوونە بیانۆیەکی بنەبڕ. ڕۆژێکیان بەدەم گفتوگۆی باسێکی نێوان من و موتەلیبەوە، سەبارەت بە کێشەی زمان، موتەلیب باسی ئاستەنگی شێوە ئاخاوتنی هەولێری دەکرد: مرۆڤ کە لە نێوان مەرجی ئەو ئاخاوتنە و مەرجی ئاخاوتنی ڕۆشنبیرییدا، تووشی ئاستەنگێک دەبێت، کە وادەکات مرۆڤی هەولێریی کەمدوو قوڕس بئاخڤێ، یان گرفتێک لەبەردەم دەربڕین دروست بێت. موتەلیب دەیویست  بە هێنانەوەی ئەو هۆکارە وەڵامێکی قووڵ بۆ ئەو بێدەنگییەی خۆی بدۆزێتەوە، بەڵام شەپۆڵێک لە دەربڕینی گومان رووخساری ڵێڵدەکرد.

هەرچەندە حەمە عەباسی هاوڕێی و شاخ و ئەمەکدارم، بە ئاکار کۆمەڵایەتیتر دیارە، بەڵام ئەویش لەو بێدەنگییە پشکدارە. حەمە هەمیشە بەرەو سادەیی دیدارە مەحشەر خۆشەکاندا دەشکێتەوە. ئەو بە زۆری، لە گفتوگۆیە ڕۆشنبیرییەکاندا گوێگری هەڵدەبژارد، بەڵام کە دەبووە ئاهەنگ و بەزم، دەبوو بە تەپڵ لێدەر و گۆرانبێژێکی بزێو  و سەمای گەرم دەکرد. لە شیعر و نووسینەکانی حەمە عەباسدا، جۆرێک لە نەوای گۆرانی و گەڕانەوە بۆ سادەیی، یان مجگێزی خۆش ئامادەییان هەیە.

شێروان خدری بێماڵیش، کە دووەم جار بوو ببینم و لە دوورەوەش وەک برایەکی هاوڕێ لە ڕێگای مەیل و چاتەوە چەندان شەڕ و گفتوگۆی فرە ڕەنگمان هەبوو. شێروان وەک چۆن بە سەرکێشی خۆی بووە پسپۆڕی تەکنیکی کۆمپیوتەر، بە هەمان شێوەش، ماوە ماوە، مەیلە سەرەڕۆیەکانی خۆی لەناو شیعر و نووسینەکانی دەتەقێنێتەوە. هاوڕێیە تازەکەشم جەمال پیرە جەستەیەکە لە مەیلی چاڵاکی، بەڵام ئاراستەکانی هێشتا نادیارن. هاوڕێیەک کە جێگەی بڕوایە لە ساتە سەختەکاندا ئامادەیی هەبێت. وەک نووسەرێکی نوێ، بە شێوەیەکی ئیدیالی حەز دەکا هاوڕەوتی ئاسۆیە نوێیەکانی ژیانی ڕۆشنبریی بێت.

## 8

لەگەڵ هەنگاونانی ئێمە بەناو شاری هەولێردا، زەردەواڵەی تیشکەکانی هەتاوی هاوین ئەو هاوڕێیانەی  بە هاوار دەهێنا و تووشی سواربوونی ئۆتۆمۆبیلیان دەکردم، بۆیە زوو لە بزێوی و ڕەنگی تەڵخی منداڵە بۆیاخچییەکان وندەبووین. هەرچەندە ئەو منداڵە بێنازانەی کوردستانی سەروەت و سامان خوراوی دەسەڵات و دەوروبەرەکەی، دەیانبینی پێڵاوەکانی من هی بۆیاخکردن نین، بەڵام، هەروەک جەغتکردنەوەیەک لە مانای خۆیان، هەر ڕستەی "مامۆستا پێڵاوەکەت بۆ سبوغ بکەم"یان دەگۆتەوە. نەعلەکەی منیش هی بۆیاغکردن نەبوو، بۆیە دەمگوت خۆ خودی پێیەکانم بۆیاغناکرێن. هەموو جارێ موتەلیب، کەریم کاکە و حەمە عەباس، یان جەمال پیرە، بە هەراسانبوونیان لە دەست گەرمای شەقام،

دیواری بۆن کرووزی هەولێر نەیاندەهێشت تێر بم لە تەماشاکردنی ئەو کتێبانەی کە ناونیشان و وێنەی کیژە مەمک و قاچ مەیلەو رووتەکانی سەر بەرگ و دوا لاپەڕەی رۆژنامەکان، کە بە گوێرەی بیرکردنەوەی من، نە ئەو ناونیشان و نە وێنەی هەوەس بزوێنی ئەو کیژانەش، هارمۆنییەکیان هەیە لەگەڵ ژیانی شەقامی پڕ لە پیاوی بچم تووڕە و شەکەتی ئەو شارەدا. لە پڕ "حەمە شێت" لە یادەوەریمدا بە جل و ریشە سپییە درێژەکەیەوە بە کۆڵانێکی ناو قەیسەری هەولێردا تێپەڕدەبوو و لەبەر خۆیەوە دەیگوت: "خوایە بگە قەومەکەت ئاسن کوشتی". ئەو شێتە رووخسار نوورانییە لە کۆتایی حەفەتایەکاندا لە کێشەی "ئاسن" نیگەران بوو. ئەوکات من لەو هاوارنامەی "حەمەشێت" تێنەدەگیشتم، بەڵام دەکرێ ئەو "ئاسن"ە، وەک هاوردەیەک بۆ کێشەی ئەو "تەکنیک"ەی کە ئەمڕۆ کوردی سەرگەردانکردووە، بخوێنینەوە. ئەمڕۆ خەڵکی ئەو شارەی "حەمە شێت"، وەک یارییەکی منداڵان "تەکنیک" بەکاردەهێنن.

ئەو ژنانەی کە بە منداڵە ساوایەکانی کۆشیانەوە لەناو کۆڵانە تەنگەبەر و عاجباتییەکانی شێخەڵڵا دەرۆزەیان دەکرد، ئاوازی پاڕانەوەکانیان بۆ خێر پێکردن هێندە خەمهێنەر بوو، ئیتر نەمتوانی ئەو بازاڕە سیخانخکراوە لەو هەموو شتە بێ پەیوەندییانە لەگەڵ یەکتردا، ببینمەوە. لەوەش ناخۆشتر، قەڵس بوونی ئەو هاوڕێیانە بە خۆ نمایشکردنی هەتاو لە بەهایەکانی گەرمی خۆی بوو، کە تاوێک هێور نەدەبوونەوە تاکوو گوڵەبەڕۆژە فرۆشێکی سەنگسار کەمێک گوڵەبەڕۆژەم بۆ لەناو ئەو رۆژنامانە بکات، کە لەبەر هەواڵ و راپۆرتە پفکراو و لێکچوونیان لە یەکتری، روویان زەرد ببوو. تێپەڕین بە بازگەکانی ناوشاریش بە فێربوونی سڵاوێک لە شێوازی بەرپرسیارانە، یان سواربوونی قەمەرەی "مۆنیکا"، لە سەر ئێشەی شریتەی راوەستانی ئۆتۆمبیلەکان و گومانی تێرۆریست بوونت رزگارتدەکات. لەو رۆژانەی کە دەهاتینە ناو شار، دەمویست ژمارەی ئەو ژنانە بزانم کە دەمنادەمێ، وەک باڵندەی راونراو تێدەپەڕین و ئاپۆڕەی چاوی پیاوە راوچییەکان بەدوای سمتیان دەکەوتن.

"نا: بە خۆمان رێگاکانمان وێڵ کرد و راوەستاین،
شارەکانیشمان بە خنکاوی جێدەهێشت.
لێرە بوو،
لەوێ نا، دەزانم!" (سکاندیناڤیا...، مانگ لە ئامێزی ژوورەکەمە)

هەروەک پۆلە چۆلەکەیەک لەسەر درەختی خەیاڵاندنەکانم بەناو تاراوگەی بەر باران هەڵبفڕن، نیگام بە دیمەنەکانی سەر کەنار دەریاچەکانی سوێد لەنگری دەگرت. جەستەگەلێکی رووت لە ژن و پیاو لەبەر هەتاوێکی مەیلەو گەرمدا بەسەر ئەو گیایە سەوزانەدا دەبریقانەوە. تیشکەکانی هەتاویش لەسەر

مەمکە سرک و تورت و ران و سمتە لووسەکانی ژنەکان  خپ دەبوون، بێ ئەوەی نە ئەو پیاوانەی کە لە تەکییان راکشا بوون و، نە ژنەکانیش ئاوڕێکی هەوەسییانە لە یەکتر بدەنەوە.

تێکچرژانی ئاپۆرەی خەڵک و هۆڕنی ماشێنە کوێرەکان، مەیلی وردبوونەوە لە شتە فرێدراوەکانی سەر شەقامە بێ شۆستەکانی خاودەکردمەوە. بەڵام مخابن دەرفەت نەبوو لە دەمی  ئەو رۆناکبیرانەی کە دێن بۆ "چایخانەی مەچکۆ"،  گوێ لە دەستکەوت و هەنگاوەکانی ئەو "کۆمەڵگایە مەدەنی" ەی کوردستان بگرین. کاتی ئەوە نەبوو کە لە دوای تەواو بوونی قسەکانیان لەمەڕ سەرکەوتنەکانی ئەو "مەدەنی"یەتە، پرسیاری ئەوەیان لێ بکەم، کە لە کۆمەڵگایەکی مەدەنییدا، ئایا رەوایە ئەو هەموو منداڵانە لەبەر دەرگای "مەچکۆ" و دەوروبەرەکەی کاری حەماڵی و سبوغی بکەن؟ ئاخۆ ئەو "مەدەنی"یەتە تەنیا بۆ منداڵی لێپرسراوەکانی حیزبە؟ ئاخر لە کۆمەڵگای مەدەنییدا منداڵ نابێ ناچاری کار بکرێت. ئەو کۆمەڵگایە مەدەنیەی کە بیر لەو منداڵانە ناکاتەوە، کە لە باوەشی ئەو دایکە بەدبەختە سواڵکەرانە گەورە دەبن، چۆن نەوەیەکی مەدەنی پەروەردە دەکا؟ ئەو دەستەواژە هەموو رۆژێک، وەک قسە لە رۆژنامە "نامەدەنی"ییەکانی ئەو وڵاتە فرێدەدەرێن. ئەو دەمانە وێنەی ئەو فەیلەسوفەی گرێکی کۆنم بە یاددەهاتەوە، کە رۆژێک لە نوێژی نیوەڕۆدا بە فانۆسێکی دەستییەوە لە شەقامەکانی "ئەسینا"دا دەسووڕایەوە. کاتێک خەڵک لێی دەپرسن بەو نوێژی نیوەڕۆیە ئەو فانۆسەت بۆچییە، ئەویش وەڵامی ئەوەبوو: "لە مرۆڤ دەگەڕێم". دواجار ئەو فەیلەسوفە لە داخی نەدۆزینەوەی مرۆڤ، تا مرد، ژیانی لەناو بەرمیلێکی داخراودا بەسەربرد. بەڵێ، حەزمان دەکرد، ئەوجارە لە "کۆنفرانس"ی داهاتوو، یان لە "دیمانە و چاوپێکەوتن"ەکانی راوێژکاری "کێشەی ئافرەت و ژنانی کوردستان" ئەوەمان بۆ روونبکەنەوە: بۆ لە کۆبوونەوە و قسەکانی سەر تەلەڤزیۆن و رۆژنامەکاندا، مافەکانی ژن و ئازادییەکانی هێندە بوژاوەیە، کەچی ئەمڕۆ ئەو هەموو کیژە لە دوای پۆلی شەشی سەرەتایی و دووی ناوەندی ناچار دەکرێن واز لە خوێندن بێنن؟ بۆ ژنێکی تەنیای "مەدەنی"، نەک سەرتاپا داپۆشراو بە جلی گەرم،  زۆر بەدەگمەنی لەناو شاری هەولێردا دەبینرێت؟ بەڵام دەترسم ئێوەش بە وەڵامێکی سۆسیۆ_مەدەنیی و شارییەوە بڵێن ئەوە مێژوویەکی کۆنی کولتووری هەولێرە؟! دەبا ئەو فێمینیستانەی ناو تەلەفزێۆن و راوێژکاری "ئافرەتانی رێکخراوە حیزبی"ەکان راڤەیەکی ژنگەرایانەمان لەسەر ئەو دیاردەیە بۆ بکەن: ئاخۆ مەلا ژنەکانی کوردستان بە هونەری نووشتە و  بەخت هەڵهێنانەوە کاریگەرییان بەسەر ژنانی کوردستان  زیاترە، یان ژنە فێمێنستەکانی پشت مێز و نوێنەرەکانی ناو پەرلەمان و رێکخراوەکانییان؟

بەڵێ، هەولێری ئەمجارە، وەک هەولێری رابردوو ئارام نەبوو، بەڵکو هەولێری ئێستا، بە گەرەلاوژەی ئۆتۆمۆبیل، رەنگی خەمۆکی خانووە  نیوەچڵە بە بلۆک دروستکراوەکانییەوە، وەک یادەوەرییەکانی من، لە شارێکی "تالانکراو" دەچوو.

"لەوێوە کۆڵانە و خەون دەبینیێ؟
کۆڵانێکە منداڵێتی بانگ دەکا..." (سکاندیناڤیا...، خەونزان)

ئەو شارە لە چەندان گەڕەکی تازە، کە پێکهاتەیەکن لە تیرە و خێڵەکان، چەند تەلاری بەرزی لە نموونەی شیراتۆن، کە لە ناوەڕاستی شاردا قووتکراونەتەوە، وێنای هەرارکی دێهاتی ئاغایەک، یان پێکهاتەی خێزانێک و باوکێکی دەمڕاست و ئەندامەکانی ژێرەوە، دەنوێنێت.

هەر لە دیمانەی یەکەمی ئەو شارەدا مرۆڤ هەست بەوە دەکا، کە میکانیزمی دەسەڵات، لەسەر شێوازی هەرارکی سیستەمی باوکسالاری حوکمدەکا. بۆیە هاولاتییەکانی کوردستان کە لەمەڕ ئەو حوکمەتە دەدوێن، باسی قانوون  و دام و دەزگایەکان ناکەن، بەڵکو ئاماژە بە چەند ناوی ناسراو دەکەن. چونکە ئەو ناوانە وەک هێمایەک لەو دەسەڵاتەدا، هەم خۆیان قانوونن و ، هەمیش پیادەکەری قانوون. بۆ نموونە، کە هاوولاتییەک بە دوای کار و بارێک، ئەرکێک، کێشەیەک و ... هتد دەچێت، ناڵێت دەچمە دائیرەی پەروەردە، شەهیدان، زیندان و ... هتد، بەڵکو باس لە ناوی لێپرسراوێکی دیاریکراو دەکات، کە ئەو کارەکەی بۆ دەکات و بریاردەری دوای کارەکەشە.

لێرەوە بانگەشەی "کۆمەڵگای مەدەنی" کوردستان دەبێتە قسەیەکی کۆمیدی. چونکە لە سەرتاپای کوردستاندا،  تاکەکەسەکان وەک ئەندامێکی جەستەی دەوڵەت خۆیان پێناسە ناکەن، بەڵکو وەک وابەستەی پیاوێکی بالادەست خۆیان ناس دەکەن، کە ئەمەش نموونەی هەرارکی ئەقڵی کۆمەڵگای خێڵە. میکانیزمی ئەو هەرارکییەش لەسەرتاپای توێژەکانی کۆمەڵگای کوردیدا: لە نووسەرانەوە بگرە تا دەگاتە توێژی کاسبکاران، کارایە. نووسەر لە رێگای قانوون و مەرجەکانی لە مافەکانی خۆی نادوێت، بەڵکو لە رێگای ناوی کەسێکی بالادەست، کە رەنگە زۆر جار ئەو کەسە هەر پەیوەندی نییە بەو بوارەوە. لێرەدا نموونەی دکتۆری کشتوکاڵ، ئەلوەند دزەیی، کە سەرۆکی کۆلیژی پەروەردەیە لە زانکۆی سۆران، ناوەڕۆکی گاڵتەجارانەی "پەروەردە"ی ئەو دەسەلاتە رووتدەکاتەوە. دەکرێ بپرسین: ئەلوەند دزەیی کە ئاغایەکە و بە مەنهەجی سەردەمی بەعس کشتوکاڵی خوێندووە، باشە، چۆن دەتوانێ بە "زانیاری کشتوکاڵی"، نەوەیەکی نوێ کە لە ژیانی پەنابەری وڵاتێکی ئیسلامی وەک ئێران و پاشماوەی ئەنفالی سەددام لە دایکبووە، پەروەردە بکات؟ دواتر، لەو بەشەی، کە چووم بۆ لای ئەلوەند

دزەیی، تا وەک مامۆستایەک لەمەڕ وانە گوتنەوە لە کۆلیژی سۆران، لەگەڵیدا تووشی شەڕ، نەک گفتووگۆ ببم، دێمەوە سەر نمایشکردنی "شانۆ"ی ئەلوەند دزەیی و بۆینباغە کشتوکاڵییەکەی.

بۆیە ئەمڕۆ لە کوردستاندا زۆرن ئەوانەی کە لە دائیرەکان بەڕێوەبەر و کارمەندن، کەچی نە لەو پیشە خوێندوویانە و نە ئەزموونیشیان هەیە.

**"سنوورەوان و پاسەوانە خێڵ و بێ ئەزموونەکانی مێژوو،**
**فریودەرەکانیش، بە خولیای دۆڕانە فەرامۆشکراوەنان،**
**دەستپەڕیان لێدەدا."** (سکاندیناڤیا... ، مانگ لە ئامێزی گوڵەبەڕۆژەی ژوورەکەمە)

هەردوو دەسەڵاتی کوردی، بە ئاگا و بێ ئاگا، بە هۆی هەر بەهانەیەک بێت، بەرپرسیارن لە ئاراستەکردنی ئەو کۆمەڵگایە بە هەرارکیکراوە. هەر بۆیە ناونیشانی زۆرینەی شوێنەکانی ناو شارەکانی کوردستان، بەناوی مزگەوت، خانووی لێپرسراوێک و گەڕەکی فلان خێڵ... دەناسرێنەوە. لێرەدا دیاردەکانی شار و کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەتی قانوون، لە ژیانی کۆمەڵگادا نابینرێن، بەڵکو تەنیا لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە دەبیسرێن.

لەوێ لە کوردستاندا، ئامانجی تاکەکەسەکان، وەک هێگل باسی دەکا، لە دواجاردا لە بونیاتنانی دەوڵەتدا بەرجەستە نابێتەوە، بەڵکو ئامانجی ئەو دەسەڵاتەی کوردی، بەرهەمهێنانەوەی روانگەی هەرارکی خێڵە لە بۆتەی دەسەڵاتێکی بەناو هەڵبژێردراو و مەدەنییدا.

دەکرێ دیمەنی بانگەشەکانی نووسەرانی ئەو حوکمەتەی کوردستان لەگەڵ شوانێک، کە مۆبایل تەلەفۆن بەکاردێنێت، یان لە کەناڵەکانی سەتەلایتەوە دیمەنەکانی سەرتاپای جیهان دەبینێت، بەراورد بکەین. بەو مانایەی ئەوە بە جیهانیبوونی بازاڕی سەرمایەدارییە کە شوانێکی کوردستانی ناچار کردووە مۆبایل و سەتەلایت بەکار بێنێت، نەک بونیات و مەرجی ژیانی ئەو. بەهەمان تەرز نووسەر و سیاسەتکاری کورد، وەک رەنگدانەوەیەک لە کۆمەڵگا و بونیاتی خۆیان قسە لەو دەستەواژانە ناکات، بەڵکو مۆدەیەکی دەرەکی ناچاری دەکا گوزارە لەوە بکات. بۆیە نە بەکارهێنانی مۆبایل دەتوانێت بونیات و مەرجی ژیانی شوانێک بگۆڕێت و نە قسەکردن لەو دەستەواژانەش مانای گۆڕانی ئاوەزی نووسەر و دەسەڵاتدار و بە مەدەنی بوونی کۆمەڵگایە.

مخابن ئەمڕۆ لە کوردستاندا پرۆسەیەک لە روخانی ئەخلاقی کولتوریی و بەهای جوانییەکان لە ئارادایە. لەو پرۆسەیەدا مرۆڤ بۆ ئەوە هاندەدرێ ببێت بە مەکینەیەک کە هەوەسی ماددی و خەونی رووکەش. خەڵک بۆ ئاکاری دەستەبەرکردنی پارە و وابەستەیی لێپرسراو لە شێوەی وابەستەیی بە سەرۆک خێڵ ئامادە دەکرێت، نەک گەڕان بە دوای خوێندن و فێربوونی پیشە و زانیاریی نوێ. لەو

پرۆسەیەدا خەڵک بە جۆرێک پەروەردە دەکرێت، کە گرنگ نییە کەسێک لە کوردستان و ئەوروپا چۆن دەژیت، بەڵکو گرینگ ئەوەیە، وەک مەکینەیەک، پارە خڕبکاتەوە. بە کورتی مرۆڤ وەک رۆبۆتێک کراوە بە دیلی پارە و بەرخۆری شتەکان.

لێرەوە هاواری "عەدەم"ی نیتشەییانەمان بە یاد دێتەوە، کە لە سەدەی نۆزدەدا پێشبینی روخانی بەهایە ئەخلاقییەکانی رۆژئاوای کرد و جاڕی لە دایکبوونی ئەو مرۆڤە نوێیەی دا. ئەمڕۆ لە کوردستانیش، وێڕای رەهەندە جیاوازەکانی دیاردەی کوردستان و رۆژئاوا، تەنگژەی روخانی ئەخلاق و بەرخۆرکردنی بەهایەکانی مرۆڤ لە قوڵبوونەوەدایە. ئەمڕۆ کۆمەڵگای کوردی، لە بری دروستکردنی ئاگایی نەتەوەیی، بەهای فێربوون، هاندان و پەروەردە کردنی دۆخی کولتووری، برەو بە گیانی کاڵابوونی دەدرێت. ئەو دیاردەیە نووسەرگەل و توێژێکی فرەی بەرهەم هێناوە. بە دەربڕینێکی تر دەتوانین بڵێین، کە ئەمڕۆ سەرتاپای دەزگا و بڵاوکراوە رۆشنبیرییەکان وەک بازاڕێک سەیر دەکرێن، ئەمەش کایە و رۆڵە کولتووریەکانی چەمکی رۆشنبییریی و نووسینی سووک کردووە.

لەم دیدەوە، مەیلی خەیاڵاندنی دەست لەملانێی تاراوگەکراو لەگەڵ شوێن و یادە دڵگیرەکان دەکەوێتە کێشە.

**"مەحوی یش سەری دەبێ بە چرای قەسیدەیەک و**
**لە گفتوگۆیەکدا بەناو گەردووندا رۆدەچێ،**
**بە دوای ماخولیاکدا هێشووەک لە خوا دەچنێتەوە و**
**لەناو تەونە ئاوریشمەکانی بوون دەبێ بە هەوری پرسیارێک، رادەکا و**
**بە هەنگاوەکانی روح ناگات"** (سکاندیناڤیا...)

9

**"شێتێکە و لەناو بێدەنگیدا ئەڤینداری بۆ شەیتان ئاشکرا دەکا.**
**ئەی شاعیر نە تۆ وڵاتێکت هەیە و نە یەو وڵاتەش تۆی،**
**لە دوو دڵی خیانەتی چارەنووسەکان مەپرینگێوە، رابووریٚ ... رابووریٚ...**
**رابووریٚ... را...**
**سڵاو ئەی تاراوگە سڵاو...!** (ساکاندیناڤیا...)

ئەو ئێوارەیەی کە لەگەڵ برادەرە ئەزیزەکان، موتەلیب عەبدوڵا، ئیسماعیل کوردە، جەماڵ پیرە، رزگار بۆرە، حەمە عەباس و دوو هاوڕێی تریش، کە مخابن ناوەکانیانم لە یادم نەماوە، لە "سێنتەری

رۆشنبیریی نما" دانیشتین، یەکێک بوو لەو دیدارانەی کە شوێن پێی لە یادەوەرییم ناچێتەوە. تازە دانیشتنەکەمان بەدەم گفتوگۆ و خواردن و خواردنەوەکانەوە گەرمکردبوو، فەرهاد پیربالّ لەگەڵ منداڵە ژیکەلەکەی رۆدین سەردانی کردین. دەمێک بوو، دوور و نزیک، لەگەڵ فەرهاد پیربالّ یەکترمان دەناسی. فەرهاد دەیزانی مەیلی گەڕانەوەم بۆ کاری وانە گوتنەوە لە زانکۆ هەیە. ئەو وەک مامۆستایەکی ناسراو لە بەشی ئەدەب لە زانکۆی سەلاحەدین، وێڕای دەربڕینی هەستی پێخۆشبوون لە هاندانی ئەو مەیلەی من، بەڵام لە ڕاڕەوی قسەکانییدا حەزێکی هی دڵیانەی ئەوم بەدینەکرد.

هەرچۆنێک بێت، من ئێستا لێرە شوێنپێی نیگایەکان لەسەر هەنیەی تاراوگەدا دەنووسمەوە و لەوێش ژیان بەسەر قەدەری خۆڵبارناندا ئاوالّایە. بۆیە مرۆ دەبێ مانەوەی مانایەکی بەهایە ئەخلاقییەکان نەکات، کە کۆمەڵگای کوردی جاران هەڵگریی بوو. لێرەدا دەبێ بە جەغتکردنەوە بڵێم، کە کێشەی هەڵدێران و مەرگی ئەو بەهایە ئەخلاقییەی ئەمڕۆ جڤاکی کوردستان، هەر تەنیا لە ئاستی دەسەڵاتدا لە ئارادا نییە، بەڵکو کۆی بونیات و پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردی تەنیوەتەوە.

ئیسماعیل کوردە و جەمال پیرە بە میواندارییە دۆستانەکەیانەوە دیدارەکەیان خۆشتر دەکرد. ئیسماعیل کوردە لە دیمانەی یەکەمدا، وەک دیمەنە سەوزایی و دەوەنی رەواندز دێتە بەرچاوان ، لێ بەدەم گفتوگۆوە بەرەو هونەری سەرکەوتن بە رێچکەی نێو شاخ میوانداریت دەکا. هاوکاتیش وەک نووسەرێک، لەبری قسە کردن، بە کردەی نووسین لە ئامادە بوونی خۆی دڵنیات دەکاتەوە.

لەو ئێوارە هۆگرەدا موتەلیب پێشنیازییکرد لە رێگای "بنکەی رۆشنبیریی گەلاوێژی نوێ"دا، کۆڕێک پێشکەشی بکەم. منیش رازی بووم، کە لە ژێر ناوی "گەڕان بەدوای خودێکی رەسەن لەناو مێگەلاندنی ئاپۆرەدا"، لە "باغچەی سەنتەری نما" ئەو کۆڕە، ئەنجامبدەم. بەمەش هەوڵبدەم لە روانگەی مارتین هایدگەرەوە تیشک بخەمە سەر چەمکی خودی رەسەن و ناڕەسەن و دواجاریش، وەک روانگەیەک،، ئەو خودە بەرخۆرکراو و بەحیزبیکراوەی کوردی، بکەم بە ئاکامگیریی ئەو کۆڕە.

لەم ئێوارەیەدا بەر لەوەی کۆڕەکە دەستپێبکات، لە ژوورێک لەگەڵ برادەرانی ناوەندی رۆشنبیریی نمادا دانیشتبووین. لەگەڵ کاتی دەستپێکردنی کۆڕەکەدا، دوو کچی خوێندکاری زانکۆ هاتنە ژوورەکە. یەکێکیان کە خوێندکار بوو لە پۆلی دووەمی کۆلیژی ئەدەب، بە لەچەکێک رووخسارە ئەسمەر و چاوە رەشەکانی گەمارۆ دابوو، رازیش نەبوو تەوقە بکات، ئەویتریش وابزانم خوێندکاری ئابووری بوو، بەڵام ئاوەڵا و بزێوانە ئامادەیی خۆی جەختدەکردەوە. ئەو دوو کیژە خوێندکارە پڕ بوون لە حەزی گفتوگۆ و ژیانێکی کۆمەڵاتییانە. بەڵام ئەو بارە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەی کە ئەمڕۆ رۆناکبیرە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان دروستییان کردووە، نە هەر بواری ئاسانکردنەوە و هاندانییان لەبەردەم ئەو نەوە لاوە، بە تایبەتی کیژە لاوەکان داخستووە، بەڵکو بچمی رۆناکبیر و جەستەی رۆشنبیرییشیان خوێن تاڵ و دزێو

کردووە. هەروا چونکە چالاکییە ڕۆشنبیرییە ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکان، وەک چالاکییەکی حیزبی بەڕێوە دەچن، بۆیە بۆ بەشێکی زۆری خوێنەر و نووسەرانی دەرەوەی ئەو چالاکییە ڕۆشنبیرییە لە قالبدراوانە، مانای ڕۆشنبیریی نین. لێرەوە دەبینین توێژکی زۆر لە خوێنەر و نووسەری ئەمڕۆی کوردستان، لەبەر نەبوونی سەکۆیەکی بێلایەنی ڕۆشنبیریی، هەڵوێستی گۆشەگیربوونی لەو بارە ڕۆشنبیرییە باوە وەرگرتووە.

لێ ئەوەی کە بۆ من خەمهێنەر بوو، تەنیا نەوێرانی ئەو دوو کیژە نەبوو لە ئامادە بوونی کۆڕەکەی مندا، بەڵکو پرسیارە سادەکەی کیژە خوێندکارەکەی ئەدەب بوو، کە حەزی دەکرد تێگەیشتنێک لەسەر چۆنیەتی شیعر نووسین بزانێ، بەڵام وێدەچوو لە کەژ و هەوایەکی نائومێدانەدا دەژی. بۆیە بە دەربڕینێکی سادە گوتی: "حەز دەکەم شیعر بنووسم و نەزانم کوو فێر بم." من شتێکم بە زەیندا نەهات کە لەو دەم و دەستە بتوانێت ئارەزووی ئەو کیژە خوێندکارەی کۆلیژی ئەدەب بەدی بێنێت. جەمال پیرە، وەک بە پیلەوە هاتنی من، خوێندنەوەی کتێب و شیعری بۆ پێشنیاز کرد. بەهەمە حاڵ، وەک بزانم زۆرینەی مامۆستایەکانی کۆلیژی ئەدەبی زانکۆی سەلاحەدین، نووسەر و شاعیری بەناوبانگ و زار قەڵەباڵغی کوردن، کەچی کیژێکی خوێندکاری ئەو بەشە، بەدوای پرسیارێکی سەرەتاییدا وێڵە.

هەر بۆیە گەر زانکۆیەکانی کوردی شوێنی مەعریفە و ژیانی تازە دەبوون، خوێندکارەکانی نەدەبوون بە پیاوکوژی (شێخ زانا). لەو دەمەی کە بیر لە زانکۆی کوردی دەکەمەوە، کە لە ڕۆژگاری رابردوودا، مزگەوت و خانەقایەکانی کوردستان، چەندان نووسەری بەرهەم زیندووی کوردیان بەرهەم هێنا، کە ئەوانە بناغەڕێژی روحی کولتووری کوردین. ئەمڕۆ زانکۆیەکانی کوردستان، کە گوایە سەرچاوەی زانست و ئاسۆیە نوێیەکانی ڕۆشنبیرین، کەچی، نەک هەر بوونەتە شوێنێک بۆ بێئومێدکردن و دەمکوتکردنی لاوان، بەڵکو ئەو زانکۆیانە بوونەتە سەرچاوەیەکی چالاک بۆ پەروەردەکردنی ساختەچی و پیاوکوژان.

کۆڕەکە بە کارە جوانەکانی کاک ڕزگار بۆرە ڕەخسا. چونکە لەو دۆخە دڕدۆنگەی ژیانی ڕۆشنبیریی ئەمڕۆی کوردستاندا، ئەگەر ئەو نەبووایە ڕەنگە کۆڕەکەمان ئەو تامەی نەدەبوو. بەڵام پرسیاری میوانەکان، وەک ئەو خودە رووکەشێنراوەی مرۆڤی ئەمڕۆی کورد، کۆڕەکەیان بەرەو کێشەیەکی رووکەش برد. هەر لە یەکەم پرسیارەوە تێگەیشتم کە گوێگر، وەک ئەوەی ڕاهاتووە، چاوەڕێی ئەوە بوو کە من قسە لە هەموو فەلسەفەی هایدگەر، سارتەر و ڕوانگەی بوونگەرایی بکەم. ئەو شێوە ڕاهاتنە بەرهەمی ئەو ڕەوتە ڕۆناکبیرەیە، کە بێ لەبەر چاوگرتنی ڕوانگە و ئاراستەیەکی دیاریکراو، یان پیادەکارییەک، قسە لەسەر هزر، چەمک و ناوی فەیلەسوفان بکات. سەرەنجامی ئەو جۆرە تێگەیشتنە لە ڕۆشنبیریی دەبێتە دیاردەیەکی جەڵەبی، نەک مێتودیکی. من هەوڵمدا دوو

دەستەواژە: خودی "ڕەسەن" و "ناڕەسەن" لە هزری هایدگەر پێناسە بکەم و لە ڕێگای ئەو دوو دەستەواژانەشەوە تیشکێک بخەمە سەر ژیانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کورد و پرۆسە سیاسییەکەی. بە واتایەکی تر. ئەو ترسە نمایش بکەم، کە پرۆسەی گولوبالیزم، بەجیهانیبوون و دەسەڵاتی سیاسی کورد، سەرچاوەکەیەتی. بەڵام گوێگران ئاراستەی ئەو بابەتەیان بەرەو بە گشتیکردن و رووکەشی برد. لەوەش سەیرتر، گوێگرێک، وەک نموونەیەکی گەنجی پەرلەمانی کوردی، بەوە تۆمەتباریکردم، کە من رەشبینم و 25 ساڵە دوورم لە کوردستان و بێئاگام لە دەستکەوتە سیاسییەکانی کورد. لە بارێکدا من 8 ساڵ پێشمەرگە بوومە و رۆژانە، بە وردی ئاگام لە هەموو رووداوەکانی کوردستانە. ئەمەش بەرهەمی ئەو دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە حیزب لە رێگای دەسەڵاتەوە ژیانی کۆمەڵگای کوردی لە مێگەلاندندا بەرێوە دەبات. دەسەڵاتی حیزب، لە جیاتی دروستکردنی زەمینەیەک بۆ بیرکردنەوە لە کێشە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگا و پرسیارە چارەنووس سازەکان، لە دیمەنی بە هەڵپەرکێکردن و بە پارەکردنی بەهایەکان کۆمەڵگای کوردییان سەرگێژکردووە. بەهە مەحاڵ، رەنگە کەمتەرخەمیم هەبێت لەوەی، کە لە سەرەتاوە بیرم لەو مەیلەی گوێگر لە بە رووکەشکردنی ئەو باسە نەکردەوە.

ئەمڕۆ لە کوردستاندا بەهای نووسین چالاکییەک نییە لە دەربڕینی مانایەکی جیاواز لە بوونی نووسەردا، بەڵکو نووسین وەک کالایەک لە بازاڕی گۆڤار و چاپخانە بالادەستەکاندا دەفرۆشرێت. نووسەر کارمەندێکە هێزی خۆی لەو بازاڕەدا نمایشدەکا. کێبەرکێی نووسەر لەو بازاڕەدا، ئەفراندنی ئاسۆیە تازەکانی هزراندن و جێلەقکردنی روانینە باوەکان نییە لە ژیانی کۆمەڵگادا، بەڵکو دەستەبەرکردنی دەستکەوتە ماددیی و سەرکەوتنە رووکەشەکانە. ئەو دیاردەیەش یەکێکە لە بەرهەمی یارییەکانی حیزب و دەسەڵات. لێرەدا نووسەری کورد وازی لەوە هێناوە، کە وەک بەرهەڵستکارییەک بە دژی قەتیسمانی بەهای ژیان، کردەی نووسین بناسێت، بەڵکو نووسەر لە پێناوی فرەوانکردنی ئەو بازاڕە ماددییەدا رۆڵی دەسەڵاتی سەرکوتکەر دەگێڕێت. نووسەری کورد، وەک بەرپرسیارێک لە ویژدان، لە بری ئەوەی فشارێک بێت لەسەر دەسەڵات و رەفتارە ترسناکەکانی، دەبێتە وێنەیەک لە وێنەکانی ئەو دەسەڵاتە. بەمجۆرە لای مرۆڤی کورد وێنای نووسەر و دیاردەی رۆشنبیریی دەبێتە کۆمیدیایەکی دووبارە و بێ ناوەرۆک. لەوەش زیاتر، لە دۆخێکی وادا، ئاسۆیە جیاوازەکانی نووسین دەکەوێتە بەر هەڕەشەی فەرامۆشکردن و گۆشەگیرکردن. ئەگەر دەنگ و رەنگی نووسین و نووسەرێک کەوتە دەرەوەی ئەو دیاردە گشتگیرییەوە، ئەوە بە پەراوێزکردن گەمارۆ دەدرێت و ریسوا دەکرێت.

دواجاریش لەم دۆخەدا ئەرکی نووسین، نەک هەر رۆڵی هێزێکی مەعنەوەی نییە بۆ داکۆکیکردن لە رەهەندە بەهادارەکانی ئێتیکی و جۆشدانی بەرهەمهێنانی بوارەکانی ئاگایی مەعریفی و هەستی جوانناسی، بەڵکو لە سانسۆرکردنی رەفتارە ناعەدالەتەکانی ئەو دەسەڵاتە و ئاستەنگە مەترسیدارەکانی


کۆمەڵگای کوردیشدا چۆکی داوە. بۆیە نووسەری کورد لەو بارە دەروونییەی، کە دەکردێ بە ئاستگەنی هەست بریندار بوون "تراوما" ناوبێژی بکەین؛ واتا هەر نووسەرێک کە قسە دەکا، وەک قوربانییەک خۆی نمایشدەکا و لە نووسەرانی تر خۆی بە پاکتر دەزانێت. بەمجۆرە زمان دەبێتە کەرەسەیەک بۆ قسەکردن لە خودێکی بریندار، نەک دەربڕینی بیرۆکەیەک.

لەم روانگەیەوە دەبێ جەغت لەوە بکەینەوە، کە ئاستەنگی دەسەڵات و میکانیزمەکانی، تەنیا ئاستەنگێک نییە لە بوونی گەندەڵی و هەڵەی لاوەکی و... هتد، کە نووسەرە دەمڕاستەکانییان هەمیشە ئەو کێشانەی حیزبەکانییان بەوە سادە و کورتدەکەنەوە، بەڵکو ئاستەنگێکە لە بونیاتی ئەو دەسەڵاتە و کۆمەڵگای کوردییدا سەرچاوە هەڵدەگرێت. کۆمەڵگای کوردی خۆی گیرۆدەی ئەقڵێکی خێڵەکییە و ئەو دەسەڵاتە بە توێژە رۆناکبیرەکانیشییەوە، نەک هەر هێزێک نین خۆی بەوە ئامادە کردبێت کە بە ویستی پرۆژەیەکی نوێ و زانستییەوە کۆمەڵگای کوردی لە قەیرانی خێڵگەرایی رزگار بکەن، بەڵکو پێکهاتەی ئەو دەسەڵاتە هێزێکە هەوڵدەدات ئەو بونیاتە خێڵەکی و وا بەستەی دەڤەرییە پەرەپێبدا و قووڵتربکاتەوە. بۆیە بیر کردنەوە لە گۆڕان و چاککردنی ئەقڵ و ئاراستەکانی ئەو دەسەڵاتە، نەک هەر تێنەگەیشتنە لە ناوەڕۆکی ئەو دەسەڵاتە، بەڵکو کوتانەوەی ئاسنی ساردیشە.

> **"لە دەستم بێ کات لە جێی گلۆپەکەم هەڵدەواسم و خۆم تیادا دادەگریساند،**
> **لە دەستم با ئەم سەردەمی خاچ و باوێشکگرتووەم لە "کەندیدی قۆلتێر"**
> **لە حەسرەتێکەوە بۆ حەسرەتێکی تر هەڵوەدا دەکرد و**
> **ژیان و سیاسەتیشم بە رەشبینییەکانی "کونیگوندە"**
> **لەو خۆشەویستییە سازشکارەیاندا هەراسان دەکرد."** (سکاندیناڤیا...)

لەوکاتەی کە چارەنووسی کورد لەناو ئەفسانەی بە دیمۆکراسیکردنی عێراق و داڕشتنەوەی دەستوورە نوێیەکەی ئاخێنراوە، کەچی کایەکانی رۆشنبیریی کوردی لە ئاستی ئەو چارەنووسەدا تەواو پەراوێزکراوە. لەم دۆخەدا کایەکانی ئەو رۆشنبیرییە کوردییە، وەک ئەرکێک، تەنیا راپەڕاندنی بانگەواز و فەرمانەکانی دەسەڵاتە. هاوکاتیش لەو دۆخە سەرگێژەدا، نووسەری کورد، ژمارەیەکی دەگمەن نەبێت، دەستەوەستاوە لە پێشکەشکردنی خوێندنەوەیەکی قووڵی ئەو دۆخە چارەنووسسازەی کورد، کە بتوانێت، وەک چالاکی و کردەیەکی کاریگەر جڵەوی دەسەڵاتی کوردی بەرەو ئاراستەیەکی رزگارکەر رابکێشێت.

نیگایەکانم بەناو کتێبە ریزکراوەکانی کتێبخانەکەدا دەخولانەوە. لە هیکڕا چاوەکانم لەسەر ئەو رەفە درێژەی، کە رووخساری هەرزەکارانەی ئارتۆر ریمبۆ بێباکانە بەسەر کتێبخانەکەدا دەیڕوانی، متبوون. هەرچەندە دوای خوێندنەوەی "ریمبۆ و زەمەنی بکوژان"ی هینری میلەر، وامدەزانی پێویست بەوەناکات چیتر لەمەڕ ئەو شاعیرە "مەتەڵئامێزە" بخوێنمەوە، بەڵام کە ناوی ژان پۆل سارتەرم بینی نەمتوانی نەیخوێنمەوە. سارتەر لە وتارەکەیدا، هێزی ئەفراندن بۆ تۆڵەکردنەوە لە هەستی نەبوونی ئازادی دەبینێتەوە. ئەو پێی وایە ریمبۆ  بە داهێنانە مەزنەکەی توانی تۆڵە لەو ئازارانە بکاتەوە، کە لە کاتی منداڵیدا لە ماڵەوە، بە تایبەتیش لە ژێر دەستی دایکییەوە، چێژتبووی. لەوێدا سارتەر جەغت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ریمبۆ لە ژێر فشاری ئەو هەستی نەبوونی ئازادییەدا، توانی لە باڵاترین نموونەی ئەفراندندا، ئازادییە زەوتکراوەکانی بەرجەستەبکاتەوە. چونکە ئەو لە جیاتی خۆ بەدەستەوەدانی ئەو بەرپرسیارییەتە، بە داهێنان یاخیبوونی خۆی رادەگەیەنێت.




ئەو دەمەی کە لەناو کتێبخانەکەی گەڕەکی "سۆدەرمالم" لە سوێد، نیگایەکانم لەسەر دێری نووسینەکەی سارتەر رۆدەچوو، من و موتەلیب عەبدوڵڵا بەرەو "سێنتەری ئارتۆر ریمبۆ" بەسەر قەڵاتی هەولێردا سەردەکەوتین. هەرچەندە ئێمە لەبەر فێنکی موبەریدەکەی ناو رەستورانەکەی "بورجی هەولێر"، لە کاتی دەستپێکردنی کۆڕە شیعرییەکەدا دواکەوتبووین، وەلێ تیشکەکانی ئێوارە هێشتا

بەسەر هەنیەی قەڵاتی هەولێردا دەبریقانەوە. هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە کە ڕۆژێک خانووێکی قوڕی سەر قەڵاتی هەولێر دەبێتەماڵێک بۆ یادکردنەوەی ئارتۆر ڕیمبۆ. ئەو کۆڕەی ئێمەش یەکەم ستایش بوو، کە لەو ماڵەدا، پێشکەش بە ڕوحی کۆچەریانەی ئەو شاعیرە بکرێت. بەدەم وتەکانی ئەو کوڕە فەرەنسییەوە، کە کۆڕەکەی پێشکەشدەکرد، ئاوازە هێمنەکانی مۆسیقاژەنەکە لەمدیو پەرژینەکەوە رووخساری ئەو میوانانەی کە لەناو حەوشەکەدا دانیشتبوون، خاودەکردەوە. کاکە ئارام، ئەو کوڕە لاوچاکەی، کە لە "سێنتەری ئارتۆر ڕیمبۆ"، وەک ئینگلیزی زانێک هاوکاری ئەو کچ و کوڕە فەرەنسییەی دەکرد، بە کوردی کۆڕەکەی ئێمەی بە خوێنەر ناساند و نەوای مۆسیقاژەنەکەش، وەک سەفەری شیعرەکانی رامبۆ، ئێوارەکەی دەلاواندەوە.

لەو یەکەم یادەی ڕیمبۆدا، کتوپڕ خوێندنەوەی شیعر لایەقدارتربوو لە پەیڤین لەمەڕ شیعرە سرکەکانی ئەو:

پەیڤەکانیش خۆیان جەختدەکەنەوە،<br>
بەناو کراوەکانیش فرەوانتر، یان کاڵتر دەبن. (هەندرێن)<br>
دەشێ بیابان دڵدانەوەیەکی باش بێ... (موتەلیب عەبدوڵا)

شتەکان، وەک دەنگی بزوانەکان لێک ناچن.<br>
وێدەچێ جیاوازییەکان بە خەمڵین ئاوێزان بن؟ (هەندرێن)<br>
پەرییەک لە خەودا دەبینێ<br>
نەرم نەرم<br>
زۆر لەوە دڵگیر تر<br>
بەرگەی دووبارە بوونەوە بگرێ (موتەلیب)<br>
جیابوونەوە دەربڕینی وێنەیە و<br>
بێدەنگ بوونمان نەمانی وشەیە.<br>
وشەکانیشمان بێ وێنەن. (هەندرێن)<br>
زۆر لەوە دڵگیر تر<br>
بەرگەی فەرامۆشی بگرێ. (موتەلیب)<br>
منیش لە روانین بترازێ، چیترم نیە بۆ هاتن. (هەندرێن)

کاک ئارام پێی گوتین کە ئەمشەو ئێمە لە هوتێل هەورەمان میوانی ئەو کوڕ و کچە فەرەنسییە و کوڕە ئەلمانییەین. بەدەم شۆڕبوونەوە بەسەر پلیکانەکانی قەڵاتی هەولێرەوە، ماڵەکەی ریمبۆمان بەجێهێشت. هەولێر لەناو سێبەری ئێوارە و دوکەڵی سەدەکاندا هەڵتڕوشکابوو، پەیکەرەکەی"ئیبن مستەوفی" بەر دەرگای قەڵاتیش، وەک تارماییەکی لێقەوماوی دۆشداماو، بە دوای دۆزینەوەی گوللەی ئەو پێشمەرگەیەی کە لە شەڕی براکوژیدا لەناو لووتیدا وێڵبوو، وڕێنەی دەکرد.

کاتێک کوڕەکە بە ئینگلیزییە ئاواز فەرەنسییەکەیەوە خوشحاڵی ئەنجامدانی کۆڕە شیعرەکەی بۆ دەردەبڕیم ، کات بە هەناسە بڕکێیەکانی نیگای منی لەسەر ئەو وێنەی ریمبۆ، کە سارتەر بە دوا دێرەکانی دەینەخشاند، پەلکێشدەکرد. لە تاراوگەی ئەو ئێوارەیەدا، نیگایەکانم بەدوای شوێنپێی تەمەنە کورت و کۆچە درێژەکانی رامبۆدا، لە نێوان ئێوارەی ئێرە و ئەوێدا، دابەشییاندەکردم.

## 11

کچە هاوڕێکەم، ئیلیۆنۆرە، دەیزانی ئامانجی سەرەکی من لەو سەردانەدا، بۆ وانە گوتنەوە بوو لە زانکۆیەکانی کوردستاندا. بۆیە بەر لەوەی داوای گێڕانەوەی سەرگوزەشتەکانی تری ئەو سەردانە بکات، بیستنی ئاکامەکانی تامەزرۆی سەگوزەشتەکانی زانکۆیەکانی کوردستانی دەکرد. ئەو لە روانگەی ئەو زانیاریانەی کە لەسەر ژیانی پێشمەرگایەتی و ژیانی خوێندنی زانکۆی مندا هەیبوو، چاوەڕێی ئەوەبوو کە دەسەڵات و بەرپرسانی زانکۆی کوردستان، بە پەرۆشەوە پێشوازیی لە هاتنەوەم بکەن.

ئاستەنگی ژیان لە تاراوگە، هەمیشە، وەک برۆدسکی باسیدەکا، سەیرکردنی نووسەر نییە وەک هەر کەسێکی تری تاراوگەنشین، بەڵکو ئەو وێنایە رۆمانتیکی، یان ئیدیالیەشە، کە خەڵکی وڵاتی تاراوگە لەسەر مێژووی نووسەرێک، یان هەرکەسێکی تر، دروستیدەکەن. لە روانگەی ئیلۆنورای هاوڕێم، کەسێکی نووسەری وەک من 8 ساڵ زیاتر پێشمەرگایەتی کردبێت و لێرەش زانکۆی خوێند بێت، دوای ئەو هەموو ساڵە لە دەربەدەری، ئەو دەسەڵاتە کوردییەی ئەمڕۆ، هەرنا زانکۆیەکانی، کە من لە رۆژگاری شاخدا، یەکێک بوومە لە هاوخەباتی، دەبێت ئێستا بە رێزگرتن پادداشتم بکات. لێرەوە بوونێک لە نامۆبوون و عەدەم دەستپێدەکا. ئیتر کاتەکانی ژیان دەبێتە حیکایەتێکی کۆتایی نەهاتوو. دوای هێنانەوەی هەموو بەڵگە و بیانۆیەکان لەسەر سەرگوزەشتەکانی هەرزان بوون و نەمانی ئەو مێژووە رابردووە "تالانکراو"ەی تۆ، دەرفەتێک بۆ فەرامۆشکردن بەدیناکەیت. هەر بۆیە رۆماننووسی چیکی تاراوگەنشین میلان کۆندێرا، لە دوای لێوانرێژبوونی روحی لە ئەزموونەکانی تاراوگە، گوتبووی: ئەگەر فەرامۆشی نەبێت مرۆڤ دەتەقێت. لە رۆمانەکەی "پێکەنین و فەرامۆشی" دا کۆندێرا سەرگەردانە بەدوای

هەڵاتن لەو یادەوەریانەی رابردوو و فەرامۆشکردنیان. لە بەشی کۆتایی ئەو رۆمانەدا، مەرگ ژنە پاڵەوانەکە، (تامینا) تاکوو دوورگەیەکی منداڵنشین راو دەنێ و لەوێش منداڵەکان گەمارۆی دەدەن.

بەهەمە حاڵ، گێڕانەوەی سەرگوزەشتەی زانکۆی سۆران و رەفتاری کۆمیدیانەی سەرۆکەکەی دکتۆر ئەلوەند دزەیی بۆ کچە هاورێیەکەم، کارێکی سادە نەبوو. ئەو گرفتەش لەبەر کولانەوەی برینەکان و گەڕانەوە بۆ ئەو دیمەن و رووداوە کۆمیدی و تراژیدیانە نەبوو، بەڵکو لەبەر روخانی ئەو روانگە ئیدیالەی ئەو بوو، کە رەنگە لە بیرکردنەوەی ئەو تەرزە ئاسۆیەک بێت لە جوداوازی ژیان و جیهانبینی کولتوورێکی وەک کورد، کە ئەمەش ئومێداوارییەک بێت لە ژیانی ئەودا. لێرەوە کاتێک بوون بەو مرکێش مرکێشە ناوەکی و مەحاڵگیرە گەمارۆ دەدرێت، ئەوە تاراوگە چالاکانە بەدەم شۆڕبوونەوە بەرەو ناخ ژیانت دەتەنێتەوە. دواجاریش سەرتاپای پەیوەندیی و ئاسۆیەکانی مانەوە دەبن بە حیکایەتەکانی تاراوگە.

> **"لێرەی بێشوێندا، ئەوە منم بە دەم رێوە لەبەر پێی ماوەکان**
> **شوونی خۆم جێدێڵم.**
> **وەک سەفەر بە چاوەکانی تۆدا دەگوزەرێم**
> **پەنام نادەی!"** (سکاندیناڤیا...)

بەمجۆرە بۆ ئەوەی نیگای تاراوگەی من، بە جوانییەک لە بێهوودەیی، نمایش لەسەرگوزەشتەی زانکۆ بۆ ئیلۆنۆرە بگێڕێتەوە، شێوازێک لە پێکەنین و فەرامۆشکردنی ئەو یادەوەرییە خەمینە دەگرێتەبەر.

کێشە لەوەدایە کە من لە بنەڕەتدا، وەک پیشەیەک بۆ خۆم دەستم بە خوێندنی مێژووی هزر و فەلسەفە خوێندن نەکرد، بەڵکو وەک کورد، کە پێم وابوو لە رێگای خوێندنی ئەو بوارەوە دەتوانم خزمەتی زمان و کۆمەڵگایەکەم بکەم. واتا من لە روانگەی پێداویستی کۆی ئایندەی کۆمەڵگایەکەم کە فرچکم پێیەوە گرتبوو، تەواوی کاتەکانم لە سوێد بە خوێندن بەسەر برد. بۆ من ئەو خوێندنە تاکە دیارییەک بوو کە بتوانم رۆژێک بە کوردستانی ببەخشم. رەنگە ئەو دیدەش بەردەوامییەک بێت لەو ژیانەی رابردووم، کە وێنەی پێشمەرگایەتی ئاستی نموونەیی و شۆڕشگێڕی بەرجەستەدەکردەوە. بۆیە کە سەردانی کوردستانم کرد، لە پاش هەفتەیەک ژیان بەسەر بردن لە هەولێر هەوڵمدەدا، وەک ئەو شێوازەی کە لە وڵاتی سوێد فێری ببووم، وەک مامۆستایەک داوای کاری وانە گوتنەوە بکەم لە زانکۆ. بەڵام زوو تێگەیشتم ئەو شێوازە لە سیستەمی کوردستاندا بێهوودەییە. هەرچیم دەبینی، رێنمایی

ئەوەیان دەکردم، کە بچمە لای لێپرسراوێکی گەورە. چونکە ئەو چەند لێپرسراوە وەک دوا سەرچاوەی بڕیار، دەتوانن هەموو خواست و دەردێک لەو وڵاتەدا یەکلابکەنەوە. ئەوەش بۆ من ئاسان نەبوو.

بەڵێ، لە دیدەنییەک لەگەڵ سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین. دکتۆر موحەمەد خۆشناو، کە هاوڕێی موتەلیب، کاک عوسمان یاسین، خۆشی قانوونی خوێند بوو، وەک بە هاناهاتنێک زەمینەی ئەو دیدەنییەی خۆشکردبوو، مەیلی وانە گوتنەوەم لە زانکۆ دەربڕی. لێرەدا کاتێک باسی ئەو ئاکارە باشەی دکتۆر موحەمەد خۆشناو دەکەم، وەک سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین، ئەوەم بۆ گرنگ نییە، کە ئەو چەند لە کاروبارەکانی خۆیدا سەرکەوتووە یان نا. کاک موحەمەد خۆشناو، کە خۆی ژیانی خوێندنی لە رۆژئاوا، ئینگلیستان، بەسەر بردبوو، لەو دیمانە بەلەزەدا، زۆر رێزدار و ساکارانە بەرانبەر خواستی هاتنەوەی من بۆ زانکۆی هەولێر خۆشحاڵی خۆی دەربڕی. بەڵام، وەک خۆی وتی، بۆ ئەوەی کێشە ئاڵۆزەکانی زانکۆی سەلاحەدین کتوپڕ تووشی کێشەی بێئومێدیم نەکەن، بە کورتی ئاماژەی بە باری نائاسای زانکۆ و نەبوونی بواری کردنەوەی بواری بەشی فەلسەفە کرد. بۆیە پێشنیازی کرد کە لە کۆلیژی سۆران کار بکەم. چونکە ئەو کۆلیژە تازەیە و خوێندکارەکانی زۆرتر لە پەنابەرە گەڕاوەکانی ئێران پێکهاتووە، بۆیە رەنگە بە واتای کاک موحەمەد خۆشناو، کێشەکانی ئەوێ هێندە کەڵەکە نەبووبن. هاوکاتیش دکتۆر خۆشناو جەغتی لەسەر ئەو ئاستەنگە قەتیسماوانە کردەوە، کە زانکۆی سەلاحەدینی سیخناخکردووە.

ئەمڕۆ لە کوردستاندا کە بۆ کارێک یان بەدوا چوونێک دەچیتە دائیرەکان، بەرپرس و تەنانەت خزمەتگوزارێکی سادەش، وەک فیرعەونێک، یان کۆیلەدارێک، مامەڵەت لەگەڵ دەکەن. لەوەش زیاتر گەر ئەو بەرپرسە حیزبی بێت، یان خزمی بەرپرسیارێکی سەرەوە بێت، ئەوە هەر زۆر ئاسانە رووبەڕووی شکاندنەوەت بکاتەوە. لێرەدا، دوای ئەو ئەزموونەی کە لە دائیرەکانی ئەوێ بینیم، دەبێ بڵێم شێوازی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین لە شێوازە باشەکان بوو.

لێرە ئێمەی خوێندکار لەگەڵ مامۆستایەکان، کە نەک هەر مامۆستای لێهاتوون، بەڵکو نووسەری دیاری بواری هزر و فەلسەفەشن، پێکەوە لە باڕ و ئاهەنگەکانی ناو زانکۆ دادەنیشین. کەچی لە کوردستان دەبێ تۆ وەک سواڵکەرێک چاوەڕێی وەڵامدانەوەیەکی خێرا و لووتبەرزانەی مامۆستایەک و بەرپرسیارێک بکەی. پەحا لەو کۆمەڵگایە مەدەنیی و دیمۆکراتییەی کوردستان! بیرکردنەوە لە بەرهەم و ئایندەی ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەو جۆرە سیستەم و شێوازە لە هەرارکییە بەڕێوەی دەبات، داڕمان و قەیرانی سەیر چاوەڕێ دەکات.

هەرچۆنێک بێت، بە هەوڵی کاک عوسمان یاسین کارەکەم لە زانکۆی سەلاحەدین خێرا جێبەجێ بوو و حەواڵەی کۆلیژی سۆران کرام.

بەڵام بەر لە ڕۆیشتنم بۆ دەڤەری سۆران و قسەکردن لەگەڵ دکتۆری "زراعە" ئەلوەند دزەیی، تاکوو لە کۆلیژی سۆران، وەک باوە، نەزانانە ڕەفتارم لەگەڵ نەکەن، کاک عوسمان یاسین نامەیەکی لە کاک شوانی برادەری، کە بەرپرسی ڕێکخراوە دیمۆکراتییەکانە لە هەولێر، بۆ دەستەبەر کردم.

12

بەدەم چنینەوەی ژیانی ڕابردوو و وێناندنی ژیانی ئەمڕۆی کوردستانەوە، کچە هاوڕێیەکەم نائومێدیەک لە رووخساریدا پەلیدەکێشا و هاوکاتیش، کە نیگام لەسەر ئەو هەنارەی، کە بە وشکراوەییش دانسقەیی ڕەنگ و شێوازی خۆی لە یاد نەدەکرد، لەنگەری گرتبوو، دەیویست بە بیانۆیەکی دڵخۆشکەرانە ئەو دیمەنە مەزەندە نەکراوانە فەرامۆشبکەم.

ئاستەنگی مرۆڤی ئەمڕۆی کورد لەوەدا کۆدەبێتەوە، کە هەموو ڕووداوەکانی ژیانی کردۆتە حیکایەت. وەک حیکایەتێک باس لە ئەنفالی سەردەمی سەددام، شەڕی خۆکوژی و وێرانبوونی بونیاتی ئەخلاقی کومەڵگا دەکردرێت. لەوەش سەیرتر کە لە کوردستان کاتێک بە ڕێکەوت باسی ڕۆژگاری پێشمەرگایەتی دەهاتە گۆڕێ، گوێگر بە وتەی "لە خوای بەزیاد بێت کە نەکوژرای" حیکایەتەکەی خەتم دەکرد. گاڵتەجاڕیی و بوودەڵەیی ئەو وەڵامە لەوەدایە، کە ئەمڕۆ  پێشمەرگایەتی و شەهیدانە بۆتە سەرچاوەیەک بۆ مشەخۆری بەشێکی زۆری لایەنگیرانی ئەو حیزبانە. لەوەش زیاتر پێشمەرگایەتی بۆتە ناشیرینترین بازاڕ و لە بەهای ئەخلاقی شۆڕشگێڕیی و وێنای نموونەیی شۆڕدراوەتەوە و لە ئاستی پارە و پووڵ سووک و ریسوا کراوە. لێرەوە پێشمەرگایەتی وەک خۆی دەبێتە حیکایەتێک کە مشەخۆرەکان دەبنە خاوەنی ئاکامەکانی دوا حیکاتەکەی. شەهیدەکانیش، وەک شتێکی ماتماتیکی، بۆ خانەوادە و حیزبەکان دەبنە سەرچاوەی خیتابێکی دووبارە تاکوو بۆشاییەکانی خۆیانی پێ پڕبکەنەوە. کارەساتیش لەوەدایە، کە هێندەی جاش و مشەخۆرەکان بەناوی پێشمەرگەی "دێرین و کۆن" و شەهیدانە پارەی پێوەردەگرن، نیو ئەوەندەی پێشمەرگەی بەڕاستی، نەک هەر  لەمافی پارە بێبەشکراون، بەڵکو بێڕێزیشیان پێدەکرێت. لێرەوە ڕابردووی پێشمەرگە دەبێتە حیکاتێکی گاڵتەجاڕییانەی ئێستا و بە دوا قسەی "هەر باشبوو نەکوژرای"، لەگەڵ پێکەنینیکی تاڵ، کۆتایی پێدێت.

**"دروشەمەکان لەسەر دیواری بارەگایەکان، ئەو بارەگایانەی دیلکرا بوون،**
**گەمژانە شانازیان بە شەهیدە ڕێککەوت و**
**مریشک و پێڵاو و ناسنامەکان دەکرد، دەیانزانی دیلن، دانیان نەدەنا.**
**ناویان لە دیلەکان دەنا:مێژوو.**
**من لە ئاوڵەمەی مێژوویەک تەریووم،**
**بوونم بە دیلیەتی دەبەخشێ."** (بەناو تەنیاییدا ڕاکە ئەی ڕوح)

سەرچاوەی ئەم حیکایەتاندنەی پێشمەرگە و مێژووی شۆڕشی کورد بۆ ئاستەنگی ئەو بە بازاڕ بوونەی ئەمڕۆی جیهان دەگەڕێتەوە. ئەو سیاسەتە بەجیهانیبوونەی کە ئەمڕۆ لە ئاستی ئابووریدا کۆمەڵگای کوردی گەمارۆداوە، ڕەنگدانەوەیەکی نالەباری لەسەر ئاگایی کۆمەڵگای کوردی بەجێهێشتووە. بۆیە ئەمڕۆ لە کوردستاندا گرنگی ئابووری کەوتۆتە پێش گرنگی سیاسەتی بونیاتنانی نەتەوایەتییەوە. سەرتاپای کورد سەرقاڵە بە دەستکەوتی ئابوورییەوە. بۆیە لە ئاستی دەسەڵاتدا مێژووی بزاڤی کورد و وێنای پێشمەرگە لە خزمەت ئابوورییەوە بەرجەستە دەکرێتەوە و لە ئاستی بەهای هێماییشدا وەک حیکایەتێکی سەر زارەکی وێنا دەکرێت. ئەمەش ڕەنگدانەوەی قەیرانی ئەو سیاسەتە جیهانییەیە، کە سیاسەتی باڵادەستی بازاڕی سەرمایەداری ڕەوشتگەرایی تووشی قەیران کردووە. ئەو قەیرانەش ڕاستەوخۆ کۆمەڵگای کورد و دەسەڵاتە سیاسییەکەی گەمارۆداوە. لێرەوە پرۆژەی بونیاتنانی نەتەوەی کورد لە ئاستی سیاسی کۆمەڵایەتی کوردستانەوە فەرامۆشدەکردرێت و لە بری ئەوە بازاڕاندنی مێژوو و هێمایەکانی کورد بە هەرمێن دەبن. بەدەم ئەو بە تەنگژە بوونەی ڕەوشت و سەرگەرمبوونەی کۆمەڵگای کوردی بە دەستکەوتی ئابوورییەوە، چارەنووسی سیاسی کورد پەراوێز دەکرێت. هەربۆیە بۆ کۆمەڵگا، یەکگرتنەوەی هەردوو حوکمەتی کورد و "خەونی کەرکوک"، وەک خودی ئەو دەستوورەی کە لە گۆڕانکارییە یەک لە دوا یەکەکاندا، کە لە نێوان نوێنەری حیزبی کوردی حیزبی شیعی و سوننیدا بە سەرپەرشتی ئەمریکاوە بەڕێوە دەچێت، وەک حیکایەتێکی بێکۆتایی و بێزارکەری لێهاتووە. دواجاریش ئەو ئاخاوتنە سیاسییانەی کە لە ئاستی مێدیا و ڕاگەیاندنە حیزبی و ڕۆشنبیرییەکانەوە لە ئارادان، هەر هەموویان لە حیکایەتێکی دووبارە دەچن. ئێمە ئەمڕۆ هەم گوێگری حیکایەتەکانین و، هەمیش خۆمان حیکاتخوانین. لەناو ئەو لەرزۆک بوونە ڕەوشتگەرایی و بازاڕاندنەی جیهاندا، بوونمان، نەبوونمان، ڕابردوومان، ئایندەمان، ژیان و مەرگمان، بە حیکایەت... حیکایەت... حیکایەت... کۆتایی دێت.

**"*ها ئەوە شۆڕشگێڕێکی شەوکوێر هەرمێکانی بە کاڵی ڕنییەوە و بە هوتافەوە جومگەی ڤاکێک بە تاڵان دەبا*"** (سکاندیناڤیا دوورگەیەکی تر...)

## 13

کیژە هاوڕێیەکەم، وەک ئەوەی بیەوێت لە زەینی خۆیدا تابلۆیەک لە سەفەرەکەی من بە ڕێکی بکێشێت، لە هیکرا شریتەی نیگایەکانی منی دەپچڕاند و وردەکاری سەفەرەکەی بەیاد دەهێنامەوە. کەواتە هەموو ڕابردووییەکمان دەبنە یاد و، بۆ ئەوەی فەرامۆشییەک بۆ ژیانە تاراوگەییەکەمان دەستەبەر بکەین، وەک حیکایەتێک دەیانگێڕینەوە.

سپێدەیەکی زوو بەرەو شاری دیانە، یان کۆلیژی سۆران، بەڕێکەوتم. بەدەم باری بێدەنگی شوفێرەکە و ئەو ژنە سەرپۆشەی هاوسەفەرەوە، کە هەتا گەیشتنیە شارۆچکەی خەلیفان قسەیەکییان نەبوو، بەناو دەڤەری بەڕانەتی و خۆشناوەتی تێپەڕین. هەر شاخ و دیمەنێک لەو ناوچەیە بەیادێک لە ڕۆژگاری پێشمەرگایەتی گیانی منیان دەتەنیەوە. لەگەڵ بەدوا چوونی شوێن پێی ئەو یادە رەگهاژۆیانەوە نیگام بەرەو دەوەن و لووتکە شاخەکان سەفەری دەکرد. لەگەڵ ڕەوتی خێرای ماشێنەکە سیمای دێهاتەکانی ئەو دەڤەرانە وەک کەشتییەک لە سەرابی یادەوەری مندا رۆدەچوون. وێنای ئەو ماڵانەم بە یاد دەهاتەوە کە دوای مەفرەزە دوورەکانمان بە گەرمی مێواندارییان دەکردین. شەپۆلی بیرکردنەوەکان خەیاڵاندنێکی ئەو یادانەیان لەگەڵ خۆیاندا تێکەڵاو دەکرد. چیای سەفینیش لەناو سێبەری چێشتەنگاوێکی خۆڵەمێشییدا لە بێدەنگییەکی ئالۆزدا رادەماو منیش وەک سەرهاتەکان، لە ڕاڕەوە تووناوتوونەکانی نیگای تاراوگەدا وێڵدەبووم. خێرایی ماشێنەکە هەموو دیمەنەکانی لە تابلۆی حیکاتێکی بێدەنگدا نمایشدەکرد.

لەگەڵ گەیشتن بەو دووریانەی کە بەرەو "دۆڵی بالیسان" دەڕوات، بۆ یەکەم جار لەو نیوەڕۆیەدا ئامادە بوومەوە، کە ساڵی 1981 بەر لە 25 ساڵ، لەلایەن ڕژێمی بەعسییەوە راونرا بووم. شوێنپێی ئەو شیعرەی، کە لە ساڵی1980، بۆ یەکەم جار لە بەرانبەر زیاتر لە 500 کەس لە هۆڵی زانکۆدا خوێندمەوە. لەگەڵ خوێندنەوەی کۆپلەی :

"تا داربەڕوویەک لەم شاخانەدا مابێت، نامەوێ لە ژێر سایەی هیچ دارخورمایەک بحەسێمەوە..."

چەپڵەکان گەرمتر دەبوون. کاتێک لەسەر شانۆیەکە دەهاتمە خوارەوە، پاسەوانی پارێزگاری هەولێر و مودیری ئەمنی هەولێر لێم مۆڕ دەبوونەوە، روحێک لە بەرەنگاربوونەوە و شۆڕشگێڕییەک لە مەستبوون، باڵیان پێدەبەخشیم. دوای حەفتەیەک دوای خوێندنەوەی ئەو شیعرە، بەدەم پیاسەی سەر شەقامی شەست مەترییەوە، ئوتۆمبیلێکی ئەمنەکانی هەولێر، باڵی هەڵفڕیوەکانی منیان گەمارۆدا. ئای کە لەو ڕۆژگارەدا کە شیعر پیرۆز و مەزن بوو!

ئێستاش لە نیوەڕۆیەکی تاراوگە پۆشدا، هەروەک ئەو نیوەڕۆیە کە لەگەل رۆستەم حەمەدەمینی هاوخەباتی ناوشار و هاوڕێی ڕۆژانی لاویەتییم، بە سەرکێشییەک بۆ دواجار ماڵ و شارمان بەجێهێشت و بووینە پێشمەرگە. ئەوکات بە هەموو بڕوایەکەوە پێم وابوو، وەک گیڤارایەک، دەچم لە شاخ ڕژێمی سەددام دەڕوخێنم و جیهان رزگار دەکەم. لەو ڕۆژگارەدا، بە پێچەوانەی ئێستا، بیرۆکە ئیدیالییەکان

بزوێنەری ناخی مرۆڤی کورد بوون. لە کۆتایی حەفتایەکان هێزی رۆشنبیریی سیاسیانە هەولێر و شارەکانی تری کوردستانی تەنیبۆوە. ئەوکات توێژی خوێندکار و کارمەندان هێزی بزوێنەری سەرەکی ئەو بارە رۆشنبیرییە بوون. "کۆمەڵەی رەنجدەران"، بە هۆی کۆمەڵێ دروشمی رەونەقداری تێکەڵاو لە کوردایەتییەکی چەپڕۆ، ترۆتسکی، ماویستی و رۆشنبیرییەکی بوونگەرایانە توانیبووی مەیلەکانی ئەو توێژە نوێیەی کۆمەڵگای کوردی بدوێنێت. هاوکاتیش هەرەسی شۆڕشی چەکداری بە سەرکردایەتی مەلا موستەفا بارزانی، وانەیەک بوو بۆ سەرهەڵدانی ئەو رێبازە سیاسی و رۆڵی ئامادەیی ئەو توێژە خوێندکار و رۆناکبیرەی کوردی. ئەوکات هۆکارەکانی هەرەسی ئەو ئەزموونە دەخرایە ئەستۆی ئەو ئەقڵە خێڵگەراییەی کە رێبەر و رێنوێنی ئەو شۆڕشەی دەکرد. گازینۆی باکوور، مەچکۆ و لەیالی هەولێر مەکۆی ئەو توێژە چاڵاکەی رۆناکبیران بوون، منیش ئەوکات لە هۆتێلەکەی سەر چایخانەی مەچکۆ دەژیام، کە وابزانم ناوی "هوتێل خانزاد بوو.

ئەو هوتێلە بە رۆژ لانەی ئەو خەڵکە بێکەس و بێگانانە بوو کە یان لەبەر هەرزانی روویان تێکردبوو یانیش وەکماڵێکی خۆیان خوویان پێوە گرتبوو، شەوانیش دەبووە ماڵی سەرخۆش و شێتەکانی هەولێر. چوورچە کە شێتێکی ناسراو بوو، شەوانە بە دەم بەزمەکانی ئەوەوە کاتەکانمان بەسەر دەبرد. زۆر کەس باسی ئەوەیان دەکرد، کە چوورچە شێت ژنە هەولێرییەکان، یان دەوڵەمەدەکانی ناو بازێڕ تێر گان دەکا. وەک خۆی باسی دەکرد کە بە پێش دەرگای ماڵەکانی ناو قەڵات و گەڕەکەکانی ناوشار دەسووڕێتەوە، ژنەکانیش لە کاتی نیوەڕۆدا کە کەسیان لە ماڵ نەبووایە ئەویان دەبردە ژوورەوە و سێکسیان لەگەڵ دەکرد. ئەوکات ئێمەی لاو کە تازە هەڕەتی لاوییمان بوو لە خەیاڵاندنی ئەو چیرۆکانەی چوورچە شێت، ئاومان بەزار و ناو گەڵ دەهاتە خوارێ. کابرای ئیستیعلاماتی هوتێلەکە، کە ناویم لە یاد نەماوە، بەڵام وابزانم بە رەچەڵەک خەڵکی لای خۆشناوەتی بوو، هۆمۆسێکسوال بوو. بۆیە شەوانە کە چوورچە شێت دەهاتەوە، ئەگەر کەسێکی تری دۆزیباوە بۆ دامرکاندنەوەی حەزەکانی، ئەوە دەرگای هوتێلەکەی لە چوورچە نەدەکردوە. چوورچە ئەگەر تووڕەیان نەکردبووایە، کەسێکی ئاسایی بوو. لەشێکی تۆکمە و تەندروستییەکەی باشی هەبوو، سەریشی هەمیشە سفر دەکرد. بەڵام ئەو شەوانەی کە کابرای خاوەن هوتێلەکە نەیدەهێشت لەوێ بخەوێت، لەبەر دەرگای هوتێلەکە ، کە دەرگایەکەی کەوتبووە تەنیشت "چایخانەی مەچکۆ" دەیکرد بە بە هاوارکردن و پاشان بەهەموو هێزێکییەوە، وەک بەرانێکی عالۆری، شەڕە قۆچانێی لەگەڵ دیوارەکە دەکرد و جلەکانی تیکە تیکە دەکرد. ئەوکاتەی کە سەری خوێنی لێدەهات وازیدەهێنا.

پیاوێک، کە خەڵکی هەولێر بوو، 23 ساڵ بوو لەو هوتێلەدا دەژیا، کە ئەگەر یادەوەری فێلم لێنەکات ناوی کاک عەبدولڕەحمان بوو. لە ژوورێک دەژیا کە هەر دە مەترێک دەبوو، بە ئەشکەوتێکی کۆن، یان لە پاشماوەی خانوویەکی سەردمی میزوپۆتامیا دەچوو. ئەو پیاوە کاری رەسمگری "شەمسی"

دەکرد. ئەوکات خەڵک بە زۆری بەو کامیرایە رەسمییان دەگرت. کاک عەبدولرەحمان پیاوێکی باڵا بەرز و سەریشی نیوە رووتاوە بوو. چاوەکانی هەمیشە خەوالّوو و هاوکاتیش وریا بوون. رۆژانە دوو سەعات کاری دەکرد و بەخۆی بە بوتلە ئارەقێکەوە دەهاتەوە ژوورەکەی. ژوورەکەی منیش کەوتبووە بەرانبەر ژوورەکەی ئەو. ئەو پیاوە تەنیا بەدەم خواردنەوە مجگێزی قسەکردنی دەکرایەوە. بەڵام کە دەستی بە ئاخاوتن دەکرد دەتگوت داستان دەگێرێتەوە. باسەکانیشی سەرنجکێش و فەنتازی ئامێز بوون. لە کاتی خواردنەوە کەسێکی هێمن و هارمۆنی بوو، کەچی بەیانیان کە هەڵدەستا بۆ کار، بە بێدەنگی، هەروەک نەمناسێت، بە تەکمدا تێدەپەری. تائێستاش لە ژیانمدا من ئارەقخۆری وا بە سەلیقە و سەیرم نەدیووە. ئەو ئێوارەی کە میوانداری ژوورەکەی کردم، لەبەر سروتی جوانی خواردنەوەی ئەو، کە داوەتی پێکێکی ئارەقی کردم، کە یەکەمجاریشم بوو بخۆمەوە، نەمتوانی رەتیبکەوە. ئاخر هەردەتگوت هەنگوین دەخواتەوە. دوای ئەوەی کە سەرم مەستبوو، لەو بەهارەدا لەسەر  بانی هوتێلەکە خەوتم، کە دەیروانییە شەقامەکەی بەر هوتێلەکە. چاوەکانم لێکنا و هەستم کرد بەرەو ئاسمان هەڵدەفرم. دەنگێک لەو خەوە قووڵە بێداریکردمەوە، کە چاوم کردەوە "موحسین سیاسی" بوو.

بەهۆی جوامێری ئەو کورە بێدەنگ و پڕ لە ئیرادەگەرایە بوومە لایەنگری "کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان". بەڵی، موحسین سیاسی لەگەڵ هاورێیە ئازایەکەی "ناسر کرێکار"،  بەدەم پرۆژەی کوشتنی پارێزگاری هەولێر چوونە ناو دائیرەی پارێزگا، بەڵام ئێستاش نەمزانی، کە چۆن لەوێ ئاشکرا بوون و دەستگیرکران. ئێوارەی رۆژی پێشوو لەگەڵ موحسین پێکەوە لە گازینۆی "لیالی" بووین. لەو ئێوارەیەدا رێکەوتین لەسەر نەخشەی رفاندنی کیژی پیاوێکی دەوڵەمەند و سەر بە رژێم. لەسەر ئەوە بریارماندا کە ئەو کیژە لە ژوورەکەی مندا بمێنێتەوە. چونکە من بە تەنیا دەژیام و شوێنێکی تری باشترمان نەبوو. مەبەست لە رفاندنی ئەو کیژە، فشار خستنە سەر باوکی بوو، کە لە رژێم دوور بکەوێتەوە.

دوای چەندان سۆراغکردن، کەچی من کەسێکم نەبینییەوە باسی قەدەری ئەو شۆرشگێرە نموونەییەم بۆ بگێرێتەوە. ئای لەو یادەوەرەییە "تالانکراوە"! ئێستا بەدەم ئەو یادەوە سیمای بێدەنگی و خەندە مانادارەکانی موحسین بینایم دەتەنننەوە. موحسین رۆژانە بە باڵایەکی تۆکمە و نیگایەک پڕ لە تەقینەوە، هەولێری دەپشکنییەوە. زۆرجار کتوپڕ لە شوێنێک تووشی دەبووم کە چاوەڕێم نەدەکرد. دوا رۆژەکانی ژیانم لە هەولێر، کە شەو و رۆژ لەگەڵ موحسین سیاسی بەسەرمان دەبرد، قووڵترین شوێنپێیە لە یادەوەری مندا. کەمدوویی موحسین ، مانای کردەی زۆر بوو و هەمیشەش هۆگری دەبەخشی. لەو دیدارانەدا زۆر جاران رۆستەم حەمەدەمین ئامادە بوو. رۆستەم لە یادەوەری ئەو دەمکاتەدا هەمیشە دەژی. ئێمە لە یەکاتدا هاوپۆل و هاوخەبات و هاورێ بووین. ئەوکات رۆستەم لە ئاستی رۆشنبیرییدا، دڵسۆزترین هاورێم بوو. بەرێز حەوێز و سەباح شوکرییش، ئەو دوو هاورێیە بوون، کە ئێستا لەمدیو تەمی ئەم رۆژگارەدا سۆراغییان نازانم. بەهەمە حاڵ، رەنگە نیگایەکانی تاراوگە لە

تێهەڵچوونەوەی ئاراستەکانیدا دیمەنگەلێک لە شوێنپێی ئەو یادەوەریانەی، کە ڕۆشنن بە شوێنکاتە دڵگیرەکانی دۆستایەتی "موحسین سیاسی"، بهۆنێتەوە.

"سەرت داوەڵی سێبەرە و بەسەر ئەم زەوییەدا داچۆڕاوە
بشێ کامە درزی لە زاندا بێ؟
وادەزانی لە وێرانەی رابردوودا
سەرەتایەک، بۆ ڕێگایەکی ونبوو،
رووخسارێک، بۆ جەستەیەکی کۆن،
رووبارێک، لەم قاتییەدا دەتەقێتەوە و
سەرت دەبا! (**دوا نوێژەکانی چیا و ...، هێڵنجە گومان**)

بەدەم بڕکردنی ئەو دووریانەوە، دیدەنییەک لەنێوان نیگای ئەو یادە رابردووە و ئێستایەدا، لە نێوان دوو یادی چارەنووسسازدا. ئەو نیوەڕۆییە، وەک ئەم نیوەڕۆیەی کە ئێستا هەتاو بە هەناسە گەرمەکانییەوە سێبەرەکانی یادەوەریم گەمارۆدەدات، لەگەڵ خەڵکی دۆڵی بالیسان و مریشک و کەلوپەلەکانییان لە پشتەوەی تویۆتایەکی سپییەوە بەرەو گوندی "بالیسان" ماڵئاواییمان لە شار و ژیانی بێدەنگی کرد.



ڕەنگە لێرە کەمێکی تر بارانێکی هاوینانە گفتوگۆی بەدەم پیاسەی من و کچە هاوڕێیەکەم شپرزە بکا و شوێنپێی شوێنیش بچێتەوە. ئەوەتا لە نێوان دوو نێوەڕی ئامێزلێکردوودا، دوای دووڕیانی سەفەری دوو نیگای تاراوگەش لە خەیاڵاندنێکی بێهوودەدا یەکتر دەبڕن. ئەرێ، لە نیوەڕۆیەکدا کە سەرەتایەک بوو لە غەوارەی، منێکی لاو، کە ئەمن و سیخووڕەکانی سەددام هاتبوون لە قوتابخانەدا دەستگیری بکەن، بۆ دواجار هەولێر بەجێدەهێڵێت. بۆ من هەڵبژاردنی ژیانی پێشمەرگایەتی و تێپەڕین بەناو سەیتەرەکانی ڕژێم، سەرمەسترین و بەهادارترین کردار بوو. خەیاڵم تا ئەو دیمەنە ڕۆیشت کە ئەو ڕۆژە گەیشتینە گوندی بالیسان و بە دیمەنی پێشمەرگە شاگەشکە بووم. نیگام لەسەر ئەو دیمەنە لەنگەری گرت، کە لەگەڵ نەوشێروان موستەفادا باسی ڕۆمانی "ڕۆژهالاتی ناوەڕاست"ی عەبدەلرەحمان مونیفمان دەکرد. دەمویست پەیوەندییەک لە نێوان وێنای ئێستاو ئەوکاتی نەوشێروان موستەفا، واتا 2005 و 1981، بدۆزمەوە. بە دەم لافاوی نیگایەکانی یادەوەریی ساڵی 1988ەوە، ڕۆژگاری "ئەنفال"ی ناوچەی هەولێر، کە ئێستا نازانم ئەو "ئەنفال"ە ژمارە چەندی ئەنفالەکانی سەددام بوو، کە ئێمەی پێشمەرگە بەو چەکە سووکانەوە لەسەر چیای هەورێ، لە بەرانبەر چیای کۆڕەکدا لە ژێر تۆپ بارانەکانی کۆڕەک، بەدەم هێرشی تانک، سەرباز فڕۆکەکانەوە شەڕمان دەکرد. وێنای گوندی "ئەشکەوتە"ش، وەک پەلکە هەڵوەریوەکانی گوڵنارێک بەدەم هەناسەی یادەوەرییەوە بەسەر شوێنپێیەکاندا باڵدەگرن. لە جیهازی "هۆکی تۆکی"یەوە هەواڵی شەڕی بەرەکانی "دۆڵی خۆشناوەتی"، "دۆڵی گەرەوان"، سەر لووتکەی "جوانەگا" و "دۆڵی سماقولی"یمان دەزانی. شەوێک سەربازەکانی ڕژێم لەسەر چیای کۆڕەکەوە دوای بیستوچوار سەعات لە تۆپبارانکردنی لووتکە عاسێیەکەی "کێل کێل" و "جوانەگا"دا، کە پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی بەسەرەوە بوو، سەرتیپەکە، "حەمە زیاد"، لە جیهازی "هۆکی تۆکی" دەیگوت "وەزحمان باشە و لە دەست پێشکە ڕزگارمان بووە..." ئێستا کە نیگام لەسەر ڕووخساری چیای "هەورێ"دا دەنووشتێتەوە، بەدەم بیرهاتنەوەی شۆخییەکەی ئەو سەرتیپەوە، خەندەیەکی خەمگین لێوەکانم دەلەرزێنێ. لە کاتە سەختەکاندا ئەو شۆخییانە دەگمەنن.

شەوانەش ئاوە ساردەکەی کانییەکەی "کانی تەلانە"، وەک ئاوێنەیەک، گوڵنارەکانی شوێنپێی یادەوەریی پێشمەرگایەتی، لە قەدپاڵی چیای هەورێدا، نمایشدەکرد.

تامی ئەو مورەبایە خۆشە بە چێژێک زاری پڕ شیلە کردم، کە ئەوکات لە باوەشی کەڤرێکی گەورەی سەر چیای "هەورێ"، ڕۆژانە لە ژێر تۆپارانەکانەوە تامەزرۆیانە دەمانخوارد. لەوێدا نیگایەک لە بوونێکی شۆڕشگێڕانە شوێن پێیەکانی شوێنی بەرهەمهێنا و ئێستاش نیگایەک لە بوونێکی تاراوگەییدا تیرێژێک لە دیمەنەکانی شوێن پێیەکانی یادەوەری شوێن دەچنێتەوە و بەناو بووڵێڵییەک لە عەدەم وێڵانە ڕادەبورێ.

"چما بە ڕاسپاردەی پێغەمبەرە غەمبارەکان، حەقیقەتی یەقینپۆش پەژیوان نەبۆوە؟
خوا بە چرای دەستییەوە بەناو ئەبەدیەتییەکەی بەرەو کوێ ڕایدەکرد؟!"
(**سکاندیناڤیا...، مانگ لە ئامێزی گوڵەبەڕۆژەی ژوورەکەمە**)

لە هیکرا شۆفێرەکە گوتی ئەو ڕێگایە دەچێتە ناو شارۆچکەی خەلیفان. ڕایەڵی شوێن پێی خەیاڵاندنەکان لە گیانم ئاڵابوون و جەستەشم وەک کەشتییەکی قورس بەرەو شارۆچکەی خەلیفان غلۆردەبۆوە. ئەوەی کە لەو شارە چاوەڕێی دەکردم و ئاوەدانی ئەو یادە تاراوگەییم بێت جەمال پیرە بوو، کە ماڵی لەو شارە بوو.

خەلیفان لە ئامێزی چیای کۆڕەک و سەر چیا، وەک یادەوەری من پەرت دەیڕوانی و تەیمانی چێشتەنگاوەکەش هێدی هێدی بەناو هەناوی لێڕەوار و شاخەکان ڕۆدەچوو. کاتێک بەرەو بازاڕ بە شەقامە خۆڵاوییەکەی نێو ماڵەکانەوە ڕێمدەکرد، دیمەنی ئەو نیوەڕۆیەی کە بۆ یەکەم جار و دواجار لەو شارۆچکەیەوە بۆ پێشمەرگایەتی سەرمهەڵگرت، لە نیگایەکانم دەئاڵا.

## 14

هاوکات کە ئێستا نیگای تاراوگە لە سوێد بەدەم پیاسەی ناو دارستانەکەی نزیک ماڵەوە، دیمەنی شوێن پێیەکانی سەفەر بۆ کیژە هاوڕێیەکەم نمایش دەکا، ڕێچەکەکانی ناو دارستانەکەی ئێستا و ڕایەڵی یادەوەرییم لێکدەئاڵۆزکێن، یان لەناو یەکتردا بە ئاوێنە دەبنەوە و هەڵەتەمان دەکەن. لەوێش ماشێنەکە بە هانکە هانک بەناو دۆڵە قووڵەکاندا ڕێگا پێچاو پێچەکانی بەرەو شارۆچکەی دیانە، کۆلیژی سۆران ڕێیدەکرد. چیای کۆڕەکیش، کە لە ڕۆژگاری سەددامدا بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو دەڤەرە، گەورەترین هێزی سەربازی بەسەرەوە بوو. کە ماشێنەکە دەکەوتە ناو قووڕگی دۆڵەکان و لووتکەی کۆڕەکی لەبەرچاومان بزر دەکرد، دیمەنی ڕۆژگاری پێشمەرگایەتیم لە یادەوەریدا ڕۆشندەبۆوە، کە سەدان جار بێسڵەمینەوە ئێمەی پێشمەرگە بە بەردەمی سەرباز و دووربینەکانی سەر ئەو شاخە بەرزە هات و چۆمان دەکرد. جەمال پیرە بەدەم هاژوانی ماشێنەکەیەوە ئاماژەی بۆ ئەو دۆڵە چوار گۆشە و قووڵە دەکرد، کە بە خەرەند ناودەبردرێت. دیمەنی عاسێی ئەو دۆڵە و ماڵەکانی شاری ڕەواندوز، کە وەک پەلە هەوری کشومات بەرانبەر ئەوبەری گردەکانەوە پەرش ببوونەوە، نیگایە بەلەز ڕێکردووەکانی منییان لە سەر شوێنکاتی ڕابردوو پەلێکش کردم و لەسەر شوێنکاتی ئێستادا سێرەیانگرت. یەکەم جار بوو ئەو شارە ببینم، هەرچەندە لە ساڵی 1988 وەک پێشمەرگەیەک لەسەر چیای هەندرێن، کە ڕەواندوزی لە ئامێز کردووە، ڕووبەڕووی سەخترین شەڕ ببوومەوە. لە ئێوارەیەکدا کە لەسەر چیای هەندرێنەوە بە نێوان دوو لوتکەدا بەرەو دۆڵی "گەرەوان" شۆڕدەبووینەوە، کە دوو ڕۆژبوو کیمیاباران کرابوو،"قەدەرێک" لەو تۆپە

"نەمساوی"یەی قوتار کردم، کە لەسەر چیای حەسارۆستەوە بە بن گوێم تێپەڕی و چەند مەترێک لە پێشمدا تەقییەوە.

دۆڵی خەرەند، کە وەک رووبارێک لە سێبەرێکی بێ بن شاری رەواندوز شەقدەکا، کانی یادەوەری چەندان رووداوی مێژوویی سەیر و سەمەرەیە. کاک جەمال پیرە لە یادەوەری راپەڕینی 1991ی رووداوێک و دیمەنێکی دانسقەی دەچنییەوە و بە دەم گفتوگۆیەکانمانەوە زیاتر بەرەو رابردووی شوێن شۆڕدەبووینەوە. نیگایەکانم لە هەر رەوەزە شاخێکی دەوروبەری رەواندوز ساتمەی دەکرد دەنگدانەوەی دەستڕێژی گوللە، شوێن پێی مەفرەزەی سالآنی هەشتایەکانی پێشمەرگایەتی خۆم، رووخساری بە وەجی پاشای کۆرە، شێرە ژنێکی وەک فاتە رەش و ... بە یاد دەهاتەوە.

نیگایە جۆشداماوەکانم هێشتا لەناو ئەو دۆڵە و دیمەنی رەنگاورەنگی شاری رەواندوز بەجێمابوون، جەستەشم لەناو ماشێنەکەدا بەناو تەپ و تۆزی شەقامە خۆلآوییەکانی شارۆچکەی دیانەدا تێدەپەڕی.

لەبەردەم دەروازەیەکی کراوەدا پێشمەرگەیەکی دەرگەوان هاتە پێشمان و کاک جەمال پیرەش ئامانجی هاتنەکەمانی بۆ شرۆڤە کرد. هەر لەسەرەتادا دیار بوو کاکی دەرگەوان، کە هەم پرسگەی سەرۆکی کۆلیژ ئەلوەند دزەیی بوو، هەمیش پاسەوان، تەقەی سەری دەهات لە شێواز و مەرجی ئەو ئەرکەی کە بە ملییان داهێنابوو. زوو داوای ناسنامەکەی لە من کرد، لێ کە پاسەپۆرتە سوێدییەکەی منی بینی، وێدەچوو نەخوێندەوار بوو، بەدەم جۆرە شپرزەییەکەوە، بێئەوەی سەیری بکات، دایەوە دەستم. تێمان گەیاند کە من لە سوێدەوە هاتوومەوە تا لێرە وانە بڵێمەوە. هاوکاتیش بەر لەوەی بێمە ئێرە، دکتۆر ئەلوەند ئاگادارە. بە خێرا بەرەو لای سەرۆکی زانکۆ رۆیشت و زووش گەڕایەوە. منیش بەدوایدا بۆ لای جەنابی سەرۆک رۆیشتم.

کاتێک پاسەوان و کارمەندی پرسگەکەی دەرگای ژووری جەنابی ئەلوەند دزەیی کردەوە، هێشتا سڵاوەکەم لە زارمدا تەواو نەکردبوو، لە هیکڕا بەسەر کارمەندی ئیستیعلامەتەکەی نەڕاندی:

— ـــ کورە ئەوە چییە هیناوتە ژۆرێ... کورە برۆنە دەرێ، زوو زوو. ئیوها دکتۆری زراعەی سەرۆکی کۆلیژی سۆران پێشوازی لێکردم!

هۆپێکم لە خۆم زانی. کارمەندەکە بە پەلەپروزێ پیلی گرتم و دەیویست بۆ دەرەوەم ببات. هاوارم لێکرد کە واز بێنە خۆ من دیل نیم. کەچی کاکی دکتۆر لە دەوری مێزەکەی، وەک مریشکێکی سەربڕاو، هەڵدەبەزی و دادەبەزی، بە شێوازێکی عەنتیکە، کە بە هی یەکێک لە ئەکتەرەکانی شانۆی عەلییە فەندی دەچوو. دکتۆر رۆڵی ئەو پیاوەی دەگێڕا، کەچۆن لەکاتی توورە بوون لە بەقاڵێک، یان کێشەی خێزان هاواریدەکرد، دەیگوت:

کورە تۆ لۆ وا بێ ئاقری.... لۆ دێلی خەلک بە جانتاوە بێتە ژۆرێ... کورە ئەمن ئەوە ناناسم.... کورە ئەوە کا برادەری منە...

له هیکرِا هەستم کرد رووبەرِووی  رووداوێکی کۆمیدی، عەدەمی و تراژیدی بوومەتەوە. سەرەتا کە زانیم زۆر بێزێزە و گوێ ناگرێ کە من بۆچی هاتووم، خەریک بوو بیدەمە بەر شەق و برۆم، یان یەکسەر ئەوێ بەجێبێلم و بگەرێمەوە. بەلام زوو دانم بەخۆمدانا. گوتم با بزانم ئەو کابرایە کشتوکالییە تەواوکەری کامە پرۆژەی پەروەردەیە.

لەو دەمەدا بیرم بەوە مژول بوو، کە لە دەڤەری ئێمەدا مرۆڤ لە ئاستی خێزان و دەسەلاتدا هەمیشە، یان کەسایەتی پێشێلدەکرێت، یانیش پێشێلکەری کەسایەتی خەلکە. لە دواجاردا کاتێک مرۆڤی نائاگا دەبێتە خاوەن دەسەلاتێک لە کۆمەلگادا، بێئاگا هەمان ئاکار بەرهەمدێنێتەوە. ئاشکرایە رژێمی سەددام کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دەروونی مرۆڤی کورد بەجێهێشتووە، دیاردەکانی ئەو کاریگەریەش لە شێوازی دەسەلاتی ئەمرۆی کوردیدا رەنگیداوەتەوە. کێشەی دکتۆر ئەلوەند ئەوە نەبوو، کە نەیدەزانی من بۆچی هاتوومە، بۆیە ئەو رەفتارەی لەگەل من کرد، بەلکو ئەو رەفتارەی وی رەنگدانەوەی پاشخانی ئەو پەروەردە کۆمەلایەتی و سیاسییەیە، کە لە پێشێلکردن و گرێی دەروونیدا، کۆدەبێتەوە. ئەویش وەک دەسەلاتدارێک دەخوازێت هەمان پەروردە بەرهەمبهێنێتەوە، کە خۆی لە مندالییەوە خدووی پێگرتووە. ئەگینا ئەو باش دەیزانی من بۆچی هاتووم. چونکە دواتر ئەو ئاکارە لە دەربرینەکانیدا زۆر عەیان بوو. بەلام من هەولمدا بە سادەییەک ئەو ئاکارەی ئەو خاو بکەمەوە و بە هێمنی گوتم:

ــ ناوم هەندرێنە و لە سوێد هاتوومەتەوە. بە پێشنیاری سەرۆکی زانکۆ موحەمەد خۆشناو هاتوومەتە ئێرە و دوێنێ کاک شوان تەلەفۆنی بۆ کردی کە من دێم بۆ لات تاکو وەک مامۆستا لێرە کار بکەم. بە نەرمی ئەوەم بە بیر هێنایەوە، تاکوو ئەو فێیەی کە گرتوویەتی بەرییدات. بەلام بێسوود بوو.

ــ کورە ئەو جانتایەی لێ بستێنە... ئاخر ئەوە چییە بە جانتاوە هاتییە، بەشکە تیرۆریست بی... دکتۆری پەرەوەدەی کۆلیژی سۆران، کە بەدەم هاوار و نەرِە نەرِ و بنێشت جووینەوە، ( نازانم بنێشتی کوردی بوو یان نە)، تفی لە دەمی دەردەپەرِی و لەسەر گوێنەگرتنی خۆی مسوورِ بوو.

کاک جەمال پیرە بەرەو ئەو رووداوە تراژیدیی/کۆمیدییە هات و ویستی سەرباز و کارمەندی ئیستیعلاماتەکەی دکتۆری زراعە لەوە دلنیا بکاتەوە کە من تێرۆریست نیم. کابرای ئیستیعلاماتەکە هێندە شپرزە ببوو نەیدەزانی چۆن هەلسوکەوت بکات.

سەربازەکە منی لە ژوورەکەی دکتۆر ئەلوەند دوور خستەوە و دەستیکرد بە پشکنینەوەی جانتایەکەم. دوای ئەوە جەنتایەکەم دایە جەمال و یەکسەر لە دکتۆر چوومە ژوورەوە. هەر لە یەکەم دیمانەیدا هەستم کرد ئەو کابرایە کەلکی گفتوگۆی نییە. دکتۆر، وەک ئەوەی تازە لەدەست کوشتن رزگار بووبیت، لە پشت مێزەکەیەوە دانیشتبوو. کەچی کە سلاوم کرد دیسان لە جیاتی وەلامدانەوە، لێم

مۆڕ بۆوە، وەک ئەوەی پێم بڵی دیسان هاتییەوە. دکتۆر بەسەر سەرییەوە، بە شێوەیەکی پەرت و بڵاو، رەسمی خاوخێزانەکەی بە دەوری رەسمێکی گەورەی مەلا موستەفا هەڵواسیبوون، ئەمەش ژیانی ئەوی بەرجەستە دەکردەوە. بەدەم رامانی ئەو وێنانەوە، شتێکی تازە نەبوو ئەگەر دائیرەکانی سەردەمی سەددامم بهێنابووایەوە یادم، بۆ ئەوەی خۆم هێور بکەمەوە، بیرم لەوە کردەوە، کە گریمان ئێرە کۆلیژە، دەبوو لەو ژوورەدا وێنەی حوزنی موکریانی، کە نموونەی درەوشانەوەی رۆشنبیریی ئەو دەڤەرەیە و هاوکاتیش حوسێن حوزنی موکریانی رەهەندی لێکگرێدانی پارچەکانی کوردستانی بەرجەستە دەکردەوە، هەڵبواسرێت. نیو سەدە بەر لە ئێستا حوزنی موکریانی وەک رۆناکبیرێکی خاوەن پرۆژەی رۆشنبیریی، لە موکریانەوە بۆ کوردستانی باکور و دواجار لە رەواندز کۆچە رۆشنگەرییەکەی بەرجەستەکردەوە، کە ئێستا دکتۆر میراتگریەتی! سەیرێکم کرد، کەچی وێڕای ئەو فتنەیەش، بەڵام لە بنێشت جووینەکەی نەکەوتبوو. لە دوورەوە، وەک ئەوەی تاوانبارێک بم و هاتووم بڕیاری دادگایم بۆ دەربکات، بە دەم و چاوێکی شێواو سەیری دەکردم و وێدەچووش لەبەر گەورەیی تاوانەکەم، نەزانێت چتۆ بڕیاریکم بۆ دەربکات.

__ تۆ زۆر بێڕێزی. ئەوە کەی شێوازی سەرۆکی کۆلیژ و مرۆڤە. تۆ دکتۆری، بەڕاستی ئەو مامەڵەکردنەی تۆ زۆر نەخوێندەوارانەیە. کاکە تۆ دەبێ رێز فێر بیت و بزانی ئێشی تۆ چییە. بەدەم بارێکی زۆر بێئومێدانەوە ئەو قسانەم بە رووی کرد.

__ کاکە تۆ نازانی ئاخر ئەمن ئەتو ناناسم. وەڵڵا کە ئەتوم دیت، تۆقیم تۆقی... ئاخر وامزانی تێرۆریستی... ئەتو تەماشای تەلەفزیۆنت نەکردیە، ئەو شێخ زانایە کوو خەرک بە چەقو سەردەبڕی. کورە وەڵڵا تۆقیم... تۆقیم.

کاک دکتۆر بە جوڵانەوەیەکی کۆمیدی ئەو قسانەی دەکرد و جار جاریش لە پشت مێزەکەیەوە دەم و چاوی دەخستە ناو دەستەکانی لە جلو بەرگم مۆڕ دەبۆوە. منیش جار جار نیگام دەکەوتە سەر ئەو پارچە تەنەکە سپییەی بەردەمی، کە بەخەتێکی رەشی درشت "دکتۆر ئەلوەند دزەیی" لەسەر نووسرابوو.

__ گریمان من ئەگەر تیرۆریست بووام، یەکەم جار لەگەڵ هاتنە ژوورەوەم خۆم دەتەقاندەوە و ئێستا تۆم کوشتبوو. ئاخر تۆ سەرۆکی کۆلیژی پەروەردەی، ئەگەر هەتا ئێستا نەتتوانیبێت شێوازی نێوان خۆت و ئیستیعالاماتەکەت رێکبخەیت چۆن ئەو خوێندکارانە پەروەردە دەکەی. بەمجۆرە وەڵامم دایەوە، بۆ ئەوەی ئەو مامەڵە ناماقوولەی خۆی تێبگات و بەشکە لە ئایندەدا بتوانێت بیر لەوە بکاتەوە کە ئەگەر کەسێکی تری وەک من هاتە ئەو بارەگایە حیزبییە، یان سەربازگەیە، نەک کۆلیژە، تووشی ئەو بەزمە نەبێت.

ـــ ئۆ هوو... کوره ئەتو نازانی ئەو خەڵکەی ئێره کوونە، ئەوانە منییان شێت کردیە... شێت. ئەتو باسی چ دەکەی لۆ من... بەخوای ئەوانە لە هیچ تێناگەن. کاکی دکتۆر کە بەو جۆره خۆی نمایش دەکرد، وەک ئەوەی کەسێکی زانا بێت و بە هاتنی بۆ ناو ئەو خەڵکە، غەدرێکی گەورەی لێکرابێت. تۆ سەیر بکە مرۆڤ کە بە هەر هۆیەک بێت ناخی شێوا ئیتر هەموو پێوانەکان تێکەڵ دەکات و خۆی دەکاتە پێوەری راستی. بۆیە ئەلوەند درزەیی هەموو خەوشەکانی خۆی بە ملی خەڵکی ئەو شاره دادەبڕی کە گوایە هاتووه پەروەردەیان بکات.

ویستم بە دکتۆر ئەلوەند بڵێم، کە ئەو کارمەندە بەر لە هاتنی من بۆلات، خۆی هاتە کنت کە من هاتووم بۆ لای تۆ، کەواتە...

ـــ کاکە عەفوم بکە کوره وەڵڵا نەمزانی ئەتو هاتی ببیە مامۆستا لای من... کوره تۆ نازانی کە ئەتوم دیت بەو ردێنە تەنک و جانتایە، هەر تۆقیم ... تۆقی... ئاخر ئەوە کەنگێ جلکی مامۆستایە ئەتو لەبەرتە... کوره ئاخر ئەو ئیستیعلاماتە هات گۆتی ئەوانە برادەرتن هاتینە بتبینن. ئەنگۆم دیت هەر نەمزانی کێن. دەی هەنووکە لە بیری خۆت ببەوە، ئەمە تازە بووینە برادەر... بە قورئان کە ئەتوم وا بینی هەر تۆقیم، گۆتم ئێستا خۆی دەتەقێنیتەوە. دکتۆر بەدەم ئەو قسانەوە، هەندێک جار پێدەکەنی و، هەندێک جاریش، کە تەماشای جلەکانمی دەکرد گرژ دەبوو و قسەکانی دووباره دەکردەوە. هەندێک جار هەستم دەکرد، بێ پرۆڤەیەکی پێشوەخت، لە شانۆیەکی کۆمیدی رۆڵی گوێگر دەبینم. نیگایەکانم بەرەو گفتوگۆیەکانی ناو پۆلی ئەو زانکۆیەی کە لەگەڵ باشترین مامۆستا و خوێندکارەکان هەڵدەفڕی. ئەو رۆژەی کە لە ستۆکهۆڵم بە بۆنەی کۆتایی هاتنی خوێندنی ئەو ساڵە، لەگەڵ هاوپۆڵ و مامۆستایەکان لە گەڕەکی "سۆدەرماڵم"، لە باڕی "پلیکان" دانیشتبووین . نیگای یادەوەریم بەدەم گفتوگۆی من و ئەو مامۆستایە ژنە ناسکەی، کە بابەتی فەلسەفەی سیاسی دەگوتەوە رۆچوو بوو. لەو ئێوارەیەدا ئەو مامۆستایە بۆ ئەوەی خۆی لە چاوبڕکییەکانی من بدزێتەوە، ویستی لەوە دڵنیا بێتەوە کە من دەبێ بە فەرەنسیم خوێند بێت. کاتێک بە پێکەنینەوە پێم گوت کە من کوردم و نە پێشتر زانکۆم خوێندووه و نە زمانی فەرەنسیش دەزانم، مەیلەو حەپەسا، چونکە پێی وابوو بەر لە هاتنم بۆ سوێد زانکۆم بە فەرەنسی خوێند بێت. گوتم من 8 ساڵ زیاتر پێشمەرگە بووم و فەرەنسیس نازانم. بە بیستنی وشەی پێشمەرگە شلەژا، بەڵام بە خەندەیەک ویستی روخساری ئاسایی بنوێنێت. بۆ ئەوەی زیاتر گەمارۆی نیگایەکانی بدەم، باسی ئارتۆر رامبۆم دەکرد، چونکە وتارێکی ئەوم لەسەر رامبۆ و رێنیە شار خوێندبۆوە. ئەو مامۆستایە "سیسیلیا خۆهۆلم" لەو وتارەدا وەک دوو شاعیری شۆڕشگێڕ بەراوردیان دەکات. کاتێک بەدەم باسکردنی نامەکانی رامبۆوە دەدوا، منیش، بۆ ئەوەی نەهێڵم ئەو ئێوارەیە، وەک ماسییەک لە دەستم هەڵبخزێت، باسی وەرگێڕانی ئەو نامانەی رامبۆم بۆکرد، کە تازە وەک نامیلکەیەک چاپمکردبوو. "سیسیلیا" هیچ زانیاریەکی نە لەسەر نووسینی کوردی و نە مێژووی

کورد هەبوو، بۆیە، لەو ئێوارەدا، بۆ ئەو ئامادەیی رامبۆ بە زمانی کوردی، شتێکی نوێ بوو. منیش نائاگایانە، وەک هەر کوردێک، چونکە هەستی نائامادیی کولتوورییمان هەیە لەسەر زەویدا، ئەو ناشارەزاییەی ئەوم بە هەند وەردەگرت و دەمویست ئاستی رۆشنبیریی کوردی بخەمە بان ئاستی رۆشنبیریی سوێدییەوە و لەوەشدا بوونی خۆم نمایشبکەم. "سیسیلیا" بەدەم بیرە خواردنەوە و لافاوی قسەکانی منەوە، سەرگێژتر دەبوو و بارەکەش لەناو دوکەڵی جگەرە و زایەڵەی دەنگی مەیخۆر و مۆسیقایەکەوە تاریکتر دەبوو.

## "ئەو ژنەی کە بۆ ئێوارەکە رووتدەبۆوە و بە چەنە چەنیش لەشی خۆی لەسەر کاتدا لە یاد دەچوو، ئاخۆ ئەوە سەرەتای بەخێرهاتنە یان کۆتایی تاراوگە؟"

(سکندیناڤیا دوورگەیەکی تر لە بخوور)

خەیاڵی مرۆڤ لە کاتە دژوار و خەمینەکاندا هەمیشە بەرەو رووداو و شتەخۆشەکاندا هەڵدەفرێت. بەدەم ئەو دەیمەنە چاوەڕوانەکراوە، هەستم دەکرد لێرەوە تاراوگە دەستپێدەکا و تەواوی ئەو ژیانەی کە لە سوێد بە تاراوگەم زانیبوو کاڵ دەبۆوە. بە سەفەری نیگایەکانم رانەدەگیشتم و دکتۆر ئەلوەند دزەییش دەمنادەمێ، بۆ ئەوەی لە بوونی پەرتەوازەی خۆی دڵنیا بێت، قسە گوتراوەکانی خۆی جەغتدەکردەوە. کات وەک هەورێکی دڕدۆنگ و وێڵ لە زەینمدا خولی دەخوارد و باڵی نیگایەکانی تاراوگەی یادەوەریش، بە دوای شوێن پێی شوێنێکی سووتەمەرۆدا هەڵەتە دەبوو .

لە هیکرا هەر دەتگوت شوێنکاتی رابردوو دووبارە دەبێتەوە. نیگام بەرەو ئەو رووداوی ئەو دیمەنە تێهەڵدەچۆوە، کە لە سەروبەندی 11ی سێپتێمبەر، 2000، بە ئۆتۆبوس لە پارییسەوە بۆ شاری دۆڤەری ئینگلیستان دەگەڕامەوە، لە سنووری ئینگلیستانەوە، ئەو پۆلیسە ئینگلیزیەی کە پاسپۆرتی موسافیرەکانی کۆنترۆڵدەکرد، منی بە تێرۆریست مەزەندە کرد. ئەو پۆلیسە وێڕای رەفتارە پۆلیسییەکەی، بەڵام دوای ئەوەی کە تێگەیشت من تێرۆریست نیم، دەرفەتی ئەوەی پێدام کە ریسوای بکەم و دوای لێبووردنیشی لێکردم، کەچی دکتۆری پەروەردەی ئاوەز "زراعی" خۆی وەک مافدار و لە هەڵەبەدەر دەبینی. بەهەمە حاڵ.

لە دووتۆی" To be or not to be: a terroristt" دیمەنەکانی ئەزموونی ئەو سەفەرەم نمایشکردووە.

لەو دەمەی کە دکتۆر ئەلوەند دزەیی چووە پێش دەرگایە ئاوەڵایەکەی و بە دەنگێکی بەرز داوای هێنانی دوو چایەی لە فەڕاشەکە دەکرد، منیش بە سەوڵێک لە ویستگەرایی دەمویست، لەناو شەپۆڵی خەیاڵاندنەکانی "پاشای کۆرە"ی میری سۆران و دیمەنە پرژاوەکانی ئەودیوی ئەم ژوورە بێ کات و

یادەوەرییە "تاڵانکراوە"ی خۆم بووم، فەرامۆشییەک فەراهەم بکەم. ژنێکی خەمینی بە ساڵاچوو بە دەستە شپرزەکانییەوە دوو پیاڵەی چیایەی، کە نیوەی رژابووە ناو بن پیاڵەکان، لەسەر مێزە خوارەکەی بەردەمی دکتۆر ئەلوەند دزەیی دانا. دکتۆریش بەدەم قسەکردنەوە بە شێوەی فەرماندان، لە جیاتی سوپاس، سەیری ژنە فەڕاشەکەی دەکرد. هەستگەلێک وەک ئاوێکی گەرم، تنۆک تنۆک ناخی منیان دەچزاند. چاوەڕێی قسەیەک بووم لە دەمی ئەو ژنەوە، بۆ ئەوەی شوێنپێی ئاوەدانییەک بەم ژوورە ببەخشێت. خوێندکارەکان، بە جۆرێک لە شپرزەیی و خۆ خافڵاندن، هەروەک تەماشای شانۆیەکی بێزارکەر بکەن، لەبەردەمی ئەو ژوورەی کە هی دکتۆر ئەلوەند دزەیی بوو، کۆببوونەوە. زوو زووش کیژە جل رەشە باڵا شلک و سەر داپۆشراوەکان، بە نیگایە مێیەتییە هونەرییەکانیانەوە، بەر دەرگای ژوورەکەیان گەمارۆ دەدا و شەبەنگ ئاسا ئاوا دەبوون.

ئەلوەند دزەیی لەسەر کورسی پشت مێزەکەیەوە هەستا و لەسەر قەنەفە رەشەکەی بەرانبەر من دانیشت و گۆتی:

ـــ ئەتو چت خیندییە. بە دەم بنێشتە جووین و جۆرە ناگرنگییەک رووی تێکردم.

ـــ مێژووی هزر، بە کەلۆری فەلسەفە و بەشێک لە تیۆری پەروەردە و .. چونکە لەو دانیشتنەدا خوێندنی من، بێجگە لە مانای سەر ئێشە، هیچ مانایەکی تری نەبوو. بۆیە بە کورتی وەڵامەکەم بڕاندەوە.

ـــ پێشمەرگەی کێ بووی؟ دکتۆر بە جۆرێک لە گومانەوە ئەو پرسیارەی لێکردم.

ـــ حیزبی شیوعی. ئەو وەڵامەی بەهایەکی مێژووی نەبوو بۆ دکتۆر. بۆیە بێجگە لە سەیرکردنێکی مەیلەو ورووژاوی من و "ئەها"یەک، شتێکی تری نەگوت. بە هەستێکی بێهوودەوە بەردەوام بووم لەسەر گرنگیەتی گۆڕانی شێوازی پەروەردە و هاندانی ئەو نەوە نوێیەی شاری دیانە و ئەو دەڤەرەی، کە زۆرینەیان وەک پەنابەر لە ئێران گەورە بوونە. بەهای بە کوردی کردن و گۆڕانکاری مێتودی خوێندنی ئەو کۆلیژەم، بە بونیاتنانەوەی ماڵ و خێزانێکی کوردی دەچوواند. دکتۆر ئەلوەند بۆ ئەوەی شتێکی تر بخاتە سەر قسەکانی من، گوتی:

ـــ کاکە لۆ ئەمە پەروەردە و ئەو شتانە ناخوێنین، ئێمەش ئەوانەمان خیندییە... بەس ئەمن مامۆستایەکم دەوێ وا نەبێ. دەبی ریباتی لەبەر بی. تەلەبە وەک باوکێک ئیحترامی بگری. ئەوها نابی وەک تو. ئاخر ئەوە جلی مامۆستا کوو وا دەبی وەک ئەتو لەبەرتە؟ ئەمنیش دەزانم لە ئەورووپا تەلەبە لەبەرانبەر مامۆستا پێی لەسەر پێی دادەنێ و هەر مامۆستا بەهیچ نازانی... ئەمن لە جامیعەی هەولێر لەگەڵ رێبوار سیوەلی لە لێژنەی رۆشنبیریی بووین. ئەوانە دەناسم کە لە ئەورووپا هاتینەوە. خۆ هەر ئەتو لە ئەورووپات نەخیندییە... دەی هەنووکە ئەمە برادەرین... تەواو...

دکتۆر ئەلوەند دزەیی بەدەم هەڵچوون و داچوون و، هەندێ جاریش، بە جولە جولی دەستی و دەم و چاوییەوە پایە و کارایی خۆی نمایشدەکرد. زۆربەی قسەکانی دکتۆر دزەییم بەلایەوە ئاسایی بوو، تەنیا ئاماژە کردن بە لێژنەی "رۆشنبیریی" و رێبوار سیوەیلی نەبێت. کاک ئەلوەند، رەنگە وەک مرۆڤ، لە دەرەوەی ئەو ئەرکەی کە ئێستا هەیەتی وەک سەرۆکی کۆلیژ و بوونی لە "لێژنەی رۆشنبیریی"، کەسێکی زۆر دڵپاک و بێ وەی بێت. بەڵام، کە گوتی من لە زانکۆی سەلاحەدین لەگەڵ رێبوار سیوەلی لە "لێژنەی رۆشنبیریی" بووم، سەرسام بووم. چونکە تا ئەو دەمەی کە ئەوەم گوێ لێنەبوو، پێم وابوو رێبوار سیوەیلی هەموو کارێک بکات، بەڵام، لە خۆڕا، لەسەر حیسابی زانکۆ و رۆشنبیریی، ئامادە نەبێت لە لێژنەیەکی "رۆشنبیریی" لەمجۆرە و لەگەڵ دکتۆرێک کە لە زراعە دکتۆرای وەرگرتووە، کار بکات. دوای هەموو هەوڵێک بۆ تێگەیشتن لە ئەندام بوونی رێبوار سیوەیلی، کە بۆ خەڵکگەلێک نموونەی مامۆستای نووسەر و خاوەن مێتودی "زانستی"، "ئەکادیمی"، "کۆمەڵناسی" و لە ئەورووپاش، ئەوەی من لە خۆی بیستبووم، فەلسەفەی خوێندووە، نەک کۆمەڵناسی لەو "لێژنە رۆشنبیریی"ەی کە دواجار ئەو لێژنەیە دەبێت دینەمۆی ژیانی رۆشنبیریی زانکۆی سەلاحەدین بێت، بێجگە لە خزانە ناو کایە گەندەڵییەکان و...، بەهانەیەکی تری لۆژکیم بۆ نەدۆزرایەوە. بەهەمە حاڵ، لەوکاتەی لە کۆمەڵگای ئێستای کوردییدا، بەدەم زەمەنی رمانی ئەو راستییانەی کە خوومان پێوەگرتبوو، بەهایە بەرپێوەکانیش بۆ دەستەبەرکردنی بڕوایەک رازیمان ناکات. بۆیە ئەمڕۆ لە ئاستی هەڵسەنگاندنی رۆشنبیریی و ئەخلاقییەوە، هەرچی رۆناکبیرێک دەبینی بە رۆناکبیرێکی تر رازی نییە. هەر گروپە و خۆی بە غەدر لێکراو و خاوەن ماف و بێگوناح، بەرانبەر گروپێکی تر دەزانن. کەچی، بە دەرئاوێتەکردنی چەند نووسەری زۆر دەگمەن، لە بنەڕەتدا، هەر یەکە و لەو گروپانە گیرۆدەی هەمان ئاستەنگ و وابەستەی هەمان سەرچاوە ئەخلاقی و ماددین؛ هیچ جیاوازییەکی رۆشنبریی ئەخلاقی نین.

لەو دانیشتنە بێهوودەیەدا، ئەو دەرفەتەم نەبوو بە تێری رۆبچمە ناو ئەو مەزەندە لێکئاڵۆزکاوانەوە. قسەکان، نەک گفتوگۆیەکانی نێوان من و سەرۆکی کۆلیژی سۆران ئاراستەیان تێکەڵاو دەبوون و لە چاوەڕێکردنی سەرئەنجامێک بێئومێدتر دەبووم. چونکە دەمزانی قسەکان تەنیا قسەن، بۆیە زمانی قسەکردنەکان ئاراستەیان نەبوو. چونکە ئەو دەیویست دەسەڵاتی خۆی، وەک سەرۆکێکی رەها و بێخەوش، بۆ من بسەلمێنێت و منیش بە دەست هەڵەی هاتنم بۆ لای ئەو سەرگەردان بوو. لێرەوە، لەم دانیشتنە هەڵەیەدا، پیشاندانی شەهادەکەم و گەیشتن بە رێکەوتنێک لەسەر چۆنیەتی وەرگرتن، وەرنەگرتنم و... مانای نەمایەوە.

بۆ ئەوەی بۆ دواجار لە ناخە بێهوودەییەکەمەوە، هەوڵێکی تر، تاقیبکەمەوە، کە سەرەداوێک لەو ئاراستە لێکراچووانە بدۆزمەوە، گوتم:

ــ کاکە تۆ بە هەڵە قسەکانم وەرمەگرە. دەکرێ وێنەی مامۆستا بگۆڕدرێت. خۆ مرۆڤ بە بۆینباخێک و چاکەت و پانتۆڵێکەوە، مانای تواناداری مامۆستایەک ناگەیەنێت. پاشان کاتێک لە ئەوروپادا، خوێندکارێک لەبەرانبەر مامۆستایەک قاچی لەسەر قاچ دابنێت، مانای بێڕێزی نییە. دەکرێ روانگە و تێگەیشتنی جودا هەبێت بۆ ئەخلاق و رێزگرتن. من ئەو بۆینباغەی وەک تۆ هەتە بە فلسێک ناکڕم. ئەگەر مامۆستایەک خاوەن تواناو مێتۆد بێت، دەتوانێت جۆرە رێزێکی تر لای خوێندکار و خەڵک بەرهەمبهێنێت. ئەو جلەی کە من لە بەرمدایە و تۆش بە لاتەوە عەنتیکەیە کە مامۆستا لەبەری بکات، زۆر لە جلەکانی تۆ جوانتر و بە نرخترن. من مامۆستا بوون و توانایی ئاوەز لە ئاستی جلوبەرگ نابینم. شێوازەکانی رێز هەمەڕەنگن. باشە ئەگەر بە قسەی تۆ بێت، ئەو بنێشت جووینەی تۆ کەی هی سەرۆکی کۆلیژێکە؟ تۆ بەرپرسی لە پەروەردە و فێرکردنی نەوەیەکی لاوی شێوێنراو لەلایەن رژێمی بەعس و ژیانی پەنابەری لە ئێرانێکی ئیسلام ... ئاخر خۆ من بۆ ژن هێنان نەهاتوومەتە ئێرە و لای تۆ... من لە سوێدەوە هەندێک زانیاری تازە فێر بوومە و دەخوازم پێشکەشی ئەو خوێندکارە لاوانە بکەم.

تۆ هەقت بە جل و ....

ــ ژنت هێناوە؟ کاک دکتۆر ئەلوەند، بۆ ئەوەی ئەو پرسیارە گرنگە لەبیر نەکات، نەیهێشت خاڵێک بۆ دوا وەڵامەکانم دابنێم. بەڵام هەستمدەکرد ئەو ژن نەهێنانەی من، لای دکتۆر ئەلوەند دزەیی، مایەی رازینەبوون بێت، بۆیە بە دوو دڵییەوە گوتم بە داخەوە هێشتا بێژنم.

ــ ئەوجا ئەمە ژن لۆ مامۆستایەکانیش دەهێنین. ژنێکیشت لۆ دێنم. لە دوای ئەو وەڵامەی کاک ئەلوەند دزەیی، هەستێکی تێکەڵاو لە خەنی خۆشی و تاسان دایگرتم. هاوکاتیش هەوڵمدا لە وەڵامەکەی ئەودا جۆرە دڵسافییەک، بەزەییەک بەرانبەر بەمن باوکایەتییەک و ... ببینم.

دواجار لەوە دەچوو ئیتر ژیان قسەیەکی تری بۆ گوتن نەمابێت، بۆیە، تاکوو کاک جەمال پیرە بە چاوەڕوانی بێزار نەکەم و کاتیش چیتر پیر نەبێت، من ئاماژەم بە رۆیشتن کرد.

ــ باشە، ئەوە بزانە خانوومان نییە لێرە لێ بژی! بەس لێرە جێگەی میوانمان هەیە، لۆخۆت وەرە چەند رۆژ لێرە بە. بزانە ئێرە و کۆلیژەکەمانت بە دڵە یان نە. ئەگەر بەدڵت بوو، ئەوە ئەمن "ئیختیبار"ت دەکەم. ئەوجا وەرت دەگرم... باشە. بەس هەنووکە ئەمە برادەرین... کورە وەڵڵا خەلەتم کرد... هەموو خەتای ئەو ئیستیعلاماتەی دەرێ بوو... ئاخر هاتیە دەرێ برادەرت هاتیە. ئێ ئەمنیش ئەتوم بینی، خوایە ئەوە ناناسم... کورە تۆقیم... تۆقی کە ئەتوم بەو جانتایە دیت... گۆتم ئەوە تێرۆریستە. ئەو جەماحاتی شێخ زانایە دەزانی چ لەو خەڵکەیان کردیە... بەس گوێ مەدێ ها... ئەمە بووینە برادەر... وەرە نیوڕانێ لەگەر من نان بخۆ.... بابچین ئەگەر دەتەوێ تەماشای ژوورەکان بکە. هەرچەند هەنوکە وەختی ئیمتەحانە. بەس وەرە بچین لۆخۆت تەمەشای کۆلیژ بکە. ... دکتۆر

دەیویست بەو پێشنیاز و قسانە ناڕەحەتی من کەمبکاتەوە. ئەمەش بۆ من سادەییەکی تێدا بوو، کە بەلای منەوە، زۆر جار مرۆڤ خوێن شیرین دەکات. بۆیە لەگەڵی رۆیشتم و سەیری یەکێک لە پۆلەکانم کرد، کە سیمای رەقی کورسیی تەختە سڕاو و دیوارە داماوەکانی، لە پاشماوەی بێزاری قوتابییەکان دەچوون.

دکتۆر دیسان میوانداری نان خواردنی نیوەڕۆی کردم. بەڵام من برسیەتیم لە یاد نەمابوو. بەدەم خواحافیزییەوە ژمارەی تەلەفۆنەکی خۆی پێدام و بە جەغتکردنەوە گوتی تەلەفۆنم لۆ بکە، هەروا داوایدەکرد ئەو ناخۆشییەی کە روویدا لە یاد بکەم و لە هەنووکەوە من وەک برادەری ئەو بیناسم. "تەواو ئەمن و تۆ بووینە برادەر..".

"ئەوا ئەم ژوورە بۆ گومانکارەکەی سەر کورسی
جێد... دێڵم" (سکاندیناڤیا دوورگەیەکی تر...)

کاک جەمال پیرە لەگەڵمان وەستا بوو، لە من بێئومێتر دەینواند. سەربازەکە، کارمەندی ئیستیعلاماتەکەی دکتۆر ئەلوەند دزەیی بە شێوە گێژییەکەی خۆیەوە لە من و کاک جەمالی دەڕوانی، دەیویست قسەیەک بکات، لەوە نەدەچوو بیزانێ چییە. بەدەم بێدەنگییەوە کاک جەمال ماشێنە سورە تۆخ، یان رەنگ شەرابییەکەی بە گڕ خست و بۆ دواجار ماڵئاواییمان لە کۆلیژە نەگبەتەی سۆران دەکرد، بە دەم تریقانەوەی کێژە هاوڕییەکەم، کە ئاکامی دوا تێدامانی سەرگوزەشتەکانی من بوو، تیشەکانی هەتاو بە نێو باڵای بەرز سەوزی درەختی دارستانەکەوە نیگای شێلوی منییان رۆشندەکردەوە. ژنێکیش کە بەدەم پیاسەوە، روو خۆشانە بە ئاوازێکی ناسک، وانەی رێزگرتنی بۆ سەگە لاسارەکەی باسدەکرد.

## 15

لە جامی ماشێنەکەوە شارۆچکەی دیانە دەتگوت دەریاچەیەکی وشکە و بەناو ئەو پێدەشتەدا پەرژ بۆتەوە. شەقامێکی بەرینی بێسەر و بەر ناوەندی بازاڕۆکەکەی شەقدەکرد و خانوو و دوکانە سادەکان هەژاری ژیانی هاووڵاتیانی ئەو شارەدێیەی نمایشدەکرد. جۆری شارەزایی جەمال پیرە لە رێگا و بانەکانی ئەو دەڤەرەدا، هونەری شارەزایی خەڵکی شاخنشینەکانی بە یاد دەهێنامەوە، کە وەک با بە رێچکەکانەوە بەسەر شاخدا هەڵدەزنێن. جەمال بە رووخساری نائومێدیی منەوە، بێدەنگ ماشێنەکەی لە کۆڵانەکاندا دەسووڕاندوە و هەندێ جاریش هەوڵیدەدا لەو بێزارییەی کە گەمارۆی دابووم، رزگارم بکات. لێ من لە خەمی "تاڵانکردن"ی یادەوەرەیی رابردووی خۆم نقووم ببووم.

"کێوەکانیش بە غوباری بیرەوەرییەکانی سەر شانیانەوە، خۆیان بۆ رابوون ئامادە دەکەن و لێم دەڕوانن".

دوای بەسەر بردنی ژیانێک لە پێشمەرگایەتی و تەمەنێ لە وڵاتی بێگانان، ئێستا، کەسێکی وەک ئەلوەند دزەیی، کە لە سایەی قوربانی هەزاران هاووڵاتی ئەو نەوەی من گرنگترین جومگەی کۆمەڵگا بەڕێوە دەبات، کە زانکۆیە. ئەوەتا خەونی شوێن و پەرێشانی یادەوەرییەکانم "تاڵان" دەکات.

نیگایەکانم، وەک گێژەنی بایەکی گەمارۆدراو، بە دیار هەڵسوکەوتی هێستریانەی ئەلوەند دزەیی و بیرهاتنەوەکانی رۆژانی خوێندنی زانکۆ لە ستۆکهۆڵم، لە نیگایەکانم دەئاڵان و گنگڵیان دەدا. هەندێ جاریش رۆحم باڵندەیەک بوو، باڵە لێکترازاوەکانی پەرتەوازەی دەکرد، باڵێک بەرەو دارستان و دەریاچەکانی سوێد دەرۆیشت و باڵەکەی دیکەش بەرەو لووتکەی ئەو شاخانەی، کە لە دوورەوە لەمدیو تەپ و تۆزی رۆژگارەوە لە شارۆچکەی دیانەیان دەڕوانی، بەدوای خۆیاندا پەلکێشیان دەکردم. نسێی دیوار و درەختەکان بە دەست هەڵاوی گەرمای نیوەڕۆوە، وەک هەراسانی جەستەم، هەڵدەبزڕکان. کاتێک شەپۆلی ئەو خەیاڵ و بیرۆکانە لە رۆحمدا پەنگیاندەخواردەوە، وێنای ئەلوەند دزەییم وەک مرۆڤێکی ناکۆک دەهاتە بەرچاو: بە دیوێک، مرۆڤێکی پەرەوەردی نموونەی خێڵکی دڵساف و، بە دیوێکی تریش، مرۆڤێکی سادە، کە دەبێتە ئامرازی دەسەڵاتێک، کە دواجار دەیکاتە مرۆڤێکی سپڵە بەرانبەر سادەییەکانی خۆی و لە پەیڕەوکردنی دەسەڵاتە پێبەخشراوەکەی... شتێک لە وێنای ئەو جۆرە شێوازەی کە خێڵ لەکاتی دەسەڵاتدا بەرهەمی دەهێنێت...

ئەمڕۆ لە کوردستاندا بە هۆی رەواجی بازاڕی مشەخۆری، واسیتەکاری و وابەستەکاری، توێژێکی فرە لە بەناو نووسەرانی کورد، هەوڵدەدەن هۆکارە دزێو و گاڵتەجاڕییەکانی ئەو واقیعەی کوردستان بە ملی کارمەند و بەڕێوەبەرەکانی فەرمانگە و دام و دەزگایەکاندا بشکێننەوە. بەو یارییەوە هەوڵدەدرێت، خەڵک بەوە فریوبدرێت، کە دەستەی سەرۆکایەتی ئەو دوو حوکمەتەی کوردستان هیچ تاوانێکی نییە. لێرەوە ئاگاییەک بەرهەمدەهێنرێت، کە پێدەگوترێت، "ئاگایی ساختە". شتێکی نوێ ناڵێین، گەر بڵێین، ئەوە بەرپرس و لایەنگرانی ئەو حیزبانەیە کە سەرتاپای فەرمانگە و دەزگایەکانی کوردستانیان داگیرکردووە. هاوکاتیش لە رێگای ساختە و فەرمانی حیزبەوە، زۆرینەی ئەوانەی کە فەرمانگە و دەزگایەکان بەڕێوە دەبەن بریتین لە: نەزان، دز، کۆنە جاش، لووسکە، مشەخۆر، بێئاگا و... هتد.

لە روانگەی ئەو راستییەوە، دەکرێ تێفکرین، کە ئەگەر لە کوردستاندا حیزب، نەک هەر بڕیاردەرە لە هەموو شتێک، بەڵکو کارگەیەکیشە لە دروستکردن و دانانی کارمەندەکانی لە هەموو فەرمانگە و دەزگایەکاندا، چۆن دەکرێت، ئەو شێوازە سووکەی کە تەواوی فەرمانگە و دەزگایە گرنگەکانی

کوردستانی تەنیوەتەوە، تەنیا کەمتەرخەمی و تاوانەکان بخرێنە سەرشانی کارمەند و بەڕێوەبەرەکانیان؟ تۆ بڵێی دکتۆر ئەلوەند دزەیی، کە "زراعە"ی سەردەمی بەعسی خوێند بێت و ئەوەش ئاستی بێت کە من بینیم، شایەنی ئەوە بێت بکرێتە سەرۆکی کۆلیژێکی نوێ و نەوەیەکی سەرگەردان پەروەردە بکات؟ ئایا ئەگەر ئەلوەند دزەیی خۆی، یان دەسەڵاتدارێکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لەوێی دانەمەزراندبێت و بۆ ئەبەد قایمی نەکردبێت، بەمجۆرە رەفتار دەکا؟ لێرەدا ناکرێ دەیان پرسیاریی وەڵام راشکاوی لەم چەشنانە ئاراستەی ئەو حیزب و نووسەرانەی بکەین، کە بەو بانگەشانە، وەک سەرچاوەیەک لە هێز، ئاگاییەکی ساختە بەرهەمدێنن. بەڵێ، من رەفتار و ئاستی زانینی دکتۆر ئەلوەند، وەک رەنگدانەوەیەک، بەرهەمێک لە پارتی دیمۆکراتی دەخوێنمەوە. من دڵنیام، ئەگەر پارتی، وەک حیزبێکی مەدەنی، هەڵگری پرۆژەیەکی نوێی ئاوەدانکردنەوە و بونیاتنانەوەی شارۆچکەی دیانە و کوردستان ؛ واتا خاوەنی پرۆژەیەکی رۆشنگەر و ویستێکی نەتەوایەتی بێت، هەرگیز، نەک هەر دکتۆرێکی وەک ئەلوەند دزەیی نەدەکردە سەرۆکی کۆلیژ، بەڵکو ئاستی تەواوی زانکۆی کوردییش هێندە ئیفلیج و گاڵتەجاڕ نەدەبوو. ئەوە دەسەڵاتە کە بە پرۆژە و ئامرازەکانی ئاست، رەوت، ژیان، ئاگایی و... هتد، هەڵدەوەشێنێتەوە و بونیاتدەنێتەوە، یان بە پێچەوانەوە، وێرانی دەکات. دەسەڵاتی بەعسیش، بەر لە هەموو کەس، بۆ کورد عەیانە. بەڵام ئەو ئاگاییە ساختەیەی کە ئاماژەمان پێکرد، بەرەو ئەو ئاقارەیە، کە ئەو دەسەڵاتە هەوڵدەدا، بەو جۆرە سەرۆک زانکۆ و بەڕێوەبەرەی فەرمانگا و دەزگایانە، پەرە بەو بونیاتە وێرانکراو، بە خێڵ وابەستە، بێئاگا و ... هتد بدات، دواجاریش بەو میکانیزمە رەوایەتی بە خۆی بدا و بەردەوام بێت لە فەرمانڕەوایی خۆی و بەرهەمهێنانەکانی ئەو نموونە دەسەڵاتەی کە لە سەرتاپای کەناڵەکانی ناو کۆمەڵگادا ئامادەیی هەیە.

بەدەم سەیرکردنی دیمەنە لێڵەکانی ئەو دۆڵەی کە ماشێنەکەمان پێچەکانی دەبڕی، ئەو راڤە ئازاردەرانە لە مێشکم هەڵدەقولان و بەرۆکیان بەرنەدەدام.

__ ئەو رەفتارەی ئەلوەند دزەیی لە دڵی خۆت مەگرە، دەبێ بەهاتنەوەی تۆ مەمنوون بن. بە رای من تۆ هەر مەگەڕێوە بۆ ئێرە، لێرە مرۆڤ نەبێتە بەشێک لەو پرۆسەیە، رۆژانە ئازار دەدرێ. تۆ دەبێت بزانی، ئاستی خوێندنی زانکۆ لە سوێد و کوردستان و رەفتاری مامۆستا لەگەڵ قوتابی، دوو دونیای جیاوازن... جەمال بە هەستێکی بێزار و بە دەنگێکی هێمنەوە، دەیویست لە خەیاڵ و ئاوێزان بوون بە هاتنەوە، بڕوام پێبێنێت و واقیعم بە یاد بێنێتەوە. جەمال هێشتا لە دەربڕینی رازەکانی بەردەوام بوو، لە هیکڕا نیگای بۆ پەیکەری تۆپخانەکەی " وەستا رەجەب" راکێشام. بیرم لەوە کردەوە، کە وەستا رەجەب وەک تۆڵەکردنەوەی لەو قەدەری کە چاوێکی "میری سۆران"ی کوێرکرد، بە ویستگەرایی ئەو چاوەی کە نەیدەهێشت سروشتی ئەو شاخە دڵڕفێنانەی کە رەواندوزی لە ئامێزگرتووەو ئەو نیشانانەی کە دەیویست بە رێکی بیانپێکێت، کردە وزەی ئەقڵ و تۆپخانەی پێدروستکرد. ئەمڕۆش پاشماوەی ئەو

پاشایە بەر لە سەدە و نیوێک پێش ئێستا، لە گۆڕەپانێکی بچووکدا روو لە دۆڵە پان و بەرینەکەی ئەوبەری شاری رەواندوز کردووە. ئەو شارەی کە بەر لە سەدە و نیوێک خاوەن دەسەڵات و تۆپخانە بوو، کەچی ئەمڕۆ  تەنیا ئەو پەیکەرەی بە میرات بۆ ماوەتەوە، کە دەبوو وەک ئەزموونێک و هێمایەک، سەرچاوەی هزرینی دەسەڵاتداری ئەمڕۆ بێت.

نیگایەکانم لە نێوان دیمەنی شەقامەکەی تەنیشت دارستانی گەڕەکی "سڤێدمیرە"ی ستۆکهۆلم  و وێنای شاخ و دۆڵە لە رامان رۆچووەکانی دەوروبەری رەواندوزدا هەڵەتە دەبوون و یادەوەریش وەک سەراب قووتیدەدام.

جەمال پیرە لە ژێر کەپرێکی چۆل، کە هەواری مەی خواردنەوەی ئەو بوو لەگەڵ برادەرەکانی، بیرەکانی لەسەر مێزە خۆلاوییەکە دانا و بە یادی دەمەقاڵی دکتۆر ئەلوەند هەڵماندا. جۆگەلە ئاوەکەی بەردەممان، لەبەر هەتاوی گەرمدا، وەک نیگایە شەکەتەکانی ئێمە بەرەو قووڵایی دۆڵی ئایندەیەک، کە بیرکردنەوەی فەرامۆشی کردووە، شۆڕدەبۆوە. بڕوام نەدەکرد ئێرە هاوینەهەواری "جوندیان" بێت! من بۆ یەکەمجارم بوو، ئەو هەوارگە و شارۆچکانە ببینم. تا ئەو رۆژە لە وێنە و ناوی کچەکانەوە ئەو شوێنانەم لە خەیاڵدا بەرجەستە دەکردەوە. سەیرانگایەکی بێناز، کە ئەمەش بەردەوامیەک بوو لەو نەزانییەی کە رۆژ لە دوای رۆژ لە فەرمانگە و دەزگایەکانی کوردستانی "ئازاد" و "مەدەنی" بینیبووم.

پاش گفتوگۆی نێوان من و جەمال بەدەم خواردنەوە، بەرەو ئەو کانییە چووین، کە هاوینەهەواری جوندیان پێی دەنازێت. لە ناو سکی شاخێکەوە ئاوێکی تەزیو هەڵدەقووڵا و عارەبەکان بە رەنگی جلەکانینانەوە، وەک مێگەلێکی تێنوو لە بەردەم ئەو کانییە تێکدەقژقژان و ئێمەش، وەک بیانییەک، دوای ئەو چایە ناخۆشەی، کە دوای نیو سەعات خاوەن چێشتخانە هێرەکە بۆی هێنابن، ئەوێمان بەجێمان هێشت. لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە کانییەکە، بە گەرمای دوای نیوەڕۆ لە تۆقی سەرمەوە تا قوورگم کەسیرە دەبوو. ماشێنەکە وەک ئەوەی لە خەونێکی گەمارۆدراودا هەڵاتبێت، بە رێگایە پێچاو پێچەکانی قەد شاخەکانەوە بەرەو گەلی عەلی بەگ هەڵدەگەڕا، ئێمەش لەناو گەرمی ناو ماشێنەکە بەناو بێدەنگیدا دەتواینەوە. کاتێک سەیرانگای گەلی عەلی بەگم بینی، حەزمدەکرد هەر لە پۆستکارتەکاندا بیبینم. لە چایخانەکە بەرانبەر تاڤگەکە دانیشتین و چایەی لیپتۆنەکەی گەلی عەلی بەگ هی ئەوە نەبوو لە خەوی دەست گەرما و سەر ئێشەی ئەلوەند دزەییم  رزگارمان بکات. هات و چۆ و وێنەگرتنی عارەبەکان لەبەردەم ئەو تاڤگەیە و گێژی چایچییەکان لە کارەکەیاندا، لە دەردی رەفتاری دکتۆر ئەلوەند گرانتر بوو. پیاوێکی رەشتاڵە بە پەقرەجێکی هەنگوینەوە هاتە لامان و لەبەر عارەباندنی ئەو سەیرانگایانە، بە زمانێکی تێکەڵاو لە عارەبی و کرمانجییەکی نامۆ، بە سادەییەک لە هی دڵی مرۆڤە سروشت نشنینەکان، پەسندی هەنگوینەکەی خۆی بە گوێی ئێمەدا دەدا. کاتێک  گوتم بۆ بە عارەبی قسە دەکەی، بەسەر خۆیدا شکایەوە، پاشان، وێڕای ئەوەی کە هەژارییەکەی وایلێکردبوو کە لە

بادینانەوە بێت لێرە  هەنگوینەکەی بە عارەبە گەڕیدەکان بفرۆشیت، هەستە کوردانەکەی بەوە جەغتکردەوە، کە چونکە من کوردم، هەرزانترم بداتێ. لەوکاتەی کە بەدەست گیرۆدەبوونی بیرهاتنەوەی رەفتاری ئەلوەند دزەیی و گەرمای ئەو شاخانە، بە بۆنی هەموو خواردنێک هێڵنجم دەهات، بەڵام بە خەیاڵی ئەوەی کە دڵی ئەو مرۆڤە لە خۆم سەرگەردانترە بدەمەوە، نیو کیلۆ هەنگوینم لێکڕی. هەنگوینێکی سروشتی کە بۆنی شەفای سروشتی خاکی کوردستانی لێدەهات. ئەو هەنگوینە بووە تێشووی نیگایە سەفەرکردووەکانم. بەڵێ، لێرە لە ماڵەکەم، کە پڕە لە بۆنی تاراوگەی یادەوەریی، ئەو هەنگوینە بۆ یەک هەفتە بەدیار تیشکەکانی هەتاو بوو بە ئاوەدانی نانی بەیانیان و چێژێکی ئیرۆسی بۆ باڵەکانی ئەو نیگایانەی، کە لە نێوان دوو تاراوگەدا لە کۆچدایە.

بەڵی، لەو مەتبەخەی کە هەموو بەیانیان زوو هەتاوی تاراوگە بە نیگایە تازە شۆراوەکانی بەیانی باش لە یادەوەریەکانم دەکا، بەدەم خواردنی نانی بەیانییەوە باسی کێویەتی مێشەهەنگوین، کارامەیی گوندنشینەکانی کوردستان لە دەرهێنانی ئەو هەنگوینە لە ناخی درەختەکانی بنار شاخ، دیمەنی تاڤگەکەی گەل عەلی بەگ و داستانی کڕینی ئەو هەنگوینەی، کە لەسەر مێزەکەماندا چێژ و نازی بێگەردی خۆی جەغتدەکردەوە، بۆ کچە هاوڕییەکەم دەگێڕایەوە. داستانی تولانی هەنگوین، لە کۆچەکانی نیگای یادەوەری تاراوگەکانم بە لق پۆپتر بوو. ئەو هەنگوینەی، کە تاکە دیارییەک بوو بۆ ئیلیۆنۆرام هێنابوو، دوای خەوزڕانی شەوەکان بە دەست بە ئاگاهاتنەوە لە "تاراوگەی ماڵ"، بە سروتی حەرفەکانی هەنیەی تاراوگەی ماڵ، شوێن، بە دەم حیکایەتی دۆناودۆنی تاراوگەکانی بوونەوە، رۆشندەکردەوە.

دوای رۆیشتنی هەنگوینفرۆشەکە، شتێک نەمایەوە بمانخافڵێنێت. بەرەو ئەو ئاودەستە چووین، کە وەک رەبییەکی سەربازی لەسەر بەرزاییەکە دەیڕوانییە ئاوەدانییەکەی گەلی عەلی بەگ.  لە پاڵ دیوار گەرمەکەی ئاودەستەکەدا،  دوو منداڵی حەفت هەشت ساڵانە راوەستا بوون، کە رەنگیان لە کەڤرێکی داغبووی بەر هەتاوەکە دەچوو.  هەر کە گەیشتمە لایان داوای پێنج سەت دیناریان لێکردم.  دوای ماوەیەکی زۆر لە چاوەڕوانی  بەتاڵبوونی  ئاودەستەکە، عارەبێک، کە دەتگوت لەوێ پرۆژەی دەستوور و برایەتی کورد و عارەب ئامادە دەکات، هاتە دەرەوە، بەدەم رێکخستنی جزشداشەکەیەوە بە عارەبی گلەیی لە نرخی گرانی میوانداری  ئاوەدەستەکە، لەو منداڵانە دەکرد.

ئەگەر دوێنێ دەسەڵاتی سەددام ئەو سەیرانگایانەی کوردیان عاراباندبێت، کەچی ئەمڕۆ بەمجۆرە ئامادەبوونی ئاپۆرەی عارەب لەو سەیرانگایانە و زاڵبوونی زمانی عارەبی، تەنیا مانای بەردەوامی ئەو سیستەمەی پێشوو دەگەیەنێت. لەوەش زیاتر، ئەو سەیرانگایانە لە ئاکامی ئەو بە مزگەوتکردنەی کوردستان، هیچ سیمایەکی سەیرانگای نییە.

بە دەست ئاڵۆزی ئەو ئاگاییە خەمهێنەر و برکی گەرمای ئەو دۆڵە قووڵانەی، کە ماشێنەکەمان وەک مێرووله بەسەریاندا هەڵدەزنا و غلۆر دەبۆوە، هەستمدەکرد ناخم دەتوێتەوە و کەمێکی تر بەسەر سەرە مەرگی خەونێک، کە یادەوەری منی کردە حیکایەتێک، دەرشێمەوە.

جەمال کە دەیزانی رێگایەک بۆ دەرچوون لەو تەنگژەیەی کە ئەمرۆ گیرۆدەی کردین نەماوەتەوە، بۆیە نەواری گۆرانییەکانی دەگۆڕی و دەچۆوە ناو بێدەنگییە تێنووەکەی خۆیەوە. ئارەقە وەک مێرووله بە ژێر باڵەکانمەوە دەجەجمجمان و لە هیکرا ماشێنەکە لەسەر پردەکەی سەیرانگای "بێخاڵ" راوەستا. لەوێش عارەبەکان بە درێژایی لافاوی جۆگەلە کەف سپیی و ساردەکانەوە، کە لەهەناوی شاخە بەرزەکەوە هەڵدەقووڵان و لە وێنای تاڤگەیەک فەوارەیان دەکرد و بەدەم گێژەنەوە لە خوار پردە باریکەڵە دارینەکەدا، تێکەڵاوی یەکتر دەبوون. ژنە جل رەش و رووخسار داپۆشرا و پیاوە عەگال بەسەرەکان، وەک گاڕانە گامێشێکی میزگیراو، لەناو شەپۆلی ئاوەکەدا چوقیبوون. بەشێکیشیان لەسەر رێچکە باریکەکانی ناو دوکان و رۆخی جۆگەلەکان بە گێژی وەستابوون. ئێمەش بە پاڵەپەستۆ خێرا بە ناویاندا، بەسەر پلیکانە بەردینەکانی ناو قەیسەریەکە کە ئاو لووسی کردبوون، سەرکەوتین. لە نزیک سەرچاوەی کانییەکەدا لەسەر ئەو بەردە تەختەی کە وەک سەکۆیەک دەیڕوانییە خوارەوە، دانیشتین.

بەدەم زیندە خەوێکەوە کە چاوەکانم کردەوە، ئیلۆنۆرەی هاوڕێم دەستی لەسەر روومەتم دانا بوو. تیشکەکانی نارنجی کازیوە بە نێوان پەردەی پەنجەرەکەدا دەرژانە ناو ژوورەکەمانەوە. بەدەم ئەو ژانە سەرەی، کە وەک بزمار لە چاوەکانمدا چەقیبوو، ئاراستەی شوێنکاتەکانیش لە خەونە هەراسانەکەمدا وێڵببوون.

## 16

کات بە رووخساری خۆڵاییەوە ئاوڕی لە ئێوارە دەدایەوە. نیگەرانی هەموو گیانی داگیرکردبووم و شوێنەکان دادیان نەدەدام. جەمال حەزی دەکرد ئێوارە لەو دەوروبەرە بمێنینەوە و شەویش پێکەوە لە ماڵی ئەو بەسەر ببەین. مرۆڤ لە باری بێزاریدا بەناو خۆیدا دەچێتەوە و مەیلی تەنیایی دەکات. بۆیە لەبەر خاتری تەنیایی دەبوو بگەڕێمەوە هەولێر. ماشێنەکە بە گرانی رێگایە پێچا و پێچەکانی بناری چیای کۆڕەک بەرەو خەلیفان دەبڕی. هەتاو لەسەر شانی "سەرچیا" و "بانەسەر"ەوە بە بێدەنگی تیشکە نارنجییەکانی بەسەر خەلیفان دەپڕژاند و نیگایەکانم لەناو سێبەرە ئەسمەرەکەی بناری سەرچیا کۆچیدەکرد. کەمێک بەناو شەقامە پەرت و خوار و خێچەکانی شارۆچکەی خەلیفان خولاینەوە و پاشان بەرەو سەر شەقامی هەولێر رۆیشتین. خەلیفان هەروەک ئەو رۆژەی، کە 25 ساڵ پێش ئێستا ماڵئاواییم لێکرد، دەینواند. دیمەنی خەلیفان لەو جەستەیە دەچێت کە تەمەن قۆقزتری بکات. گەرمای بەجێماوی هەتاو لەناو هەوای ئێوارەدا پەنگیدەدایەوە و هەستم دەکرد سەر ئێشەکەی منیش وەک

ئاسنێک لە چاوەکانم دەتوێتەوە. تاکسییەک راوەستا، هەروەک ئەو رۆژەی کە بۆ رزگار بوون لە رژێمی سەددام و بوونە پێشمەرگایەتی، بە سواری پیکابە سپییەکە بەرەو "دۆڵی خۆشانەوەتی"، بۆ دواجار خەلیفان بەجێبێڵم، دوای ئەوەی زانی ئەمشەو لەگەڵی نامێنمەوە، بە دڵگیرییەوە ماڵئاواییمان لە یەکتر کرد.

ئەو کورە گەنجەی کە لە پێشەوە دانیشتبوو، بە دەنگی گۆرانییەکە دەگەشایەوە و منیش بەر لەوەی ماشێنەکە بگاتە ئەو دووڕیانەی کە بەرەو "دۆڵی خۆشناوەتی" دەڕوات، دەمویست بە ژانی نیگایەکانمەوە تاوێر تاوێر، شاخاو شاخ، دۆڵا و دۆڵ و لووتکە بە قۆپکەکانی "حەمەدە ئاغا"، پانتایی "بەنی هەریر" بناری "کۆرەک"، شاخەکانی پشت گوندی "بناوێ"، " ، "کێل کێل" و ... تەیبکەم. لەگەڵ تێپەڕینی ماشێنەکە، ئەو رۆژەی کە لە هەولێر بەرەو پێشمەرگایەتی هەڵاتم و گەڕانەوەی ئەمڕۆ بۆ هەولێر، وەک رەوتی پێچەوانەی دوو رووبار؛ واتا نیگای یادەوەری تاراوگەی پایزیی و یادەوەری لاویەتی، یەکتریان دەبڕی. کاتێک بەرەو "دۆڵی بالیسان" رووم وەرگێڕا، یادەکان وەک هەور بەسەر برژانگەکانمەوە دەچۆڕانەوە و "دۆڵی بالیسان"یش وەک سێبەرێک لە شوێنپێیەکانی یادەوەریی نیگایەکانمی قووتدەدا. ئێوارە بەناو ئاسۆی خۆڵگرتوودا دەینالاند و سێبەری دۆڵەکانی چیای "سپیلک" لە یەکتر دەئالان. نیگایەکانم لەناو ئەو بۆشاییەی، کە لە نێوان شوێنپێی یادەوەریی لاویەتی و یادەوەریی ئەم ئێوارەیەی کە ئێستا لە بینایییەکی ژانگرتوودا ئاوادەبێت، سەوڵی خەم لێدەدا، بوونیش لە مەحاڵیەتی فەرامۆشکردنی شیرازەکانی شوێنکاتی ئێستا و رابردوودا بەدەم گفتوگۆی عەدەمێکەوە هەڵدەشاخا.

ئەم ماشێنە بە رەوتە رارایەکەی، هەردەڵێی سەرەوژێر بە دوای کاتێکی تالانکراودا شۆڕدەبێتەوە. هەردەڵێی ئەو ماشێنەیە، کە بۆ دواجار من و رۆستەم حەمەدەمینی هەڵگرتووە و ئەمنەکانی هەولێریش بەدواماندا کەوتوون. ئەوەتا نیگای تاراوگە لەمدیو سێبەری ئێوارەیەکی مارانگاز بە بیرهاتنەوە "تالانکراو"ەکانم، وەک ئەو هەتاوەی کە بە یادە پرژاوەکانی ئاسۆکەی لێڵکردووە، لەبەرخۆی دەپەیڤێ.

## "وێدەچێ ئەو رۆژە نەخۆشە تایەکەم گەرمتر بکا؟"

موحسین سیاسی، وەک خوێندکارێکی زانکۆ و بەرپرسێکی بوێری "کۆمەڵەی رەنجدەران" نەبوو، بەڵکو رۆناکبیرێک بوو بە دەنگی بێدەنگی لە تاقیکردنەوەی ژیان بەهای رۆشنبیریی بەرجەستەدەکردەوە. بە واتایەکی تر، موحسین سیاسی، وەک رۆناکبیرێکی شۆڕشگێڕ دەژیا؛ واتا خەونی ئەو دەست بەسەر داگرتنی ژیان بوو. لە رۆژگارێکدا کە رۆناکبیرگەل و خەڵکگەلی کورد بە هەڵواسینی رەسمی سەددام لە یەخەیان پێشبڕکێیان دەکرد، کەچی "موحسین سیاسی" هەمیشە بە

لەشی پڕ لە بڵاوکراوەی ڕێکخراوی کۆمەڵە و دەمانچەوە لە شەقامە ترساوەکانی هەولێر دەسووڕایەوە. بەڵام ئێستا موحسین لەناو شوێنپێیەکانی یادەوەری مندا، وەچەیەک لە منداڵە سپڵەکانی ئەو خەباتە رابردووە، "تالآنیکردووە".

ڕۆستەم ئەو هاوڕێیە جوانە بوو کە لە جیهانی ڕۆشنبیریی کوردیدا لە من بەلەد تربوو. هەتا ئەو چێشتەنگاوەی کە لە "نەقلیاتی هەولێر" ڕێگای چیامان گرتبەر، پێکەوە ڕۆژەکانمان لە قوتابخانە و ئێوارانیشمان لە "گازینۆی لیالی" و "مەچکۆ" و "باکوور" بەسەر دەبرد. بە کورتی ئێمە دوو سێبەری جمک بووین. ڕۆستەم ئێستا لە ژیاندا بە ژیانی خێزانداری و کاری خۆیەوە سەرقاڵە. بەڵام ئەو لەو جیهانەی رابردووماندا هەمیشە ئامادەیە.

- تۆ هەویەکەت! دەنگی سیمای ئەو پاسەوانە بێزارکەرە لاواندنەوەی نیگایەکانمی قووتکرد.

- ئەوە پاسەپۆرتە چییە، ها بگرە نازانم چییە. پاسەوانی بازگەکەی شاری شەقڵاوە، بە گوێ پێنەدانێک بەدەم ئەو قسانەوە پاسەپۆرتەکەی بۆ گێڕامەوە.

- بەو جۆرە وڵات و خەڵکم بۆ دەپارێزی. ئافەریم لەو حوکمەتەی کە پاسەوانی بازگەی دەروازەی شارێکی وەک شەقڵاوە، نە دەزانی پاسەپۆرتێک بناسی و نە لێشم دەپرسێتەوە. ماشێنەکە هێشتا پاسەوانەکەی بەجێنەهێشتبوو، ئەو قسانەم لە زاردا دەرچوون. بەڵام پاسەوانەکە وەک ئەوەی گوێشی لەمن نەبێت خەریکی قسەکردنبوو لەگەڵ شوفێرەکە. کوڕە گەنجەکە بە خەندەیەکی سادەوە لە شەیدایی خۆی گۆرانی وتن دەدوا:

- ئەز لە "چایخانەی مەچکۆ" چوارشەمان ستران دبێژم. لێ ئەز خەڵکی دەڤەرێ ئامێدم. لەگەڵ لە خۆ پەیڤینی ئەو کوڕە لاوە، هەستم کرد ئەویش لەگەڵ مندا هاوبەشییەکی هەیە، کە پەڕاگەندەییە. هاوکاتیش وێنای ئەوم دەهاتە بەرچاو، کە چۆن لە گازینۆی مەچکۆ گۆرانی دەڵێ. لەو دەمەدا لە نێوان لە خۆ دوانی ئەو کوڕە و بەیادهاتنەوەی ئەو ڕۆژانەی کە بەر لە بوونە پێشمەرگایەتی، لە سەرەتای 1981دا بۆ دواجار بە نیگەرانییەوە لە پیاڵەیەکی ژیکەڵەدا دوا چایەم خواردەوە، کە لەبەر ڕەنگی ڕەشی چایەکە، بەس پژدێنە ئاڵتوونییەکەی دیار بوو. بەدەم گوێگرتن لەو کوڕە و تێکەڵاوبوونی دیمەنی چیا و ئەو وێنانەی کە نیگایەکانم لە سەفەری یادەوەریدا ڕاویدەکردن، شوێنپێیەکان دابەشیاندەکردم.

## 17

ماشێنەکە بە ناڵە ناڵ پێدەشتی "شێرەسوار" ی بڕەدەکرد و دیمەنەکانی گوندی "کۆڕێ" و لۆفەکانی مەسیف، لەمدیو خۆڵبارانەکەوە، بە چاوە ژانگرتووەکانم تەینەدەکران. کاتێک ماشێنەکە گەیشتە گوندی "حوجران"، شەبەنگی زەردەپەڕێکی سەرەتای زستانی 1984، کە وەک مەفرەزەیەکی پێشمەرگە، لەبەرچاوی سەربازەکانی ڕژێم هاتینە ناو ئەو گوندە، لە یادەوەری خافڵاومدا بێدار دەکردەوە

و نیگایەکانی بەرەو گوندی "هەنارە" پەلکێشدەکردم.(ئەو کاتەبوو کە تازە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ رژێم پێکهاتبوو، مەفرزەیەکی گەورەی ئەوانیش بەدوامانەوە بوون). لەو ئێوارە هەڵکورماوەدا مەفرزەکەمان دوای نانخواردن لە گوندی "حوجران" بەرەو گوندی "هەنارە" بەرێکەوت. لە نیوەشەوێکی بە باران تەربوودا میوانی ئەو گوندە بووین، کە تازە بەدەم زیندەخەونی سپێدەیەکی "هەناریی"ەوە دەبۆرژا. گڵۆپەکانی "سەری رەش" بەسەر چیای سەفینەوە بە دڵەراوکێوە بەسەر گوندی هەنارەیان دەڕوانی، کە سەگەکان بە دەم بۆنی هاتنی ڕووداوێکی نەگبەتەوە لە وەڕین نەدەکەوتن. خەڵکی گوندی "هەنارە" بە میوانداری پێشمەرگەوە رانەهاتبوون، چونکە هێشتا لە ژێر کۆنترۆلی رژێم بوو. بۆیە بەو نیوەشەوە میوانداریییەکی گەرمیان کردین. من بە رێکەوت ماڵی مەلای گوندیم بەرکەوت، مخابن، وەک جەستەی کوژراوی ئەو مەلایە، ناوەکەی لە یادم نووستووە. تا درەنگانی شەو لەگەڵ ئەو مەلایە زۆرزان و مەحشەر بەتامە کەوتینە گفتوگۆ. گوندی هەنارە مەلایەکی هەبوو، وەک ئاوی هەنار، سەرنجکێش بوو. ئەو مەلایە هەر تەنیا لە مانایەکانی ئایین و خواناسییدا دەم گەرم نەبوو، بەڵکو لە جیهانی زانست و تیۆری سیاسیشدا خوێندەوارێکی خورت بوو.

کاتێک من و هاوڕێیەک وەک دوا پاسەوانی ئەو بەیانییە سەیری ئەو شەقامەمان دەکرد، کە نێوان شەقامی هەولێر- مەسیف و شارۆچکەی "نازەنین" ی پێکەوە گرێدەدا، دەسترێژێکی "بیکەیسی" جەستەی من و هاوڕێیەکەمی راچڵەکاند.

لە هیکڕا هێرشی جاش و سەربازەکان دەستییپێکرد، کە هەر لە ئێوارەوە بە دواماندا هاتبوون و گوندەکەیان گەمارۆ دابوو. بەدەم هێرشی هێزی رژێمەوە، دەبابەکانیش لە بەرزایی ئەو رێگایەی کە لە شارۆچکەی نازەنینەوە دەهات، دەرکەوتن. بەڵام لەبەر ترسی گولە ئارپێچییەکانی پێشمەرگە ئارپێچی وەشێنەکە، تا ماوەیەکی زۆر نەیانتوانی لەودیوی ئەو بەرزاییە سەر دەربهێنن. 13 کۆپتەریش لە سەربازگەی "رەشکێن"ەوە وەک تارمایی بەرەو ئێمە دەهاتن. عەلی حاجی، فەرماندەی مەفرەزەکەمان بە مایکرۆفۆن داوای خۆ بەدەستەوەدانی سەربازەکانی دەکرد و بە حەماسەوە دەیگوت: هاوڕێیان بیانکوژن، هیچ نین رژێم ورەی روخاوە... بەدەم هاوارەوە فەرمانیدەدا کە ئێمە لە سەنگەرەکانمان خۆمان قایمبکەین. خەڵکی گوندەکە بە کۆمەڵ ماڵە هەڕەشەلێکراوەکانیان بەجێدەهێشت.

لە هیکڕا تۆپێک لایەکی ئەو خانووەی بەسەر من و هاوڕێ ئەبو دونیادا رووخاند. ئیتر دوای رووخانی ئەو خانووە، لەگەڵ شاخەوانە سوور، کە دوای حەفتەیەک لە گوندێکی نزیک شارۆچکەی دێگەلە بە کلاشینکۆفەکەی کۆپتەرێکی پێکاند، گۆڕی "پیاوچاکێک"مان کردە سەنگەری خۆمان، کە دە مەترێک لە دیوی رۆژهەڵاتی گوندەکە نزیک بوو.

بەرە بەرە ماڵەکانی گوندی هەنارە کاول دەبوون و ئاگریش لە کۆلانەکان بەدەم نێلە نێلەوە تەشەنەی دەکرد. لەگەڵ هاتنی بوولێڵی ئێوارە، دوای دوانزە سەعات شەڕ کردن لەگەڵ دەیان کۆپتەر، دەیان تانک و تۆپ و دەیان هەزار سەرباز و جاش، بە هەڵگرتنی دوانزە بریندار و بە جیهێشتنی پێشمەرگەیەک، ئەبو شوهدی لەژێر خانوویەکی رووخاوی ئاگرگرتوودا، دڕمان دا بە هێزی رژێم، کە وەک دڕکەزی دەوری گوندی هەنارەیان گەمارۆ دابوو.

دوای ئێمەش تا بەیانی هێزەکانی رژێم بێوچان گوندی هەنارەیان گوللەباران دەکرد، بە خەیاڵی ئەوەی کە ئێمەی پێشمەرگە لەوێدا ماوینەتەوە. بەیانیش زوو بە بلدۆزەر گوندەکە لەژێر زەویدا دەشارنەوە و سەرتاپای خەڵکەکەی لە سەربازگەی "رەشکین"ی نزیک هەولێر لەمدیو دڕکەزی بەند دەکەن. ئەوەی کە دەگێڕنەوە، گوایە داوایان لە مەلای گوندی کردبوو، کە وەک "خائین" باسی ئێمە بکات، کەچی ئەو مامۆستایە، چونکە لەگەڵ خۆی راستگۆ دەبێت، پێیان دەڵێت، بە گوێرەی دینی ئیسلام قسە بکەم، ئەگەر ئەوانە "پیاو چاک" و "مەلائیکەت" نەبوونایە، چۆن بەو ژمارە کەمە و بە کلاشینکۆف دەیانتوانی 12 سەعات لەگەڵ دەیان تەیارە، تانک و تۆپ و ئەو هەموو هێزە سەربازییە شەڕ بکەن.

نیگایەکانم بەدەم ژانەوە پچڕ پچڕ، دیمەنەکانی ئەو شەڕەی بۆ گوندی هەنارە نمایش دەکردەوە.

ئەوکاتەی حەفتەیەک لەمەبەر کە ئێوارەیەک لەگەڵ حەمە عەباس، کەریم کاکە، موتەلیب عەبدولا، شێرە، عەبدولا گۆران، کاک سەلاح و دکتۆر ئازاد، بۆ سەردانی گوندی هەنارە چووین، لەسەر چۆمەکەی هەنارە، ئەو پیاوەی کە لەگەڵ خیزانەکەی بەدیار بەرگرتنی بەروبوومی باخچەکەی جگەرەی دەکێشا، لێمان هاتە پێش و هاواریکرد:

–" بەو قورئانەی یان مەیتی دەیان کەسە دەکەوێتە گۆڕێ، یان نابی بێنە ئێرە. ئەنگۆ دێن لێرە دەخۆنەوە. ئەها ئێرە هەموو شووشەیە. ئەوێ رۆژێ پیاوەکم لەسەر ژنەک گرت دەیگا. ئەنگۆ دێن لێرە گانان دەکەن. بە قورعان لێ ناگەریم بێنە پێشێ. ئەو پیاوە بە تووڕەییەوە دەهات و دەچوو و لە ئێمەی دەخوڕی..."

من بە دەم یادی ئەو شەڕەوە بەرەو لای چووم و حەزمدەکرد سڵاوێک لەو پیاوە بکەم. سڵاوکردن لەو خەڵکە جوانەی گوندی هەنارە، سڵاو کردنبوو لە یادەوەریی خۆم.

لەبەردەمی وەستام و گوتم:

– خارە بۆ وا تووڕەی، ئەمن یەکێک لەو پێشمەرگانە بووم کە لەساڵی 1984 لە گوندەکەی ئێوە شەڕمانکرد. من ئەو برادەرانەم هێناوە هەتا سڵاوتان لێبکەم.

کاتێ باسی ئەو شەڕەم کرد، ئەو پیاوە تاوێک بێدەنگ بوو، بە وردی تەماشای کردم و گوتی:

-" ئەتو لەو شەڕە بووی هەنووکە ئەوها لۆمن هاتیە ئێرە. کورە ئەوە جلی پیاوانە لەبەرتکردیە. ئەو گوندەتان کاولکرد، ئەلحانیش هەموو ئەو جاشانەی کە هاتبوون شەڕ لەگەر ئەنگۆ بکەن و گوندی مەیان کاولکرد، هەنووکە وەک جاران لەو حوکمەتە دەخۆن ... دەزانم هەر ئەو جاشانەی کە هەنووکە حوکمیان بەدەستە، خەبەریان لە ئەنگۆ دابوو. هەنووکە ئەتۆ لۆمن ئەوها هاتیەوە گوندی هەنارە. کورە ئەتو بە پیاوان ناچی، کا حیزبی شیوعی چی لۆ هەنارە کردیە، شیوعییەکان گوندیان لێ تێکداین و هەنووکەش وەکی خۆی ماوە، هیچیان لۆ نەکردین..."

کابرا بەدەم ئەو قسانەوە، تووڕەییەکەی لە رووخساری کاڵدەبۆوە و لە برِی ئەوە، وەک من، یادەوەرییە "تاڵانکراو"ەکەی ئەو شەڕەی دەلاواندەوە و داخی ئەو جاشانەی، کە ئەوکات لەگەڵ رژێمی سەددام بوون و گوندەیەکان وێرانکرد، ئێستاش وەک جاران حوکم بەدەستن، لە دڵ دەردەکرد.

-" وەڵڵا ئەمە حەتا هەنووکە هەر باسی شەڕی شوعیان دەکەین. شەڕەکی زۆر گەورە بوو. ئەرێ ئەوانی دیکەی لەو شەڕە بوون، چیان لێهات؟ پێشمەرگەکەتان بەجیهێشت لە بن خانی...."

ژنەکە کاتێک زانی من لەو شەڕە بووم، بە ئاکارێکی پاکی گوندانە سەیری دەکردم و بە دەنگێکی خۆمانەی پڕ لە میهرەبانی، بەو قسانە هاتە ناو گفتوگۆی نێوان من و پیاوەکەی. کاتێک ئەو پیاوە باسی حیزبی شیوعی عێراقی دەکرد، کە بێ ئەمەکانە گوندی هەنارەیان فەرامۆشکردووە و هیچیان بۆ نەکردووە، نەیدەزانی کە ئەو حیزبە، نەک هەر داستانی ئەو گوندەی لە یادەوەریی نەماوە، بەڵکو لە وابەستەیی دەتلێتەوە.

بەدەم ئاخاوتنە خەمینەکانی ئەو خێزانە هەژارەی گوندی هەنارەی یادەوەریی "تاڵانکراو"وە، شەوقی شوێنپێیە پرژاوەکانی ئەو رۆژگارە تاڵە گەمارۆیان دەدام: لە ساڵی 1981دا بوومە پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و رەوانەی بارەگای "ناوزەنگ" کرام، لەوێش بەرپرسێکی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بریاری دا بە "خەت مایل" لە رێزی پێشمەرگەکانی "لەشکری ئیسلامی کوردستان" کاربکەم. ئەمەش ناچاری کردم روو بکەمە حیزبی شیوعی عێراق. لەو رۆژگارەدا حیزبی شیوعی عێراق، ئەوەندەی لە خەمی هێنانەوەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بوو بۆ ناو کوردستان، ئەوەندە لە خەمی خۆی نەبوو. یەکێک لەو هۆکارانەش کە ئەو حیزبە لەوەتەی هەیە بەدەستییەوە دەناڵێنێت، نەبوونی ئیرادەی دەسەڵاتە. بەڵام مێژووی ئەو حیزبە لە خۆ کردنە پاشکۆی پارتی و فەرامۆشکردنی دەسەڵات، کاری من نییە. حیزبی شیوعی لە دوای راپەڕینی 1991ەوە تا ئەمڕۆ بە لاوازی هەڵوێستەکانی گۆڕ بۆ خۆی و یادەوەری پێشمەرگەکانی هەڵدەکەنێت. ئەمڕۆ ئەو حیزبە، نەک هەر هەموو مێژووی خۆی فەرامۆشکردووە، بەڵکو لە ترسی پاراستنی چەند بارەگایەک بۆ بەرپرسە تەقاویتەکانی، ئامادەیە سازش لەسەر هەموو شەهیدەکانی بکات. هەر بۆیە راگەیاندنی ئەو حیزبە

ئیفلیجترین راگەیاندنی کوردستانە. ماوەی نیو سەدە، ئەگەرچی حیزبی شیوعی لە رووی سیاسییەوە مایەی رەخنە بووە، بەڵام راگەیاندنەکەی پێگەیەکی دیار بوو بۆ رۆشنبیرە ناسراوەکانی کوردستان. کەچی ئێستا راگەیاندنی قەیرانی حیزبی شیوعی لە دەبەنگی کادیرە نەخوێندەوارەکانی راگەیاندنەکەیدا بەرجەستە دەبێتەوە. لە کاتی پێشمەرگایەتیدا، ناوەرۆک و ئاستی بەرێوەبردنی رۆژنامەی "رێگای کوردستان"، زۆر لە ئێستای ژێر سایەی ئەو حوکمەتە مەدەنییەی، کە رێگای بەو حیزبە داوە بە وابەستەکراوی هەناسە بدات، باشتربوو. ئەگەر پێشتر بە لای خەڵکەوە کادیرە رۆشنبیرەکانی حیزبی شیوعی بە قسەزان دەناسرانەوە، کەچی کادیرەکانی ئێستای راگەیاندنی ئەو حیزبە دەست و پێ سپیترین بەناو رۆژنامەنووسن. لە سایەی ئەو کلۆڵییە رۆشنبیرییەی کە تووشی ئەو حیزبە بووە، تەواوی داستانی ئەو شەڕانەی کە پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە تۆماریان کردبوو، فەرامۆشکراون. لەوەش خەمین تر، لە کۆتایی ساڵی 1981دا، کە تازە هاتبوومە ناو حیزبی شیوعی عێراق، بۆ یەکەم جار، بەهۆی هاتنەخوارەوەی مەفرەزەیەکی هیلاکی پارتی دیمۆکراتی کوردستانەوە بۆ "پشت ئاشان" و گوندی "وەرتێ" ناچارکرام بەشداری"شەڕی براکوژی" بکەم. ئەوکاتە بوو کە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، رێگایان بە پارتی نەدەدا بێنەوە ناو ئەو ناوچە رزگارکراوانەی کە بەدەست پێشمەرگەوە بوون. لەوێ رۆژێوە وێنای پێشمەرگایەتیم لەبەر چاو کەوت. ئەوکات بۆ پێشمەرگە لە دوو رێگا زیاتر نەبوو: تەسلیم بە رژێم بوونەوە، یان مانەوە لە شاخ. بەڵام بۆ ئەوەی کەرامەتی خۆم و خەونەکانم بپارێزم، کە ئەوەش هەمیشە بۆمن زۆر گرنگە، بێجگە لە بەردەوامی مانەوە لە شاخەکان و بەستنەوەی قەدەرەکانم بە قەدەری پێشمەرگایەتییەوە، رێگایەکی ترم نەبوو.

ئەوەدەم پێشمەرگەکانی پارتیش دەم نادەم بە رێگای حیزبی شیوعییەوە دەهاتنەوە کوردستان. ئەو دەم ئەوەندەی من ئاگام لێبوو، هەر جارەی کە پێشمەرگەکانی پارتی دیمۆکرارتی کوردستان لە ئێرانەوە بۆ کوردستان دەهاتنەوە، دوای سووکە شەڕێک لەگەڵ پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بە نیوەچڵی شەڕەکەیان بۆ حیزبی شیوعی بەجێدەهێشت و بۆ ئێران تێهەڵدەچوونەوە. بەڵی ئەوەندەی من بزانم، پارتی دیمۆکوراتی کوردستان، حیزبە بەناو هاوپەیمانەکەی حیزبی شیوعی عێراق، هەتا راپەرینەکەی 1991 خەڵکی کوردستان، لە دەڤەرەکانی هەولێر، سلێمانی و کەرکوکدا، هێندەی پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی کاریگەری نەبوو، کەچی ئێستاش لەسەر حیسابی سەدان ئەو پێشمەرگە شۆڕشگێرانەی کە داستانی گەورەیان تۆمار کرد، خۆی کردۆتە خاوەنی مێژووی هەموو شەڕەکان. بەمجۆرە حیزبی شیوعی، نەک هەر درۆ لەگەڵ مێژووی خۆی دەکا، بەڵکو لە ناشیرینیترین شێوازدا، درۆ لەگەڵ ئەو پێشمەرگانە دەکات کە بەشێکی زۆری ژیانییان لەگەڵ ئەو حیزبە بەسەر برد. هەربۆیە ئەو حیزبە ئەمڕۆ نەک هەر وەک حیزبێک بوونی بێمانایە، بەڵکو مانەوەشی دەبێتە مایەی "تاڵانکردن"ی یادەوەری ئەو هەموو پێشمەرگەی کە لە قۆناغی بەرەنگاریدا، ژیانیان کردە قوربانی.




ئەمڕۆ حیزبی شیوعی، لە بری ئەوەی قسەیەکی هەبێت بەرانبەر ئەو گەندەڵیەی کە حیزبە هاوپەیمانەکەی لەبەرچاویدا پەیڕەوی دەکا، کەچی بە پێچەوانەوە، لەو کارەدا باشترین هاوپەیمانی پەیڕەو دەکا. حیزبی شیوعی بەناوی پێشمەرگە دێرینەکانی، بە تەقاویتکردنی کۆمەڵیک کەس و کاری کادیرەکانی، درۆ لەگەڵ پێشمەرگە و خێزانی ئەو هەموو شەهیدە دەکات. ئەمڕۆ ئەو حیزبە، نەک هەر بێڕێزی بە کۆمەڵێک پێشمەرگە دەکا، کە لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەسەر برد، بەڵکو لە پێناو وابەستەییدا ئامادەیە خۆی بسڕێتەوە. کاتێک ویستم ئەو ئامۆژگاریانە بە بەڕێوەبەرانی راگەیاندنە لەرزۆکەکەیان رابگەیەنم، لەبەرانبەر خۆمدا بێدەنگیان هەڵبژارد، بەڵام لە تۆڵەی ئەوەدا، بێئەوەی پرس بە حەمە عەباس بکەن، کە لە "رێگای کوردستان" کاردەکات، چاوپێکەوتنەکەی منیان سانسۆرکردبوو. ئەوە ئاکامی ئەو ئەخلاقە داتەپیوەیە، کە ئەمڕۆ راگەیاندنی حیزبی شیوعی ناتوانێت، وەک هەر حیزبێک سەردانی گوندێکی وەک هەنارە بکات. لەوەش زیاتر بەڕێوەبەرە بێدەسەڵاتەکانی راگەیاندنی ئەو حیزبە، وەک چۆن بەرانبەر هەموو رووداوێک دەستەوەستانن، بەهەمان شێوەش، ئەو نووسینانەی کە لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەرهەمهاتوون، وەک یادەوەریەکەیان، لە ئەرشیڤە داشۆراوەکەیدا کاڵبۆتەوە.

ئەوەتا من دوای 20 ساڵ، کە لە روانین بترازێ هیچیترم نییە تاکوو برینەکانی خۆم و ئەو خێزانەی گوندی هەنارە بلاوێنمەوە. بۆیە بێزارییەکانی ئەو خێزانە لە رەفتاری مردۆخی حیزبی شیوعی و باڵادەستی هەمان ئەو جاشانەی، کە بەشدار بوون لە وێرانکردنی گوندەکەیان، رۆحی منیان نامۆتر

دەکرد. بۆ ئەوەی کەمێک سەبووری بەوان و خۆم ببەخشم، تەنیا توانیم داوایان لێبکەم، کە وێنەیەکم لەگەڵ بگرن. پیاوەکە و دوو منداڵە هەراشەکەی، وەک هاوخەمێک وێنەکەمان گرت، بەڵام شەرم رێگەی لە ژنەکە گرت، کە لەو وێنەگرتنەدا یادەکانمان کۆبکەینەوە.



هەندرێن لەگەڵ خێزانێکی گوندی هەنارە، هاوینی 2005

لەو کاتەی کە نیگایەکانم بەدوای ئەو تیرێژە باریکەی، کە هەتاوی ئەو بەیانییەی لە سەرقاڵییدا فەرامۆشکی کردبوو، متەقببوو، کیژە هاوڕێیەکەشم بەدەم گوێگرتن لە داستانی کڕینی هەنگوین و بەکارهێنانی لای کورد وەک دەرمانی هەموو دەردان، بە دەستێک قەپاغەکەی لەسەر شووشە بازنەیی هەنگوینەکە دادەگرت.

بە ئاوڕدانەوەیەک لە نائاگایی، چاوم لە پەنجەرەکەی مەتبەخەکەمان دوور کەوەتەوە، لە جامی پێشەوەی ماشێنەکەوە بە چاوە ژانگرتووەکانم سەیری هەولێرم کرد، کە لەناو دەریاچەی دوکەڵێکی خۆڵەمێشیدا دەجمجما.

کاتێک حیکایەتی دکتۆر ئەلوەندم بۆ کاک شوان، بەرپرسی رێکخراوە دیمۆکراتییەکانی هەولێر، باسکرد و پێشم گوت نامەکەتم هێناوەتەوە، ئەویش هەوڵیدەدا لەسەر کێشەی ناشیاوی ئەو کەسانەی وەک ئەلوەند دزەیی هەڵوێستی خۆی رابگەیەنێت. بەڵام شوان کە زانی من ئەو قەیرانەی دەسەڵات، هەر لە کێشەی ناشیاوی ئەو تاکە فەرمانبەرانەی وەک ئەلوەند دزەیی نابینم، بەڵکو لە کۆی ئەو دەسەڵاتە

دەبینم کە راستەوخۆ بەشدارە لەو قەیرانەدا، گفتوگۆیەکەمان خەتم بوو؛ چیتر قسەیەکی هابەشمان نەمایەوە.

لە هیکرِا ماشێنەکە لە کۆڵانێک بەجێهێشتم، بەڵام "خەستەخانەی موحەمەد باجەلان" لەبەر ئەو ژانە سەرەی کە چاوەکانمی داگیرکردبووم، وەک رۆژانی تر، بەرەو ماڵەوەی بەلەدی نەدەکردم و نیگای تاراوگەش بەناو تاریکی ئێوارەی شوێنپێی یادەوەرییەکاندا سەرگەردان دەبوو.



دایکم زارێ، هاوینی 2005

دایکم زارێ بە رووخسارێکی منداڵانەوە بە روومدا هات و لاملە شەکەتەکەمی ماچدەکرد. بەچاوە هەنگوینییەکانیەوە رووخساری بەرەو ئاوێنەکانی مانگ وەردەگێرام، کە تیشکەکانی دەرژانە حەوشەی ماڵەکەمان، بە پەنجە میهرەبانەکانی تەمەنی لاویەتیمی لە نێوان لۆچەکانی هەنیەمدا، دەلاواندەوە. کاتێک لە گەڕاندنەوەی ئەو تەمەنە بێئومێد دەبوو، بە دەم تروسکانەوەی فرمێسکە رژاوەکانی سەر روومەتە رەنگ پاییزییەکانیەوە، داستانی رۆژانی پێشمەرگایەتی منی بۆ دەگێرامەوە: "پیاوەکانی سەددام دەرگای مارێیان لێدەگرتم و دەیانگوت برۆ کوڕەکەتمان لۆ بینەوە. ئای کوڕم هەنوکە پاش ئەو هەموو سارە بەو حارە لۆمن گەڕایتەوە. چەند جار لەسەر تو شاربەدەریان کردم. ئەتو لۆ واتلێهاتیە... لە خت و خۆڕای خۆت و منت پیرکرد... ئای کوڕی من..." بەدەم حەژمەتی ئەو دەردەسەریانەی کە دایکم لەسەر پێشمەرگایەتی من خواردبووی، نەمدەتوانی سەرم لەسەر شانی چەپی هەڵگرم. کەوایە قەدیفە رەشەکەی دایکم زارێ بۆنی یادەوەریی کۆرپایەتی گەردوونی لێدەهات. لە ساڵانی 1986-87 پیاوەکانی سەددام، لە درێژەی ئەو سیاسەتە درِندانەی کە دژی کورد پەیڕەویان دەکرد، دەستیانکرد بە گرتنی دایکی پێشمەرگەکان و رەوانەی ئەو دەڤەرانەیانکردن کە بە دەست پیشمەرگەوە بوون.

دایکیشم بەر ئەو شاڵاوە دەکەوی و بۆ هێنانەوەی من، ڕەوانەی گوندەکانی "دۆڵی سماقولی"یان کردبوو. کە دایکم بەدەم سەردوولکەکانییەوە، بە داستانی ئەو گرتن و سەرگەردانبوونەی لەو شاخانە و گەڕانەوەی بۆ هەولێر و بزربوونی لەناو شار... ، یادەوەرییەکانم دەلاوێنێتەوە، نیگایەکانی روحم، وەک منداڵێکی پێخاوس، بەدوای شوێپێیە سەرگەردانەکانی دایکم، سەرهەڵدەگرن.

کاتێک دایکم بە کولانەوەی برینی ئەو گرتن و سەرگەردانییە، زاری وشک دەبوو، دوای دووبارەکردنەوەی ئەو کەسەرەی، کە هەمان ئەو پیاوانەی کە خەبەریان لێدابوو و هەنووکەش لەو حوکمەتەی خۆماندا دەسەڵاتدارن، ئەوجا بە ناولەپە خەت خەتەکانییەوە لێوەکانی دەسرێتەوە و ماچمدەکا. بەدەم ئەو ماچەوە هەوری قەهرەکانی سەر هەنیەی بەسەر تەوێڵی مندا دادەبارێ و دوای هەڵبرینگاندنی ئاسمانی چاوەکانی، رووم لێوەردەگێڕێ و دەڵێ: "کوڕیژگە، ئەمن حەزم لێیە ژنەکی بێنی و هەتا نەمردیمە مندارەکانت ببینم."

دایکم لەبەر چرایەک، مووە سپییەکانی سەرم لە وێنەکەدا دەژمێرێ و ئەو سپێدە زووە بە فرمێسکەکانی سپی... زەرد... دەکاتەوە.
پشتی لە قیبلە دەکا و دەڵێ:
"لە وەڕینی سەگەکانڕا شەڕ گەرمە
رەشگوڵەکان وەرین و هەر نەدورانەوە...
ئەو رادیۆیە بکوژێننەوە.
ئەم حاجی زەرد و خدری زیندە سەوزانە لۆ ناگەڕێنەوە...
هەی لێ... دەلێ ... لێ... لێ...ێ...
ئەتۆش لە هەندەران کاغەزەکت نەناردەوە ....

(سکاندیناڤیا دوورگەیەکی تر...)

## 18

لە زانکۆی "سۆدەر تۆرن"دا، لە هۆدە پڕ کتێبەکانی بارنت سوکڤدال بەدەم گفتوگۆکەمانەوە دەمویست هەندێک زانیاری کۆنکرێتی لەسەر دۆخی ئارامی سیاسی لە کوردستان بۆ باسبکەم، وەلێ نەمدەزانی چۆن کێشەی مێژووی دوو ئیدارە و دوو حوکمەتی کوردی بۆ روونبکەمەوە. لەلایەک دەمزانی باسکردنی

وردەكارییەكانی ئەو مەسەلە بۆ ئەو دەبوو بە وێنایەكی نالەبار و دەشمزانی دیدی بۆ كورد چۆن دەبێت. بۆیە لە بری ئەوە باسی ئەو جیاوازە كاتییانەی نێوان كوردستان و بەشی عەرەبنشینم بۆ دەكرد. هاوكاتیش، بۆ ئەوەی ئاگایی خۆم بلاوێنمەوە، وەک جۆرە كێبەركێیەک لە نێوان دوو ئیدارەدا، گوزارەم لە دۆخی ئەو دوو حوكمەتەی كوردی دەكرد. لێ مامۆستا بارنت سكوڤدال، كە لە بەشی "مێژووی هزر"دا، دكتۆرای لەسەر مێژووی راسیزم نووسیوە، دەیوست جەغت لەسەر ئەو لایەنە گرنگانە بكاتەوە، كە هاندەرن بۆ داهاتووی كورد. بەلای ئەوەوە بەهێزكردنی بونیاتی مەعریفی و ئابووری لە كوردستاندا دەبێتە زەمینەیەک بۆ خەملاندنی قەوارەی ئەو دەوڵەتە كوردییەی داهاتوو. منیش بۆ بەهێزكردنی بیرۆكەكانی ئەو نموونەی خەیاڵیم بۆ باسدەكرد كە ئێستا لەوێ لە ئارادایە. هاوكاتیش هەوڵمدەدا لە ناكۆكی ئەو بیركردنەوانەی خۆم تێبگەم. من كە دەزانم ئەو دوو دەسەڵاتە بیریان لە ئاگاییەكی لەمجۆرە نەكردۆتەوە، كە مامۆستای "مێژووی هزر" بارنت سكۆڤدال، مەبەستی بوو. ئەو دوو ئیدارەیەش لە ئاستی رووكەشدا بە جیاوازییەكانیان دەنازن.

هاوكاتیش لە وەڵامی پرسی ئەو مامۆستایە، كە زۆر جار لە بەرچاوی خوێندكارەكانی ناو پۆلەكەدا، پشتگیری خۆی لە دۆزی كورد رادەگەیاند، لەمەڕ میتۆد و سیستەمی خوێندنی زانكۆ، ناچار دەبووم بۆ ئەو قەیرانە گەورەی كە من بینیبووم، كۆمەڵیک بیانۆ و فاكتەری بۆ نمایشبكەم.

مرۆڤ كاتێک لەگەڵ بیانییەک لەسەر ناسنامەی نەتەوەكەی دەدوێت، بە ئاسانی هەست بەو ئاستەنگانە دەكا، كە تەنیا گوتارێكی تۆكمەی بونیاتی بیركردنەوە دەتوانێت، كونە گەرەكانی ئەو ناسنامەیە چارەسەر بكات.

زۆرجار لە داخی ناكۆكی نێوان ئەو قسانەی كە بۆ مامۆستایەكەم دەكرد و ئەو راستییانەی كە خۆم دەمزانی، دەمویست بە جۆرێک خۆم لەو گفتوگۆیە رزگار بكەم.

دكتۆر ئازاد بەدەم ئاژوانی ماشێنەكەیەوە، حەزی دەكرد ئەو بێدەنگییەی كە لەناو ماشێنەكەدا پەنگیدەدایەوە، بشكێنێت، گۆرانی "دایە دایە"ی زەكەریای بەرزكردەوە، كە من بە رێكەوت لای خەڵک گوێم لە دەنگی ئەو گۆرانیبێژە بووە ، كە رەنگە ئەمڕۆ زۆر لاوی كورد شەیدای بن، كۆچی نیگایەكانمی راگرت. موتەلیب، وەک هەمیشە، بە بێدەنگی لە دیمەنی كشوماتی سروشتی  ئەمدیوی جامی ماشێنەكەی دەڕوانی. زنجیرە شاخەكانی باواجی دیمەنگەلێک بوون ژیاننامەی پێشمەرگایەتیان نمایشدەكرد. دیمانەی بێدەنگی ئێستای ئەو زنجیرە شاخە هەموویان شوێنگەلێكن، نەک هەر ژیاننامەی پێشمەرگایەتی من نمایشدەكەن، بەڵكو شوێنكاتێكن مێژوویەک لە ژیانی نەتەوەی كوردیش نمایشدەكەن. لێرەوە من بە هێرشیک لە رووداوی شوێنكاتدا گەمارۆدراوم. ئەوەتا لەسەر ئەو شەقامە رێدەكەم، كە رۆژگارێک لە مێژووی خۆمدا، تەنیا بە شەوەكان دەمبینی، ئێستاش وەک بینەرێک، لە رووداوەكانی خۆم و كەسە هاوبەشەكان، شەهیدەكان، ئەو برادەرانەی كە چیتر نەمبیننەوە، دەڕوانم.

کاتێک ئاوڕم لە دەستی راستم دایەوە، نیگایەکانم لەناو سەرابی راڕەوەکانی قووڵایی و هەڵەتەکانی دەشتی کۆییدا نقووم دەبوون. بەدەم باڵەفڕەی نیگایەکانمەوە ئاپۆرەی دیمەنە سەختەکانی ساڵانی 1982، 83 و 87ی پێشمەرگایەتیم لە یادەوەریمدا شریتەیان دەبەست. هەر پەناو پەسێو و دێهاتێکی ئەو دەڤەرە، بە داستانانێک هەڵیاندەگرتم. لەگەڵ ساتمە کردنی نیگام لە گوندی "نێرەگین"دا، زستانی ئەو چێشتەنگاوەم بە یاد هاتەوە، کە لەگەڵ "چەتۆ سەحەر"دا لە مزگەوتەکەی ئەو گوندەدا پێشبڕکێمان دەکرد لەسەر ژمارەی دۆزینەوەی ئەسپێیەکانی نێو کراسەکانمان. چەتۆ سەحەر، ئەو پێشمەرگە ناسکەی، کە هەموو جەژنەکان قەرزاری ئەون، کەچی لە رۆژی جەژندا بە کارە تێرۆریستەکەی 1ی شوباتدا، ماڵئاوایی کرد، چونکە، وەک کورد دەڵێن، خوێنی لە من شیرینتربوو، 65 ئەسپێی لە نێو کراسەکەی دۆزیەوە و منیش نزیکەی پەنجا ئەسپێم راوکرد. ئای لە "بەستی شەرغە" کە لەگەڵ یەکەم بارانی درەنگە پاییزان، لافاوێک گندۆرە و شوتییە خڕەکانی ئەو بێستانانەی کە لە نکاڵەکانی ئەو بەستە بوون لەگەڵ خۆی دەبردن و ئێمەش کە بەیانیان  لە مەفرەزەکان دەگەڕاینەوە، یان عەسران بەرەو دەشتی هەولێر شۆڕدەبووینەوە، خۆمان لە پشتەوەی "توێتا"یەکان هەڵدەدا و چەند گندۆرە و شوتییەکمان هەڵدەگرتەوە و دەمانخوارد. کاتێک نیگام لە ئاسمانی مژگرتووی سەر هەڵەتەکانی رۆژئاوای کۆیە هەڵدەفڕی، دەنگی کۆپتەر و "تەیارە موقەبا"یەکانم لە یادەوەریمدا، دەنگیاندەدایەوە. ئەوکات رۆژانە لەگەڵ هاتنی ئێوارە کۆپتەر و ئەو تەیارانەی کە ئەوکات بە "موقەبا" ناسرابوون، بۆ رێگە گرتن لە چوونە خوارەوەی مەفرەزەکانمان، دەهاتن و ئاسمانی ئەو دەڤەرەیان دەتەنییەوە. ئێستاش دەشتی کۆیێ، هەردەڵێی مانگێکی هەڵدێراوە و  لەناو تۆزی بێدەنگیدا لەنگەری گرتووە.

دکتۆر ئازاد لە هەڵسوکەوت و نیگایەکانیدا، ئەوەندەی لە شاعیرێکی ناسک دەچوو، هێندە لە دکتۆر نەدەچوو. هەمیشە لە هێمنییەکی دەگمەن و کورتدا لە باسەکاندا بەشدار دەبوو. من هەستم دەکرد ئەو کوڕە لاوە بوونێکە لە دڵنیایی و سەبووری. تەنانەت شێوەی ماشین ئاژوانەکەشی هێمنی بوو.

لە دوای تێپەڕین لە شارەدێی دێگەڵە، کە وابزانم ئێستا ناوی "شۆڕش"ە، نیگایەکانم لە بناری چیای باواجیدا دەمەیی. کاتێک سەربازی کۆنترۆلەکە لە نەزانینی خوێندنەوەی پاسەپۆرتە سوێدییەکەم، بە دەم سەیرکردنەی منەوە کارامەیی خۆی جەغتدەکردەوە، وێنای ئەو هەموو ئۆتۆمبیلانەم دەهاتە بەرچاو، کە بەر لە 18 ساڵ، لەسەر ئەو شەقامەدا سەیتەرەمان دانایەوە. ئەرێ، لەم سەیتەرەیەدا من ئەرکی پشکنین و سەیرکردنی ناسنامەی ئەو خەڵکەم لە ئەستۆ بوو، کە هەندێکیان لە ترسان لێم دەپاڕانەوە. بەڵام من زانیارییەکی تایبەتم نەبوو لە راستی و ناڕاستی ناسنامەی خەڵک. هێشتا گشت ئۆتۆمبیلەکانم کۆنترۆل نەکردبوو، هەلیکۆپتەرەکان لە هەولێرەوە بەرەو ئێمە دەرکەوتن.

هاوکات کە نیگایەکانم وێنەکانی ئەو ڕۆژەی دەچنییەوە، چاوەکانم ساتمەیان لە ناوی گوندی گۆمەشین کرد، کە لە تەنیشت شەقامەکە لەسەر پارچە تەنەکەیەکی هەڵواسراو، نووسرابوو. گۆمەشین ئەلبومێکە لە یادی ژیانی پێشمەرگایەتی. میوانداری گەرمی ئەو کیژە مامۆستایانەی، کە هەموو لە کاتی گەڕانەوەیاندا لە هەولێرەوە خواردنی خۆشیان بۆ دەهێنام و هەتا دەهاتمەوە هەڵیاندەگرت. ئەو گوندە جوانترین گوند بوو لە ڕۆژهەڵاتی کۆیە. یادی ئەو کچە منداڵەی کە لەو گوندە هۆگرم ببوو، وەک شوێنپێی فرمێسکێکی گەرم، ڕۆحی تەڕ دەکردم. کاتێک بە مەفرەزە داهاتینە گۆمەشین، ئەو منداڵە قشتیلانە بەدوامدا دەهاتە مزگەوتەکە. منیش دەستم دەگرت و دەمبردەوە ماڵەوەیان. پاکی و میهرەبانی خانەوادەی ئەو منداڵە لە ئاوی کانی گوندەکەیان سازگارتر بوو.

سەمای گەردەلوولەکەی بنار چیای باواجی، وەک هورژمی بیرهاتنەوەکانی من، نیگایەکانی منی بەدوای خۆیدا بەرەو ناخی ئاسمان لوولدەدا.

یادی ئەو ڕۆژەی، کە وەک مەفرزەیەک، بە بەرچاوی سەربازەکانی سەر ئەو شەقامەدا دەپەڕینەوە، وەک سەرابی هەتاوی ئەم عەسرە درەنگە، لەناو ئاراستە لێکچڕژاوەکانی ڕوحم غەوارە دەبوو. نیگایەکانم یەکە یەکە بەناو دێهاتەکانی بناری باواجیدا کۆچی دەکرد و بۆنی ئەو ماڵانەی، کە ئێواران دەبوونە لانکی جەستەی شەکەتی پێشمەرگە، لە یادمدا پەنگیاندەدایەوە.

– ئەمە پەیکەری حاجی قادرە. دکتۆر ئازاد، کە وێدەچوو پێی وابوو، تەنیا ئاماژەکردن بە پەیکەری شاعیری ڕۆح بەرز حاجی قادری کۆیی دەتوانێ لەڕینەوەیەک لەو بێدەنگییەی ئێمە دروست دەکات. شاری کۆیە شوێنێکە بە ڕووخساری شەقام و خانووە شەکەتەکانی ئێستای خۆی خەریکت ناکات، بەڵکو بە وێنایەک لە ئەستێرەی کۆچەری ڕۆشنبیریی و هونەری سەرقاڵتدەکات. ئوتۆمبێلەکە، وەک کۆچی نیگای من، بە باڵای کتێبەکانی مەسعود موحەمەد، شیعرە ویستگەراییەکانی حاجی قادر، ئاوەزەکانی سێوەی دەنگ ڕەسەن، زایەڵەی "شیرین بەهارە"ی تاهیر تۆفیق، شیعرە ڕاسانگەرایەکانی دڵدار و ئەوانیتر، بە ناڵە ناڵ بەسەر کێوی هەیبەت سوڵتاندا هەڵدەشاخان. کۆیە وەک ڕووبەر شارۆچکەیە، بەڵام وەک یادەوەریی ئەو شوێنە ئاوەڵا و ڕەنگینەیە، کە دەنگێکی زوڵاڵ لە جەستەی زمانی کوردی، نمایشدەکات.

لێرەوە ئەو زانکۆ تازەیەی کۆیە دەکرێ شوێنێک بێت بۆ بە ئاوێنەکردنەوەی بەهای پێشینە مێژووییەکانی ئەو شارە. کاتێک ئەو زانکۆیە دەتوانێت ببێتە قووڕگێک بۆ دەنگدانەوەی دەنگە کولتوورییەکانی کۆیە، کە بە ڕوانگە نوێیەکانەوە ئەو پاشخانە مێژووییە بکاتە دەروازەیەک بۆ گوتاری ڕۆشنبیرییەکی جیاواز. بەمەش ئەو پاشخانە ڕۆشنبیرییە، لە دەڤەر/لوکالەوە بەرەو ڕۆشنبیریی هەمەگەرایی/جیهانی دەفراژێت. ئەو زانکۆیە کاتێک دەتوانێت تۆڵەی ئەو بێدەنگییە بەرانبەر مەسعود موحەمەد بکاتەوە، کە لە بەشی زماندا، بەشێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمەکانی ئەو،

تەرخانبکات. لێرەوە دەبێ بڵێم، کە بەرهەمەکانی مەسعود موحەمەد، نەک هەر وەک زمان، بەڵکو وەک هزریش، خاکێکە لەو پرسیارانەی کە بوونی کورد هەمیشە پێویستی پێیەتی بۆی بگەڕێتەوە.

مامۆستا بارنت سکوڤدال بە ئاماژەکردنەکانی جەغتی لەسەر ئەو رەوتە دەکردەوە، کە بەو واتای ئەو "ئێوەی کورد، بۆ ئەوەی خۆتان بۆ ئاییندەی دەوڵەتێکی کوردی ئامادە بکەن، دەبێت کار لەسەر ئەو تەرزە پرۆژانە بکەن، کە ببێتە بونیاتێکی تۆکمە لە ئاگایی کوردیدا.

لەمدیوی جامی ئۆتۆمبیلەکەدا شاری سلێمانی، وەک پێشانگایەک لە کەشتیگەل، لە نێوان گردۆلکەکانی بناری ئەزمڕدا لەنگەری گرتبوو. لە یەکەم دیمانەدا سلێمانی بە خاوێنی و ئامادەیی رەگەزەکان خۆی نمایشدەکا، کە لە هەولێر نابینرێت. هەر لە یەکەم دیمانەدا، مرۆڤ دەزانی شاری سلێمانی ئەو شارە نییە، کە وەک هەولێر، دەستەوەستانە بەرانبەر بە هارمۆنی کردنی رەگەزە نەتەوەییەکانی. سلێمانی شوێنێکە بە دەست گومانی مێژووی کورد بوونی ناتلێتەوە، کە هەولێر ئەمڕۆ لە هەموو کاتێکی تر داوێنگیری بووە. ئەوە یادداشتەکانی ئەزموونی میرنشینی بابان و سروشتی جوگرافیایە، کە سلێمانی لە گێژاوی لاوازی ناسنامە رزگار دەکا. واتا ئەو شتەی کە سلێمانی ئەمڕۆ لە بەرانبەر هەولێردا پێی دەنازێت، تەنیا ئەو میراتەیە، کە لە میرنیشینی بابان و چەند شاعیرێکی مەزنی ئەو دەڤەرەدا بەرجەستە دەبێتەوە. وەلێ دەکرێ بپرسین: بۆچی ئەو میرنشینە لە قەلاچۆلانەوە دێن لەم شوێنەدا شاری سلێمانی دروستدەکەن، کەچی ئەمڕۆ بەپێچەوانەوە، لە سلێمانییەوە چەقی دەسەڵات بۆ قەڵاچۆلان دەگوازرێتەوە؟ ئایا ئاگایی کولتووریی، ئابووری، سیاسی و ... هتد میری بابانەکان، لە بیرکردنەوەی ئێستای یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، خەملێوتر نەبووە؟ لەو روانگەیەوە، ئەو دەسەڵاتە سیاسی و رۆناکبیرییەی سلێمانی، وەک بەخۆنازینێک، هێندەی لە ئاستێکی رووکەشدا کار لەسەر بە دەڤەرکردن و قەتیسمانی ئەزموونی میرنشینەکانی بابان دەکا، ئەوەندە کار لەسەر کردنەوە و پەرەپێدانی ناکا. ئەگەر لە سەدەی نۆزدەدا فەرمانڕەوایەکانی میرینشینەکانی بابان، وەکماڵێک، بە دروستکردنی شاری سلێمانی یادەوەری بوونی کوردیان، ئاوەڵاکردبێتەوە، کەچی دەسەڵاتی ئەمڕۆ بە داخرانی دەرگای ئەو ماڵەدا سەرقاڵە. ئەگەر بەر لە سەدەیەک زیاتر، شاعیرەکانی ئەو دەڤەرە خەونیان بە گوتاری کوردییەوە بینیبێت، کەچی شاعیرانی ئەمڕۆی شاری سلێمانی گوتاری قەتیسمان دەنووسنەوە.

کەواتە کاتێک دەسەڵاتی سیاسی و رۆشنبیریی لەو شارەدا دەیانتوانی خاوەن بەخۆنازینێکی ویستگەرابن، کە وەک دابڕانێکی وەرچەرخێنەر، ئەزموونی سیاسی میرنشینەکانی بابان و شیعرە کوردگەراییەکانی نالی، لە گوتارێکی دەڤەرییەوە بەرەو گوتارێکی سەرتاسەری ئاوەڵادەکردەوە ؛ واتا ئەوکاتە ئەزموونی سیاسی میرنشینی بابان واتایەکی مێژوویی بەرجەستەدەکردەوە، کە وەک هێزێکی

وەرچەرخێنەر، گوتارە لوکالییەکانی کوردی یەکدەخست و لە کۆی ئەو گوتارە قەتیسماوانەش، گوتارێکی نەتەواتیانەی بەرهەمبهێنابایە.

هەڵبەتە ئەزموونی میرنشینی بابان لە یادەوەریی سلێمانییدا، تەنیا لە کاتی خۆ بەراوردکردندا لەگەڵ هەولێردا، وەک بەڵگەنامەیەک ئامادەیی هەیە، نەک ئەو چەشنە بەڵگەیەی، کە وەک گوتارێکی مێژوویی، لە یەکێتییەکدا، بوونی لێکدابڕاوی کورد بە بەرجەستەکراوی، ئامادە بکات.

بەدوای کۆچی شیعریانەی نالییەوە رۆچوو بووم، شێرە قەرەجی هاوڕێمان لە بەردەرگای خانووەکەی بە پێکەنینەوە چاوەڕێی دەکردین، کە لەوێ ئیشی لە کۆمپانیاکەی ئەنتەرنێت دەکرد و، هەمیش ماڵەکەی بوو. دوای گەڕان بەناو شاری سلێمانیدا، شەوەکەمان هەتا بەیانی لە ژوورەکەی شێرە بردە سەر.

## 19

دڵۆپە کشاوەکانی باران، وەک جەستەیەکی ئازارگرتوو بەدەم لە دایکبوونەوە، یان ئەستێرەی کشاو، بەسەر شووشەی پەنجەرەی فارگۆنی میترۆیەکە، گنگڵیان دەدا. گەمیەکانیش لە خوار ئەو پردە دوور و درێژەی کە میترۆیەکە بەرەو تونێلەکەی ئەوبەر بەسەریدا رایدەکرد، لەناو شەپۆڵەکانی دەریاچەکە، بێ ئاراستەیەک دەهاتن و دەچوون. باڵی نیگایەکانی رۆح بەسەر جوگرافیای تاراوگەکاندا، دیمەن دیمەن، تیرێژەکانی کۆچەکەی دەچنیمەوە.

لەگەڵ موتەلیب و دکتۆر ئازاد سەردانی "دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم"مان کرد. ئازاد بەرزنجی، رەئوف بێگەرد، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، هەڵکەوت عەبدوڵڵا، مەریوان وریا قانیع، ئاراس فەتاح و... بە چایە میوانداریان کردین. لەوێ لە ژوورەکاندا وێنەی رەش و سپی فەروغی فەروخزاد و سوهراب سپهری، کە لەناو چوارچێوەیەکی لاکێشەیی هەڵواسرا بوون، سەیریان دەکردم. دوا ساتی سەردانەکەمان لە ژوورەکەی کاک رەئوف بێگەرد کۆتایی پێهات. بێگەرد بەدەم ئاوازی گۆرانییەکانی شەجەریان خەیاڵ دەیبردەوە و جار جارەش بە نوکتەیەک لەسەر هەولێر و بە پرسیارێک لە من، کە دەیوست بزانێت سوێدی باش دەزانم، بەسەری دەکردینەوە. منیش لەبەر دڵی کاک رەئوف بێگەرد، فەقیرۆکانە وەڵامم دەدایەوە. ئاخر کاک رەئوف بێگەرد دەزانێ، کە من 15 ساڵە لە سوێد دەژیم و زانکۆم بە سوێدی خوێندووە، کەچی بۆ خۆشکردنی میوانداریەکەمان، تەنیا بەو پرسیارە هەواڵی تاراوگە بوونی منی بەسەر دەکردەوە، بەڵام هەر لەبەر دڵی ئەو، نەمویست بپرسم، ئەرێ کاک رەئوف بێگەرد، تۆ نە لە ئێران ژیاوی و نە زمانی فارسیشت خوێندووە، ئەی چۆن لە "دەزگای پەخش و بڵاوکردنەوەی سەردەم"دا، پسپۆڕی زمان و ئەدەبیاتی فارسیی و ئێستاش خەریکی وەرگێڕانی "نامەکان"ی فەروغی فەروخزادی؟ کاک بێگەرد، جار و بار، بە دەربڕینی گرنگایەتی نامەکانی فروغ فروخزاد کێشەی کوردادنی ناونیشانی ئەو نامەنانە، مەجلیسەکەی سەرنجکێشدەکرد. دیسان لەبەر دڵی

کاکە ڕەئوف بێگەرد، نەمویست بڵێم، ئاخر کاکە پریاسکەی زۆرێک لە کیژە ئەویندارە مەیلەو شاعیرەکانی کورد بگری، دەیان نامەی وەک نامەکانی فروغی تیادا خەوتووە. من لە نێوان ئامادە بوونم لەو شوێنەی، کە یەکەمجارم بوو بە دیمانەی ئەو برادەرانە شاد ببم و، لە نێوان چاوەڕوانی ساویلکانەی خۆم لە وێنای ڕۆشنبیریی کوردیدا، سەرگەردان دەبووم. ئاخر ئەو دەزگایە باڵاترین دەزگای ڕۆشنبیریی کوردییە لە سلێمانیدا. بۆیە هەوڵمدەدا لەو لوغزە ڕۆشنبیرییە تێبگەم، کە بۆ نموونە، بۆ لەو دەزگایە ڕۆشنبیرییەدا، لە جێگەی ئەو وێنانەی فروغ و سوهراب، وێنەی پیرەمێرد، یان گۆران و مەستوورەی شاعیر، هەڵناواسرێن؟ باشە، بۆ بەمجۆرە نووسەرانی ئەو دەڤەرە، هێندە ئاوێزانی فەروغ و سوهراب و هونەری فارسین؟ ئەوەم لەیادە کە مرۆڤ دەکرێ وەک وێنایەکی گەردوونی سەیری ئەفراندن و ئەفرێنەران بکات. ئەوەشم لە زەینە کە داهێنانی ئەوانە جێگەی خوێندنەوەن. بەڵام نەتەوەیەک، کە بۆ یەکەمجارە بە ئازادی دەزگای ڕۆشنبیریی هەیە و ئەرکی داهێنانی پڕۆژەیەکی کولتووری گەورەی لەسەر شانە، دەبێت وەک هێمایەکی مەعنەوی، وێنایە بەهرەدارەکانی زمانی کوردی لە ئێستای ژیانیدا ئامادە بکات. لە دیوێکی ترەوە، ئەو ئاوێزانبوونەی نووسەر و خوێنەری کوردی بە نووسەر و گۆرانبێژەکانی فارسی، شتێکی کۆنە؛ هەر لە حەفتایەکانەوە بە یەک ئاراستە دووبارە دەبێتەوە. کەچی لە بەرانبەر ئەوەدا، وەک شتێکی تازە و بەجۆش، دوای باڵادەستبوونی دەسەڵاتی کوردی، لە هەولێر ئاوازی تورکی هونەری گۆرانی داگیرکردووە.

شاری سلێمانی بە هۆی بێگەردی ڕەگەزی کوردی و پێگە مێژووییەکەی، دەبوو چاوەڕێ بکەین، کە گوتاری ڕۆشنبیریی لێرەدا لە دایکبێت. بەڵام ئاوێزانبوونی ڕۆناکبیر و خوێنەری ئەو شارە بە چەند ڕۆناکبیر و شاعیری وەک: بابەک ئەحمەدی، دەروێشی شایگان و فروغ و سوهراب... خەریکە زمانی کوردی لە دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی ئەو دەسەڵاتە سیاسییە کوردییە دەبێتە پەراوێزی زمانی فارسی. بە هێمنی دەڵێم، لەو شارەدا زمانی فارسی و سەرچاوەکانی هێندەی مۆدەیەکی ڕووکەشانەیە، ئەوەندە گفتوگۆیەکی ڕۆشنبیریی نییە. هاوکاتیش سەرتاپای ئەو شارە لە پێشکەوتنێکی ڕووکەشانەدا مەستبووە. بەلای منەوە، ئەو چەشنە پێشڤەچوونە، لە چەند پارکێک لەناو شار و ڕازانەوەی شەقامی سەهۆلەکەی بە گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگ و مۆدەی جلپۆشی مەیلەو ئەوروپیانەی کیژەکانی و دواجاریش گوێگرتن لە گۆرانی بیانی و فێربوونی زمانی فارسی، بڕێک دیاردەی تر، بەرجەستە دەبێتەوە. هاوکاتیش چونکە سلێمانی لە فرە ڕەگەزی نەتەوەیی بە دوورە و مێژووی دروستبوونیشی تازەیە؛ واتا بەدەستی میرنشینی بابان دروستکراوە، بۆیە، بە پێچەوانەی شاری هەولێر، مرۆڤ کە دێتە ئەو شارە یان دەبێت ببێتە شێوەیەک لە پێکهاتەی ئەو شارە، یانیش وەک بێگانەیەک لە دەرەوەی بمێنێتەوە. لێرە کێشەکە جەوهەرێکی تایبەت نییە کە خوا بەو شارەی بەخشی بێت، بەڵکو کێشە ڕەگەز و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانە کە ناسنامەی شارێک پێکدێنێت. لێرەوە دەبینین کاتێک کەسێکی سلێمانی هەرچەندە

زۆریش لە هەولێر بژیت، بەڵام دواجار نەک هەر لەگەڵ نەریتی ئەو شارە تێکەڵاو نابێت، بەڵکو کە دوورکەوتەوە، بێجگە لە چەند نوکتەیەک لەسەر شێوەی قسەکردنی هەولێری و ژیانیان، هیچی تری لە یادەوەری نامێنێتەوە. بەڵام ئەوە خەڵکی هەولێرە، کە بەهۆی گاڵتەکردن بە شێوەی قسەکردن و تۆمەتی دواکەوتوویی و... تووشی گرێی لاوازی بووە، بۆیە هەوڵدەدا زوو فێرە شێوەی قسەکردنی سلێمانی بێت. هەرچەندە وردەکارییەکانی ئەو باسە دوور و درێژە. دواجار من لەو شارچیەتییە تێناگەم. ئاخر بەڕاستی لە کوردستاندا شار بوونی نییە. لە کوردستان شار بریتییە لە ژمارەی زۆر و کەمی خەڵک، هیچیتر نا. هەر چۆنێک بێت، من پێم سەیرە ئەو ڕۆناکبیرانە خۆیان سەرقاڵکردووە بەو شەڕە قسەیە، تاکوو بڕوا بە خەڵک بێنن، کە کام شار نێربازە یان نییە، یان ڕۆشنبیترە یان نە... هتد. دواجار لە هەردوو شاردا هێشتا ژنێک و پیاوێک ناتوانن بە ئازادی تەماشای یەکتر بکەن، بۆیە واتای ئەو جیاوازیەی کە لە نێوان ئەو شارانەدا وێنادەکرێن، تەنیا لە ئاستی قسە دەمێنێتەوە. لێرەوە بەڕاستی قسەکردن لە بوونی ڕۆشنبیرییەکی قووڵ لەم شارە، نەبوونی ڕۆشنبیریی لە هەولێر، وەهمێکی خەمهێنەرە.

بەڵام لای بەشێک لە خەڵکی سلێمانی جۆرە وەهمێک هەیە لەوەی کە سلێمانی پێشکەوتووترە لە هەولێر و شوێنی تر، ئەو قسانەشم بە نووسین و بە قسە لە بەشێک لە ڕۆناکبیرانی خەڵکی ئەو شارە بیستووە. ئەگەر من بمەوێ لە ئاستێکی تر، یان ڕوانگەیەکی تر، لەسەر ئەو دیاردەیە بنووسم، ئەو وێناکردنانە هەموویان بە وەهم و هزری لوکالی دەبینم. چونکە ئەمڕۆ لە ڕوانگەی خودی هزر و کۆمەڵناسیشەوە، ئەو بانگەشانە دوا ڕاستی نین لە پێناسەکردنی ئەو چەشنە بابەتگەلەدا.

با ئەوەم لە یاد نەچێ، هەولێر بەلای منەوە، هەمیشە بە شوێنێک دەچێت، وەک گۆڕەپانێک کە دەکرێت بە کرێی بگری، بۆ ئەوەی پرۆڤەی یارییەک لە یارییەکان، مانەوەیەک لە مانەوەکان و دەروازەیەک لە دەروازەکانی تێدا بکەی. بۆیە بیر کردنەوە لە وێناکردنی ناسنانەمە یان پێناسەیەک بۆ ئەو شوێنە، کە مێژووە کۆنەکەی، لە جیاتی ئەوەی ببێتە ویستێکی تەنینەوە، یان لەرینەوە، کەچی بۆتە بە ڕەوینەوە، کردەیەکی داڕمێن.

زایەڵەی گۆرانی ئێوارانی ماسیگرەکانی دوورگەی "خۆپسهۆڵم"ی ستۆکهۆلم و دیمەنی پیاسەی سەر شەقامی "سەهۆڵەکە"ی سلێمانی، کە ئێمەی بەرەو هۆڵی "دیالۆگ"ی دەبرد، نیگایەکانم سوورگووم دەکەن. ماسیگرەکان، بەدەم هەڵکردنەوەی تەنافی تۆڕەکانیانەوە لە خەونی ماسییەکان نقووم دەبن و نیگایەکانی تاراوگەش لەناو یادەوەری ئەو کۆڕەکەدا: "گەڕان بەدوای خودێکی ڕەسەن لەناو ئاپۆڕەی مێگەلاندندا"، گوڵنارەکانی شوێپێ دەچنێتەوە. لەو کۆڕەدا بە جۆرێک لە جۆرەکان، کۆی ئەو بیرۆکانەم نمایشدەکرد، کە ئەمڕۆ بوونی کوردی شەکەت کردووە. بێجگە لە کاک نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، کەسێکی

تر له "دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم"، ئامادەی کۆڕەکە نەبوون. هەرچەندە کاک ڕەئوف بێگەرد بەدەم شۆخیەوە ئاماژە بەو "مێگەلاندنە" کرد، بەڵام زوو تێگەیشتم کە لە نێوان "دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم" و "دەزگای ڕۆشنبیریی گەلاوێژ"دا، ناکۆکییەک هەیە، ئەویش گوایە دەزگای سەردەم، وەک دەزگایەکی ڕۆشنبیریی سەربەخۆ، "دەزگاری ڕۆشنبیریی گەلاوێژ"، بە دەزگایەکی حیزبی دەزانێت، بۆیە لە چاڵاکی یەکتردا بەشداری ناکەن.

دوای ماوەیەکی کورت، مرۆڤ دەزانێت، کە دیاردەی دووبەرەکی لە سەرتاپای دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی ئەو دوو حیزبەدا، کە "نوێنەرایەتی" ئەمڕۆ و ئایندەی کولتووری کوردی دەکەن، پەرەی پێدەدرێت. ئەو دووبەرەکییەش، لە هەردوو حوکمەتدا لە نێوان دەزگایە گەورەکانیاندا زیاتر ڕەنگیانداوەتەوە. چونکە زیاترین نووسەری کوردیان بەسەر دوو جۆرە دەزگای ڕۆشنبیریی خۆیاندا دابەشکردووە. ئەوەی کە نوێنەری ئەو دووبەرەکیانە دەکات، ئەوە خودی نووسەرەکانن، کە وەک ئەکتەرێک بەناوی ڕۆشنبیرییەوە ئەو ڕۆڵە دەگێڕن. بەڵام ئەو دووبەرەکییە لە سەرچاوەی داهێنان و گەشەسەندنی ڕۆشنبیرییەوە هەڵناقوڵێت، بەڵکو بەرهەمی کێشەی سیاسی و گرێکوێرەی وابەستەیی نێوان گروپە ڕۆشنبیرییەکانە.

بەبێ هیچ گفتوگۆ و پرسیارێک لەلایەن گوێگرەکانەوە، کۆڕەکەم کۆتایی پێهات. لێرەدا کێشەی بێدەنگبوونی گوێگران، بەندە بە دوو هۆکارەوە: یەکەمیان ئەو بابەتەی کە لەم کۆڕەدا دەرمبڕی، ئاماژەی بەو ئاستەنگە ڕۆشنبیرییە دەکرد، کە سەرتاپای نووسەران خۆیان بەرهەمیان هێناوە. ئەم ئاستەنگەش لە بە ڕووکەشکردنی پرسی ڕۆشنبیریی، دابەشبوون، وابەستەبوونی نووسەران بە دەزگایە حیزبییەکان، بەرجەستە دەبێتەوە. دووەمیان، بەهۆی ئەوەی کە من نە خەڵکی ئەو شارە بووم و نە ناسیاوێکی ئەوتۆم هەبوو لەوێ، بۆیە ڕەنگە وەک کەسێکی "بێگانە"، بیرۆکەکانی من بۆ نووسەران و خوێنەرانی ئەو شارە، جێگەی بایەخ نەبن. چونکە بایەخی ڕۆشنبیریی، نووسەرێک لە هاوڕێچییەتی و شارچییەتیدا دەناسرێتەوە، نەک خودی پرسیاری ڕۆشنبیریی. ئەو کێشەیەش ئەمڕۆ لە جاران زیاترە. چونکە کۆمەڵگای کوردی بەسەر حیزب، دەڤەر، گروپ و دەزگایەکدا دابەشکراوە. لە ئاکامی ئەمەشدا باری ڕۆشنبیریی کوردی لە گفتوگۆیەکی ناوچەییدا قەتیسماوە.

دوای ئەو سەرنجانە موتەلیب بە دەنگێک کە نەوای بێدەنگی بەسەریدا زاڵبوو. دەیوت:

- لەوانەیە، بەڵام ئەمڕۆ لە سلێمانی بە گشتی، وەک پێشتر، کۆڕە ڕۆشنبیرییەکان گەرم نین و گوێگریان کەمە. دواجار ئەو دابەشکارییەی ڕۆناکبیران ڕەواجی ڕۆشنبیریی کەمکردۆتەوە. خەڵک بە پێداویستییەکانی تری ژیانەوە خەریکن. دواجار کۆڕ مەرج نییە خەڵک گفتوگۆی لەسەر بکات... موتەلیب کە لەمن زیاتر شارەزای ئەو بارە ڕۆشنبیرییەی کودستان بوو، دەیوست بەو سەرنجانە وێنای ئاستی ڕۆشنبیریی ئەمڕۆ نمایشبکات.

لەگەڵ موتەلیب نیوەی ئەو شەوەمان بە میوانداری حەمە رەنجاو بەسەربرد. رەنجاو تا بەیانی بەدەم ئاژاوە و گۆرانییە پچڕاوەکانییەوە، لە هیکرا جۆرە ئارەقێکی لە دۆلابەکانی دەردەهێنا و ماڵەکەی بە نمایشکردنی بوتڵە ئارەقەکانی پڕ دەکرد لە مەستی. دیمەنە پەرتەوازەکانی رەنجاو و ژوورەکەی، شوێنپێی یادەکانی "لۆلان"، "دەراو" و "راگەیاندنی ناوەندی حیزبی شیوعی"یان بەیاد دەهێنامەوە. لەوێ، پیاسەی ئێوارانی من و رەنجاو لەناو گۆڕستانەکەی "لۆلان"، یارییە وجوودیەکانی کچە پێشمەرگە "سەمەر" و دیمەنە سوریالییەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی، تێنوویەتی یادەوەرییەکانی دەشکاندم. بەدەم ئەو یادانەوە دیمانەی سەرۆ قادر، کاروان عەبدوڵا، ئەستێرە، موفید الجزائری، ئاسۆ کەریم و هاشم کۆچانی لە ماڵەکەی رەنجاودا ئامادە دەبوون. ئەوەم بەیاد هاتەوە، کە لە ساڵی 1984 لە ژمارە 1ی "بیری نوێ"دا یەکەم شیعرم بڵاوکردەوە، کاروان عەبدوڵا، کە رۆژانە هاوڕێ بووین، بەڵام لە کۆبوونەوەیەکی حیزبیدا بە هاوڕێیە حیزبییەکانی گوتبوو، کە نەدەبوو ئەو شیعرەی هەندرێن بڵاوبکەنەوە، چونکە، ئەو شیعرە شۆڕگێڕانە نییە و " موتەشائم و وجودییە". سەرۆ قادریش بە ئاکارە بێدەنگیەکانی لەگەڵمان دادەنیشت و جار و باریش بە خەندەیەک، وەڵامی ئەو بۆچوون و رەفتارانەی ئێمەی دەدایەوە. رەفتاری ئێمە بۆ سەرۆ مەیلەو نامۆ بوو، چونکە لە وێنەی ئیلتزامی شیوعیانەوە، دوور بووین. کاک سەرۆ جارێک بەدەم شۆخییەوە، پێی گوتم نازانم پەیوەندی تۆ بە حزبی شیوعییەوە چییە. ئاسۆ کەریم بە سیمایە ناسکەکەیەوە، کە بە هی پێشمەرگە نەدەچوو، هەمیشە بە جدی باسی سیاسەتی حیزبی شیوعی دەکرد. لەوێ، بەیانییەکی زوو رەنجاو بەدەم گۆرانییەوە لەسەر رێچکەی نێوان بەفرە کەڵەکەکراوەکاندا میزی دەکرد و ژنە پێشمەرگەکانیش، بۆ نانخواردنی بەیانی بە پشتییەوە بەرەو مەتبەخەکە تێدەپەرین. ئای لەو رۆژانە! ئەوکات لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی "راگەیاندنی ناوەندی" کە عەبدولڕزاق سافی، جەلال دەباغ و هاشم کۆچانی و... سەرپەرشتیان دەکرد، سەبارەت بە گرنگیدان بە زمانی کوردی و رۆژنامەنووسی کوردی، گوتم "بەشی راگەیاندنی کوردی" نابێت ببێتە پاشکۆی "بەشی عەرەبی"، کەچی ئەو هاوڕێیانە لێم قیت بوونەوە. گوایە کەسێکی وەک من نابێ لە بەرانبەر عەبدولڕزاق سافی وا قسە بکات. لەو ساڵەدا، 1985، لەبەر وەرگێڕانی "خیتاب"ی سەرۆکە تازەکەی شورەوی، کە ناویم لە بیر نەماوە، بۆ کوردی، کە لە کۆنگرەکەی ئەو ساڵەدا هەڵبژێردرابوو، حەفتەیەک "بیری نوێ"یان دواخست. منیش بە رەحیم عەجینەم وت، کە ئەوکات بەرپرسی راگەیاندن بوو، باشترە لە جێگەی ئەو "خیتابە"دا، نووسینی پێشمەرگەیەک بڵاوبکەنەوە. ئاخر ئەو "خیتابە" چ پەیوەندییەکی بە پێشمەرگە و خەلکی ئەو شاخانەی کوردستان هەیە؟ رەحیم عەجینە بە توورەییەوە سەیری کردم و گوتی: "رەفیق هزا مو حکی شوعیین. انت لیش جای هنا؟" حیزبی شیوعی خەباتی لە شاخەکانی کوردستان دەکرد و لە کوردیش زیاتر، نە "جنوب" و نە "وەسەت"ی عێراق، گوێیان لە رادیۆیەکەی نەدەگرت و بڵاوکراوەکانیش، بەدەگمەن نەبێت، لە کەرکوک تێندەپەڕی، کەچی بە دەیان کادیری

راگەیاندنیان لە بەشی عەرەبی دانابوو. دواجارییش بە بڕیاری هەموو کادیرە کورد و عەرەبەکان، بە بیانۆی "ئاژاوەگێریی"، بە شێوەیەکی پەردەپۆشانە، من و ڕەنجاویان لە "ڕاگەیاندنی ناوەندی" دەرکرد.

ئیتر دوای ئەوەی "سۆڤیەتی مەزن" داڕما، ئەوجا ئەو کادیرە کوردە دڵسۆزانە، بەناوی کوردیەتییەوە، بارەگەی خەباتییان بەرەو حیزبی کوردانە، تێکنایەوە.

"بە چییەوە *خافڵاوی*، ئەی شەو؟
*تاراوگە* دادەگیرسێنم، شەویش بەرانبەر *تاریکی* خۆی ڕادەسێنم،
هەتا *ماوەکانی* نێوان ئەوێ و ئێرە،
مێژووی مێژوو،
من و تۆ و
*تاراوگە*یەک و *تاراوگە*یەک،
وەک *ماری ئاشقەو ماشقە* بە بۆنی نەمری تێکئاڵێن." (سکاندیناڤیا دوورگەیەکی تر...)

کاتێک بەناو دیمەنی یادەکانی ئەو ڕۆژگارەدا ڕۆچووبووم، ڕەنجاو بە پەشۆکاوی بەدوای تەلەفۆنەکەی دەگەڕا، کە لەناو شتومەکە پەرتوبڵاوەکانی ناو ژوورەکەیدا، زەنگی لێدەدا.

بەمجۆرە لەگەڵ موتەلیب بەدەم مەستییەوە ڕەنجاومان بەجێهێشت. هەنگاوەکانی من و موتەلیب، وەک یادەوەرییەکان، بە کۆڵانەکانی شاردا سەرگەردان دەبووین. شێرە، دکتۆر ئازاد، حەمە عەباس و کاک حەسەن، کە لە پێش ئێمەوە لە چایخانەیەک دەگەڕان، لەناو ئاپۆرەی شەقامی مەولەویدا بزر دەبوون. لەو شەقامەدا چایخانەیەک نەبوو نانی بەیانی تێدا بخۆین. زۆربەی چایخانەکان جمەیان دەهات لە خەڵک و دەنگی دۆمینە و تاولە. دواجار لە دەرەوەی چایخانەیەک مێزی شەق و شڕمان دۆزییەوە و دانیشتین. بەڵام بە هۆی ئەو دوو کورسییەی کە لە چایخانەیەکی تر، کە جیرانی بوو لەگەڵ ئەوەی ئێمە میوانی بووین، هێنابوو، خەریک بوو شەڕی براکوژی لە نێوان خاوەنەکانیان دروستبێت.

کاتێک بەناو ئاپۆڕەی شەقامی مەولەوی دەخولاینەوە، دیمانەی ڕووخساری خەڵکی سلێمانی، لە خەڵکی هەولێر هێمنتر بوو. شێروان خدر دەیگوت، چایخانەکانی ئێرە هەمیشە پڕن لە خەڵک. لێرە خەڵکێکی زۆر مووچە وەردەگرن و هیچکارێکیش ناکەن. هەروا لێرە وەک هەولێر نە چەشنە کارێکی تێرۆریستی گەورەی وەک هەولێر ڕوویداوە و نە هێندەش خەڵکی جیاواز و هەژاری تێدایە. بەڵام لێرەش کتێبەکان وەک هەولێر بێناز لە شەقامەکاندا نمایشدەکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا لێرەش ئەو کتێبانەی کە باس لە کێشەی پەیوەندی خۆشەویستی دەکەن، لە ڕیزی پێشەوە دادەنرێن.

دوکەڵی جگەرە لەناو "چایخانەی شەعب"دا پەنگیدەدایەوە و تەقە تەقی تاولە و دۆمینەش لەگەڵ یەکتر تێکەڵاو دەبوون. ئاپۆرەی خەڵکی سەر شەقامەکان ئەو سێبەرە کورتیلانەیان داپۆشیبوو، کە بەسەر شۆستەکانەوە چەمابوونەوە. بۆیە روومان لە ئوتۆمبیلەکە کرد. دکتۆر ئازاد من و موتەلیب و حەمە عەباسی هەڵگرت. بە نیگایەک لە هاورێیایەتی کاکە حەسەنمان لە ئامێزگرت، کە هەمیشە بە خواردنەوە و گەڕان میوانداریکردین. لە بری سوپاسکردنی ئەو سێ چوار رۆژەی کە شێروان لە ژوورە بچکۆلانەکەی مێوانداریکردن، بە دەستلەملانێیەک لە دڵنەوایی ماڵئاواییمان کرد و بەرەو هەولێر رێگای کۆیەمان گرتبەر.

## 20

چەند کەسێک لەناو فارگۆنەکەدا بەدەم رەوتی میترۆیەکەوە خەو دەیبردنەوە و ئەو سێ کیژە سوێدیەی کە لە بەرانبەرم دانیشتبوون باسی کێشەی زوو لە خەو هەستانی بەیانیان دەکرد. نیگایەکانی منیش هەدادان بەناو دۆڵ و هەڵەتەکانی چیای کۆسرەتدا هەڵەتە دەبوون. ئاوی زێیە تەزیوەکەی شارۆچکەی "دوکان"، دوای ئەو مەلەوانیە خۆشە، گەرمای جەستەی من و حەمە عەباسی سڕکردبوو، بۆیە لە دکتۆر ئازاد و موتەلیب سوکەڵەتر بووین. دوای تێپەڕین لە پێدەشتەکەی دوای شارۆچکەی "دوکان"، لە بناری چیای هەیبەت سوڵتان، بەدیوی دەشتی بتوێنەوە، دیمەنی ئەو گوێدرێژەی کە لەناو رانە مەڕەکەدا بە تێڕامانێکەوە سەیری ئۆتۆمبیلە خێرایەکانی سەر شەقامەکەی دەکرد، نیگایەکانی منیان پەلکێشدەکرد. دیمانەی ئەو رۆژەم بەیاد هاتەوە، کە بەرەو رووی ئەو شوانەکانی ئەو مێگەلی مەڕەکە چووم، دوو کوڕی هەرزەکار بە رادیۆی ملیانەوە بەرەو رووم هاتن. شوانەکە دەیویست لەگەڵ ئەو گوێدرێژە وێنە بگرم، کە دەستی لە ملی کردبوو.

- ئەو کەرە مۆدیلی 2000 ە لەگەڵ ئەوە رەسم بگرە. ئەویتر مۆدیلی کەونە. شوانەکە بەدەم خەندەیەکی هی دڵییەوە، دەنگی گۆرانی رادیۆیەکەی بەرزدەکردەوە و ئەو قسانەی دەکرد. ئەوکات بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن ئۆتۆمبیل و مەکینە، وەک رەنگدانەوەیەک لەو واقیعە ئاگایی ئەو کوڕە شوانەی داگیرکردووە. مۆدێل بۆتە هاوردەیەک دیاردەکانی ژیان پێناسەدەکات. بەهەمەحاڵ، لەبەر دڵی ئەو شوانە ژیکەلە چەند وێنەیەکم لەگەڵ ئەو گوێدرێژە گرت، کە بە واتای ئەو، تاکوو ئەگەر کەسێکی تر ئەو گوێدرێژە مۆدێل 2000 ببینی، سەری بەرز بکاتەوە. پرسیار و شێوەی قسەکانی ئەو دوو کوڕە شوانە، کاتیان لە بیر دەبردمەوە. بەڵام رێگایەکانی من بە بڕیاری کاتەوە گرێدرابوون.

کاتێک بەسەر پلیکانەکان بەرەو مێزەکەی تەنیشت ئەو حەوزەی کە دڵۆپ دڵۆپ ئاوی ئەو کانییەی گلدەدایەوە سەردەکەوتین، ئەو وێنەگەلە جوانانەم بەیاد دەهاتنەوە کە مەسعود موحەمەد لە

"گەشتی ژیانم" دا، لە باسکردنی چنارۆکدا نمایشیاندەکات. کاتێک کە ئەو ژیاننامەی مەسعود موحەمەدم دەخوێندەوە، لەگەڵ هەر دێر و کۆپلەیەکدا دیمەنێکی چنارۆک زەینی دەتەنیمەوە.

شنەبایەکی فێنک لەو حەوزەی کە ئاوە ساردەکەی بە لێوارەکانیدا دەڕژا، جەستەی ئارەقاوی ئێمەی ختۆکەدەدا. چنارۆک لە ئامێزی هەیبەت سوڵتانەوە، بە هێمنی بەسەر دۆڵ و پێدەشتە و چیای کۆسرەتتدا دەڕوانێت. کەپرەکانی چنارۆک بە سادەیی وەک هەیوانێک خۆیان بە بەرۆکی ئەو چیایە هەڵواسیووە. هەڵمژینی بۆنی ئەو خاکەی کە بەدەم رژانی ئاوی حەوزەکەوە تەڕ دەبوو، دیمەنی شاخ و پێدەشتە دڵڕفێنەکان و بۆنی کەبابی سوتاوی چێشتخانەکە، مگجێزی خواردنی مشتوماڵ دەکردین. لەو ئێوارەیەدا بۆ یەکمجار لە چێژی سروشتی ئەو کەبابانەی کە خواردم، تێر نەدەبووم. دواجار خواردنی ئەو هەموو کەبابە بوو بە مەتەڵ و پێکەنینی نێوان موتەلیب و حەمە عەباس و دکتۆر ئازاد بەسەر منەوە. بەمجۆرە چنارۆک دەبێتە ئەو شوێنە، کە لە هەر دیمانەیەکدا شوێنپێیەکەی درەوشاوەتر دەبێت.

میترۆیەکە لە وێستگەی "سۆدەرمالم" راوەستا و بەناو ئاپۆرەی ئەو خەڵکەدا کە بەسەر پلیکانە کارەباییەکە سەرکەوتم. ئەوکات لەسەر تۆقەڵەی هەیبەت سوڵتانەوە شاری کۆیە لەناو مژی ئێوارەدا راکشابوو. بەدەم پیاسەی شەقامی "یۆت گاتان"ەوە، نیگایەکانی تاراوگە وەک سێبەرێک، بە دیمەنی ئێوارەگرتووی چیای باواجیدا دەئالآن. ئەوکاتەی حەمە عەباس ئاماژەی بۆ شوێنانەکانی سەر ئەو شەقامە دەکرد، کە لە رۆژگاری پێشمەرگایەتیدا، شەوانە یان لە کاتی بەرەبەیانیاندا کە لێیەوە دەپەڕینەوە. بەڵام لەناو تاریکی ئەو ئێوارە درەنگەدا، شوێنپێیەکانی ئەو رۆژگارە، لە شوێنێکی تر بوون و نیگایەکانم نەیاندەچنییەوە. لە جامە کراوەکەی ئۆتۆمبێلەکەی دکتۆر ئازادەوە، بۆنی تەپوتۆزی شەقامەکانی هەولێر بەناو سینەماندا شەپۆڵیاندەدا. لەو کۆڵانەی کە ئاوەڕۆی چڵکاوی ماڵەکان داپۆشیبوو، موتەلیب و ئازاد بەجێیان هێشتم.

لەگەڵ کردنەوەی دەرگای ژوورەکەم، هەناسەم پڕدەبوو لە بۆنی تاراوگە و شوێنپێی ماڵە تاڵانکراوەکانی یادەوەری.

## 21

قاژە قاژی ئەو قەلەڕەشەی کە لەسەر بالکۆنی ئەمدیوی پەنجەرەی ماڵەکەمدا لە دەست باڵندەکانی تر هەراسانبوو، وەک ئەوەی بە دەنووکەکانی پەلکێشم بکا، خەونەکەی ئەو بەیانییە بە باران تەڕبووەی ستۆکهۆلم گەمارۆدەدام. بە جەستەیەک لە وڕێنە بێدار بوومەوە. لەوێش بانگی مەلایەکانی ئەو مزگەوتانەی کە دەوروبەری ماڵەوەیان گەمارۆدابوو، لەناو بێدەنگی کازیوەدا دەنگیاندەدایەوە و تێکەڵاوی یەکتر دەبوون. کاتێک هەستامەوە، کات هێشتا زوو بوو بۆ بەڕێکەوتن بەرەو "ئیبراهیم خەلیل". پێشتر لەبەر بێداربوونەوەی سەر لە بەیانی بەدەم بانگدانی ئەو هەموو مزگەوتەوە، سەربانیم

تەرککردبوو. بەڵام بە یادی خەوە خۆشەکانی ڕۆژگاری رابردوو، دەمویست بە سەرخەوێکی سەربانی ماڵەکەمان، ماڵئاوایی لە هەولێر بکەم، بخەوم. دایکم و خوشکەزایەکانم: هێرۆ، کافۆکە و چاوەڕێی، بەدەم زیندەخەویانەوە، دەیانگوت: ئەتو لۆ هەستایەوە، ئەو مەلایانە دەنگیان خۆشە، ئەمە راهاتینە.

بانگی یەک لە دوای یەکی مەلایەکانی مزگەوت، نیگەرانی سەفەری ئەو ڕێگایە درێژەی کە دەبوو پاش کەمێک بیگرمەبەر، بە بیر هێنامەوە، خەوەکەیان بە تاڵانبردم.

"*مخابن ئەی یەستێرەکان، مخابن!*

بەدیار ئەو سەردوولکانەی دایکم زارێ و خوشکم و کیژەکانییەوە، نەمتوانی بەو نانە تیرییە دوا نانی بەیانی بخۆم. یەکێک لە جووتە کۆترەکەی سەر هێلانەی ناو کولانەکە دوای گمەیەک بەرەو سەفەری ئاسمان لە شەقەی باڵیدەدا. لەبەر دەرگای حەوشەی ماڵەوەدا، فرمێسکە میهرەبانەکانی دایکم و خوشکم و منداڵەکانی بەسەر روحمدا دەچۆڕانەوە و نیگایەکانیشم بەناو یادەوەریمدا باڵیاندەگرت. هەولێر بە چاوی خەواڵووەوە چاوەڕوانی گەرما و ماشێنە شێتەکانی دەکرد و قەڵاتیش وەک سێبەرێکی بێدەنگ لەناو هەولێردا هەڵچوو بوو و بە چڕی لە بۆشاییەکانی ناخی منیان دەڕوانی.

**وەک مێژوو ئەم تەرمە کوژراوانە جێدێڵم.**
**گۆڕەکان بە چی ڕۆژوویان بشکێنن؟**
**منداڵەکانیش لە قوتابخانە دێنەوە و**
**لەبەردەم "*منارەی چۆلی*"دا، سروودی "*ئەی ڕەقیب*" بە گوێی *مانگایەکی* برسیدا دەچرپێنن.**



هەندرێن و بەرەڤان ئامێدی، هاوینی 2005

ئەم وێنەیەی پشت قەدی شاخەکە بەر دەرگای کۆنی باهدینانە بە

هەڵکۆڵین دروستکراوە، کە دەستێک بەرجەستە دەکاتەوە

نیگایەکان بەدەم رێگاوە بەرەو دهۆکەوە، لە دەڤەرەکانی تاراوگەدا هەڵەتە دەبوون. لە چاوەڕوانی نەهاتنی بەرەڤانی هاوڕێمدا، تەماشاکردنی ئاسایشەکانی دهۆک بێزاریاندەکردم. دواجار ناچار بووم رووبەڕوویان ببمەوە. بەدەم مشتومڕی نێوان من و ئاسایشی دهۆکەوە، بەرەڤان دەرکەوت و ئاسایشەکانیش بە دڵنیابوون لە تێرۆریست نەبوونی من، بێکار لەسەر شەقامەکانی دهۆک مانەوە. بەرەڤان بەرەو "ئیبراهیم خەلیل" و سەفەری وڵاتی دووەمی تاراوگە بە ماشێنەکەی هەڵیگرتم. لەوبەری "پردی دەلال"ەوە، بەدەم ماڵئاواییکردن لە بەرەڤان، ئاوڕێکم لە رووباری "خاپور" دایەوە. موسافیرەکان لەبەردەم ئەو کونەی، کە پاسەوانی بازگەکە لەمدیو دیوارەکەوە بە فیزەوە سەیری پاسەپۆرەتەکانیانی دەکرد، کۆببوونەوە و منیش بە جەستەیەک لە ژان بەناو بیرۆکەکانی شاعیری پۆلۆنی برۆدسکیدا رۆدەچووم. برۆدسکی دەیگوت: ئاستەنگی نووسەر لە تاراوگەدا ئەوەیە، کە بە شێوەیەکی نەخۆشانە جەغت لەسەر " نیگایە مەزنەکان" دەکاتەوە. ئەو نیگایە مەزنانەش، مانای ئەو دوژمنانە دەگەیەنن کە لە دواجاردا پێکڕا بوون بە دژی نووسەر و تا سەر سنوورەکان راویاننا. کاتیش، وەک بەیادهاتنەوەکانی من بەسەر بڵێسەی هەتاوەکەدا، دادەڕما . لێرەوە تێگەیشتم، کە پشکۆیەکانی یادەوەری بە فرمێسکەکانی من خامۆش نابنەوە. هەناسەی گوڵنارەکانی شوێنپێی، رۆحم فێنک ناکەنەوە: ئێرە بۆنی نامۆیی لێدێت و ئەوێش بۆنی سەهەندەیی. لەگەڵ هەر ئاوڕدانەوەیەک، نامۆیی نیگایەکانیان دەتەنیمەوە. ماڵ و پانتاییەکانی وڵات، ئەو شوێنە نەبوون کە من خەونم پێوەیان دەبینی. خەیاڵاندنی گەڕانەوە لەوێوە بۆ ئێرە، بە گومان و پرسیار گەمارۆیان دەدام.

لەگەڵ بەجێهێشتنی بازگەی "ئیبراهیم خەلیل" و سنووری کوردستان، کە سنوورێکیش نییە، لووتکەکانیش لە دوامەوە لەمدیو غوباری هەتاوەوە لە رامان دەبوورانەوە. شەپۆڵە وردیلەکانی "خاپور" بەدەم رەوتە مەلوولەکانیانەوە لەژێر هەتاوی ئەو نێوەڕۆیەدا دەدرەوشانەوە و، کۆچی نیگای تاراوگەی یادەوەری لاویەتی و پاییزیی منیش، وەک دووڕییانێک لێکجودادەبوونەوە.

گوڵناریش هێورانە:

هەوەسی روانینە.

جەندرمەکانی ئەتاتورک، ناسکەنان لە گوندێکی لە خەومادا هەڵدەگرن و لە سپێدەیەکدا بە بەرچاوی "ژەنگار"دا تاوسێک سەردەبڕن.

خێرابە خاپور، خێرابە ... خێرا...!
ئەو خێڵە دیلانە نابەلەدن رێبەریان بکە.

سڵاو، ئەی تاراوگە، سڵاو...!
ماڵئاوا، ئەی تاراوگەی وڵات، ماڵئاوا...!

مانگی 8 و 9ی 2005
ستکهۆلم/سوێد

# * To be or not to be: a terrorist

بۆ: Eleonora

سەفەرەکەم لە ئێستگە canterburg یەوە دەستیپێکرد، کە دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای ئینگلستان، لەوێدا بە خوێندنی زمانی ئینگلیزی وەرزی پاییزم بەسەر برد.

کاتێ پاسەکە بەرەو بەندەری Dover بەگڕکەوت، هزرەکانی منیش بەرەو هەبوونایەتیم بەجووڵەکەوتن: چ مانایەک دەگەیەنێ، کە وەک خوێندکارێکی فەلسەفە، دەتەوێ بۆ ئامانجی فەلسەفە،

لەگەڵ چەشنە خوێندکارێک کە لە پێناوی بازرگانیدا دەیانەوێ زمانی بازاڕیکار فێربن، فێری زمانی ئینگلیزی ببیت؟

ئەو پرسیارە لە سەرچاوەیەکی ترەوە هەڵدەقوڵێت، کە بەستراونەتەوە بە گشت پرۆسەی هەبوونایەتیم: وەک کوردێک نزیکەی دوانزە ساڵم بە بەرهەڵستکاری و پێشمەرگایەتی بەدژی رژێمێکی بکوژی وەک سەددام بەسەر برد. دواجار بەدەم زریانی هێرشی "ئەنفال"ەوە لە ناو هەوایەکی کیمیایی گەمارۆدراودا رووبەڕووی کۆچێکی لە وەسفکردن نەهاتوو بوومەوە، کە هەر ئەم "ئەنفال"ەیش بوو بزاڤەکەمانی خنکاند.

ئەم کۆچە بەرەو وڵاتێکی بردم کە من نەمدەزانی چۆن رەتیبکەمەوە، وڵاتێک کە دوای نیشتنی فڕۆکەکان تێگەیشتم سوێدە. لەم وڵاتەدا بووم بە تەماشاکەری شەڕێکی ئاشتییانەی بێدەنگ کە دواتر بەرەو رووی شەڕی زمانێکی تازە و نۆرمەکانی کردمەوە، کە باڵادەستبوو لەم دەڤەرەدا. ئەم شەڕە لە بە کۆمەڵییە وەرچەرخاوەکەیەوە بۆ تاکایەتییەکەی، کە تۆ ئیتر بۆت نییە وەک بکوژێک شەڕی لەگەڵدا بکەی، بەڵکە تۆ دەبێ، لەم سوێدە تەنگەبەرەدا، هەوڵبدەی هەتا قبووڵت بکات.

لە هەوڵی ئەو قبووڵکردنەدا لە هێکڕا زانیم، کە هەر تەنیا زمانێک بەس نییە، بەڵکە ئەم کارە پێویستی بە زمانێکی زیاتر هەیە، لەتەک شەڕی شارەزایی زمانەکاندا رووبەڕووی شەڕێکی سایکۆلۆژی بوومەوە، کە لەم زمانە و نۆرمەکانیدا سەرچاوەی هەڵگرتبوو، کە هاوکات تەواوکەری یەکترن. دەستنیشانکردنی بەرپرسی یان جۆشدانی ئەم شەڕە سایکۆلۆژییەی کە ئاراستەی (ئەویدیتر) دەکرێ، زۆر سەختە.

## 2

لەژێر باری ئەو هەست و بیرکردنەوە نائامادانەوە بووم لە وێستگەی Dover لە پاسەکەدا دابەزیم و یەکسەر بەرەو مێزی رێپیشاندەری سەفەر چووم، تاوەکو بەرسڤی ئەم پرسیارانەم بدرێتەوە:

-کەی پاسەکەی داهاتوو بۆ پاریس دەڕوات؟

ئەو ژنەی کە بە جلی کارمەندانەی لەپشت مێزە درێژەکەوە وەستابوو، بەدەموچاوێکی ساردەوە وتی:

- Go out and then go left!

بە هەنگاوێکی خێراوە لە دەموچاوە سارد و سڕەکەی دوور کەوتمەوە و بەرەو ئەو لایە رۆیشتم کە ئەو ژنە پێی وتبووم، کەچی کتوپڕ کەوتمە ناو گەراجێکی پان و پۆڕ، لەوێدا دوو پیاو لێم بەدەرکەوتن و بەرەو رووم هاتن و وتیان تۆ لێرە چی دەکەی؟ بەوە تاوانباریانکردم کە من هاتوومەتە شوێنێکی قەدەغەوە.

-ببورن، من نەمزانی ئێرە قەدەغەیە، ژنێکی کارمەند لە وێستگەکەدا منی بەرەو ئەو لایە نارد.
کەچی وشەکانم بەدەم هەوایە بێدەنگەکەدا پەرتبوو، کاتێ هەردوو پیاوەکە بەڕوومدا هاواریانکرد:

-پاسەپۆرتت هەیە؟ پاسەکەتمان بدێ!

قسە بێ ڕێزەکانیان منیان تووڕە کرد، منیش وتم، هیچ هۆیەکی گرینگ نییە بۆئەوەی کە من ناچاربم پاسەپۆرتەکەتان پیشانبدەم، لێ وتیان دەبێ پاسەکەت ببینین، کێ دەڵێ تۆ Terrorist نیت. هاوکات بەدەم پشکنینی جانتاکەمەوە چاویان بڕیبووە جەستەم، هەروەک لەوە دڵنیا بن کە هەر ئێستا جەستەم دەتەقێتەوە. بۆئەوەی ترسی ئەو پیاوە ئینگلیزانە هێمن بکەمەوە، بەوە دڵنیامکردن کە گەر من Terrorist بوومایە لەمێژبوو چەندان جار ئێوەم کوشتبوو.

هەردووکیان ناچاریان کردم پاسەکەمیان پیشانبدەم و جا تا کارمەندانی وێستگەکە بەدوام کەوتن، لەوێدا ڕزگارم بوو لە نیگایە گومانکارەکانیان.

3

پاسەکە لەگەڵ مندا، وەک مەلەوانێک بەرەو پاریس خۆی هەڵدایە سەر بازگەی Dover . هاودەم نیگایەکی هەژاو گەڕایەوە بۆ ڕووداوی ناو گەراجەکە، زریانی بیرکردنەوەکان نەیانتوانی ڕێگاکانی هاندانێک بۆ ئەو مرۆڤە بدۆزنەوە کە بەخێرایی توانی بمکات بە تیرۆریست. ئەمڕۆ وشەی Terrorist لەسەر زاردا، هاوکات هەم هەرزان بووە و هەمیش پێکەنین هێنەر، کاتێ کە دەمەوێ بیر لەم وشەیە بکەمەوە سەرگێژ دەبم. لە ڕابردوودا بەناوهێنانی ئەم وشەیە شۆڕشگێڕانمان بەیاد دەهاتەوە، کەچی ئەمڕۆ بەسووکایەتییەوە هەمان ئەو کەسانە بە تیرۆریست ناو دەبەین! هەڵسەنگاندنەکان زەبری کوشندەیان لێدراوە و لنگەوقووچ بوونەتەوە: ئەمڕۆ تۆ بۆت نییە لە دژی ستەمکارێک زەبروزەنگ بەکاربێنی یان بجەنگێی. ژیانی ڕۆژانەمان لەم درامایەدا تاوانبارکراوە، کە هەمەڕەنگییە گەشە بیرئامێزەکانی کاڵدەبێتەوە. ئەستەمە بیر لە گۆڕینی بونیادی دەسەڵات بکەینەوە. گەر لە ناو ئەو بونیاتی دەسەڵاتەدا هەست بە شادمانی و ڕازیبوون نەکەی، ئەوە ژیانی ڕۆژانەت دەبێتە پرۆسەی پرۆژەیەکی بێکۆتایی. لەم بەردەوامییە قورسەی ژیاندەدا دەبێ زوو یان درەنگ پەنا ببەیتە بەر دەروونناسێک تاکو هەست بە باشتربوونت بکەی و جا بچیتە ناو ئەو کۆمەڵگایە و هەستی ئاگاییت بخنکێنی. گەر تۆ هەستدار بوویت ئەوە ڕێگای ژیانت بەرەو ئەو دیوارە چیمەنتۆ ڕێژانە دەبێتەوە، کە بۆ ئەو کەسانە هەڵچنراوە کە بە کەڵکی کۆمەڵگای ئەمڕۆ و ستروکتورە سارد و داخراوەکەی نایێن.

لە سەفەری بەردەوامی ئەم دەقەدا ئەو ڕێگایانەی کە باسمانکرد زیاتر دەخوێنینەوە.

4

گەمارۆی هزر ناچاری کردم بچمەوە سەر ئەو پرسیارەی کە لەم بەیانییەدا لەگەڵ رۆیشتنی پاسەکە دەستپێکرد، بە مەلە بەسەر دەریاوە تا سەر کەناری فەرەنسا و پاشان لەگەڵ سوورانەوەی پێچکەی پاسەکە بەسەر شەقامەکانەوە بەردەوام بوو، کە بەرەو پاریسی دەبردین. من بەرلەوە، لە ناو داخی لەکەدارکردنی تیرۆریستی ئاوی ژەهراوی ئەم زەمەنە کلۆڵەدا نقووم ببووم، نەک لە ناو شەپۆلی هێمنی عەشقدا. من نیازم وابوو کە بەسەر سەفەری دەریاوە کتێبە هاوسەفەرەکەم بخوێنمەوە. بەڵام چۆن بتوانم بیرکردنەوە تیرۆریستەکانم سەبارەت بەو پۆلیسە تیرۆریستە فریو بدەم کە مۆری تیرۆریست داخیکردم و رووبەرووی بارێکی هیچگەرایی ناوەکی کردمەوە.

منی تیرۆریست، بەدەم سەفەری وڵاتێکی ترەوە دەچێ کە سەرگەردانە لە ناو جوانناسی، مرۆڤایەتی، کە دواجار ویستوومە پۆلیسێکی تیرۆریستی نێودەوڵەتان لە ناو گەراجێکی شاری Doverی سەر دەریا بکوژم.

## 5

لەماوەی مانەوەم لە پاریسدا خەیاڵم بە دەوری کەسانێکی وەک: بۆدلێر، رامبۆ، ژان دارک و چەند شاعیرێکی وەک ڤالێری، سان ژۆن پێرس، هێنری میشۆو چەندانی دەخولایەوە. ئەو ناوە خۆشەویستانە لەگەڵ چەند رووناکبیرێکی فەرەنسی وەک: رۆلان بارت، دولۆز، سیمۆن دی بڤوار، سارتەر، دێریدا و فۆکۆ.... تێکەڵاو دەبوون، کە لەماوەی چەند دەقیقەیەکدا دەمتوانی لە خودی پاریسدا لەگەڵ ئەوانەدا گفتوگۆ بکەم. پاریس نەک هەر تەنیا شارێکی تیرۆریستانە نەبوو، بەڵکە جۆرە شوێنێکی رۆشنبیریی بوو کە چەندان دیالۆگی ئیدیالی بەخۆوە دەگرت. تەرزە دیالۆگێک کە من لەمێژبوو، بەرلەوەی ئێستا کە هاتووم لێرە لە پاریس ئەو دیالۆگە بکەم، لەگەڵ ئەو ناوە ناوبراوەکانم هەمبووە.

ئەم ناوانە بوون، سەرچاوەی خاکی من، ئەوانە بوون منیان فێرکرد: بیری رۆژئاوا، دەسەڵاتی رۆژئاوا، دەوڵەت و بیرۆکراتی رۆژئاوا بناسم. دواجار ئەو رووناکبیرانە بوون کە فێریانکردم: رووناکبیرێکی راستەقینە و ئۆرگینال چ دەگەیەنێ.

روحی ئەو رووناکبیرانە بوو کە بووە هۆی بناغەی ئیدیالی کردنەوەی "ئینستۆتی کوردی" لە پاریس. لە ماوەی ساڵانی 1970دا رووناکبیرانی پاریس یەکەم رووناکبیرانی رۆژئاوا بوون کە ئاوڕیان لە کولتووری کوردی دایەوە. هەر ئەمەش بوو کە وایکرد کۆرسی خوێندنی زانکۆ بدەن بە خوێندکارانی کورد- کە مخابن ئێستا ئەو ئینستۆتە، بەشێک لەبەر بێتوانایی بەڕێوەبەر و خوێندکارەکانی، خۆی وەک هەر ئەو هەموو کۆڕ و کۆمەڵە کوردییە زۆر و بێ بەرهەمانەی رۆژئاوا دەنوێنێ. تەنانەت خودی کوردە بەڕێوەبەرەکانی ئەو ئینستۆتە نیوەیان نازانن بە کوردی بپەیڤن. خوێندکارانی کورد دەتوانن لەو

ئینستۆتەدا زۆر لایەنی وەک: ئەدەب، ئەنترۆپۆلۆژی، زمان و کۆمەڵناسی، کوردناسی، بخوێنن، هەتا کورد بەخۆی ناسنامەی کولتووری خۆی بە رۆژئاوا بناسێنێ، کەچی تائێستا بەرهەمەکان لە دووبارەکردنەوەی گەڕۆکە کۆنەکان تێنەپەڕیوون، وێڕای لێبووردن لەو بەرهەمانەی کە من لە ناو خودی ئەو ئینستۆتە نەمدیون. یەکێک لەو سیاسەتمەدارانەی کە یارمەتی بەردەوامی ئەو ئینستۆتە دەدات، خاتوو دانێل میترانە. بەگوێرەی بیرەوەری و سەرگوزەشتەکانی دانێل میتران، کێشەی کورد هۆکارێک بوو بۆ دەردەسەری نێوان فەرەنسۆ میتران و خاتوو دانێل.

پێچەوانەی دانێل میتران، مارگەرێت تاتچەر و تۆنی بلێرە لە ئینگلستان. بەهۆی سیاسەتی لیبرال و کۆنپارێژی مارگەرێت تاتچەر- بلێر لە ئینگلستان pkk قەدەغەکرا. دواجار تورکیای "ستەمگەری دیموکراسی" بۆ ئینگلستان لە مەسەلەی کورد سوودمەندترە. چونکی (یان رەنگە هۆیەکەی ئەوەبی)، کە تورکیا یەکێکە لە ستەمگەرترین و تیرۆریسترین وڵاتانی خۆرهەڵات.

لەلایەکی ترەوە ئینگلستان خۆی بە یەکێک لەو وڵاتە گەورانە دەزانێ کە دەیەوێ شەڕ لە دژی تیرۆریزم بکات، کەچی لە راستیدا خۆی لە یەکێک لە تیرۆریسترین وڵات گێل دەکات، کە تورکیایە، کە زیاتر لە هەشتا ساڵە سیستەماتیکانە کورد، ئەرمەن، سریانەکان قڕ دەکات.

وڵاتی ئینگلستان بە سیاسەتە لیبرالەکەی، بۆ ئامانجی ئابووری و سیاسی، زۆر بەئاسانی وڵاتێکی بکوژ و تیرۆریست هەڵدەبژێرێ، تا دیموکراسی گەشەبسێنێ. خەڵکی کورد لە تورکیادا بە ژیانی خۆی لەپێناو مافی رەوای خۆی خۆی خەبات دەکات، کەچی بە تیرۆریست ناونووسدەکرێت! ئۆی چۆن دەکرێ کە زیاتر لە دوانزە ملیۆن کورد لە تورکیا بۆماوەی هەشتا ساڵ لە زمانەکەی قەدەغە دەکرێ، دواجاریش بە Terrorist ناو ببرێت؟ !

## 6

لە ئێوارەیەکی تاریکی هەینی، کە لەژێر چرا چکۆڵە تیرێژ ئاسایەکانی هەتاو دەدرەوشایەوە، پاریسم جێهێشت، تاوەکو بەیانی داهاتوو لە ئینگلستان بێداربیمەوە و وەڕزی بۆنی رۆحی رامبۆ، سارتەر، دولۆزو.... بکەم کە لە کۆڵانەکانی پاریس بە دیمانەیان گەیشتم. بۆ گەڕانەوەم سواری پاسەکە بووم و بەڕێکەوتین.

لە پاریسدا بەئاسانی توانیم ئەو مرۆڤانە ببینم، کە بتوانین باسی ئەدەب و هونەر بکەین. لێ لە شاری Canterburg ی ئینگلستاندا دەتوانم بڵێم کە من نەمتوانی کەسێک بناسم بۆ گفتوگۆکردن بگونجێ. لە پاریسدا مرۆڤەکان لە بەیانییەوە بگرە تا دەگاتە ئێوارە شەراب دەخۆنەوە، لەگەڵ ئەمەشدا تووشی ئەو چەشنە سەرخۆشانە نەبووم کە خەڵک بێزار بکەن بە هەراوهۆریا. کەچی لە Canterburgو تەنانەت لەخودی لەندەنیش هەرگیز نەمتوانی لەگەڵ مرۆڤەکان هەست بەو ئارامی و هۆگریی بکەم. خەڵکی Canterburg ، بە لەندەنیشەوە لە رۆژانی پشوودا دەخۆنەوە تا تەواو

مەستدەبن، بۆئەوەی ئارامی بەدەستبێنن و بتوانن لە پەیوەندییەکانیاندا ئاسایی بن. هەروا هەوڵدەدەن بە رێگەی خواردنەوە ئەو تورەییەی ناوەوەیان دەرببرن. بۆیە تۆ لە ئێوارانی رۆژی پشوودا کە دەچیتە ناو شار دەبێ خۆت بۆ شەڕکردن ئامادە بکەی، کت و مت وەک ئەوەی تۆ بە ناوچەیەکی شەڕگردا بگوزەرێی. هەربۆیە لەم ماوەیەی کە لەو شارەدا ژیام، تووشی چەند شەڕێکی شەوانە بووم.

جیاوازییەکی تری نێوان ئەم دوو وڵاتە ئەوەیە کە لە پاریسدا ژنەکان بە رووخسارە ناسک و جلە جوانپۆشەکانیان هەستێکی مێینەییان پێ بەخشیم. شێوەی جلپۆشینیان لە خەیاڵێکی جوانناسییانەوە هەڵقووڵاوە، نەک مۆدەو رووتییەکی هەرزان. لێ ژنانی شاری Canterburg مخابن جلی کارخانە سێکسییەکان دەپۆشن. زۆرینەی ژنانی ئینگلیز بە دەنگی بەرز دەدوێن و حەزیان لە پیاوی سێکسی و گەنجانەی دەوڵەمەندە. ژنانی ئەم شارە حەز ناکەن لەو پیاوانەی کە ناوەکییەکی سێکسی و گەنجانەی تۆکمەیان هەیە.

گەر بەلای ژنانی ئەم شارە، ئەو جۆرە جلپۆشینە واتایەکی فێمینستی هەبێت، ئەوە ئەو چەشنە فێمینیزمە بۆ پیاوان بەگشتی دڵخۆشییە!

لێ، کاتێ مەسەلەی پیاوان دێتە گۆڕێ، ئەوە باسکردنی بێمانایە. چونکی ئەمڕۆ پیاوانی ئینگلیز بەگشتی دەتوانین بڵێین هیچ زانیارییەکییان سەبارەت بە: کۆمەڵگا، کولتووری ئەوانیتر یان باری سیاسی جیهانەوە نییە. هەرچەندە خەڵکی ئینگلیز کە وڵاتەکەیان مێژوویەکی درێژی هەیە لە داگیرکردنی کولتووری ترو هەموو دونیاشیان تەنیوەتەوە، کەچی پیاوی ئینگلیز ئەمڕۆ، بەگشتی بێئاگایە لە خودی دۆخی ئابووری و سیاسی وڵاتەکەی خۆی، بەواتایەکی تر، تەنیا ئامانجیان دەوڵەمەند بوونە. دواجار دەبێ جەغت لەسەر ئەوەش بکەمەوە، کە ئەمڕۆ دەتوانی باش و خراپ لە هەموو شوێنێک ببینێ، لێ ئەمە ئەزموونی منە. دەڵێم ئەوە ئەزموونی منە، نەک وێناندن و خەیاڵ، هەرچەندە زانستناسی و روانگەی رۆژئاوا فێری کردین کە جیاوازییەکانی ئەم دنیایە وەک وێناندن "تێور" ببینین، نەک ئەزموون.

## 7

بەهەستێکی نائامادەییەوە لە ناو پاسەکە رۆنیشتبووم، لە هیکرا شوفێرەکە وتی ئەوە گەیشتینە شوێن کۆنترۆڵکردنی پاسەپۆرتی ئینگلیزستان. منیش پاسەپۆرتەکەم دا بە دەستی پۆلیسەکە، کە بە چاوە بێتامەکانی تەماشای دەکردم و وتی:

-خەڵکی کام وڵاتی؟

-کوردستان، وەڵامی من بوو.

کەچی پۆلیسەکە بە دەنگێکی ورووژێنەرانەوە پێی وتم:

-ئێ، خەڵکی تورکیای؟

منیش داوام لێکرد کە سەیری پاسەپۆرتەکەم بکات، گەر حەز دەکا خەڵکی کوێم. کەچی لەبری ئەوە دەستیکرد بە روونکردنەوەی ئەوەی کە ئەو نازانێ کوردستان کەوتۆتە کوێ.

-پێم نیشانبدە کوردستان لەسەر نەخشە لە کوێیە، ئەرێ تۆ خەڵکی تورکیای؟ لەو قسانە بەردەوام بوو، دواجار پاش مشتومڕێکی دوور و درێژ پێم وت تۆ دەبێ فاشیست یان Terrorist بیت، وتم گەر تۆ یەکێک لەوانە نەبیت، وا بێ ڕێزانە قسەت نەدەکرد.

-تۆ ڕێزت نییە، پرسیارەکانت زۆر دەبەنگانەیە....

پاش ئەو وشانە بە چاوێکی پڕ لە رقەوە تەماشای کردم و کاغەزێکی دامێ وتی:

-ئا لێرە ناسیۆنالیستەکەت بنووسە!

منیش نووسیم: کوردستان — سوێد و دامەوە دەستی.

جارێکی تریش دووبارەی کردەوە:

-پاسەپۆرتە کوردییەکەتم نیشانبدە!

منیش وتم، گەر من بەلای تۆوە خەڵکی تورکیا بم ئەوە دەبێ ئەویش خەڵکی فەرەنسا بێت.

ئەوجا هاواریکرد:

-من فەرەنسی نیم، فەرـڕـەـنسـی!

کاتێ وشەی فەرەنسی دەگوت بە بێزەوەترین شێوە دەمی خواردەکردەوە. لەدوایدا بۆ روونکردنەوە، کە من پێویستیم بەهیچ پاسەپۆرتێک نییە، بەڵام چونکە ئێستا لە سوێد دەژێم، بۆیە هەندێ جار لە کاتی ناچاریدا ئەم پاسەپۆرتە بە پۆلیسێکی دەبەنگی وەک تۆ نیشان دەدەم!

هاوکات چاوم بڕیە ئەو نەخشەیەی کە پێشتر پیشانیدام، پێم وت ئەمە نەخشەیەکی ساختەیە، کە ئەو وەک پۆلیسێکی ئینگلیز دەبێ بزانێ کە ئەو وڵاتە کۆلۆنیالیستەکەی ئەو بوو کە کوردستانی دابەشکرد، پاش ئەو دابەشکردنە ئەو نەخشە بێمانایە دروستکرا.

کە ئاوڕمدایەوە دیتم کۆمەڵە پۆلیسێک لە دەوروبەرم کۆبوونەتەوە و بە چاوەکانیان هێرشم بۆ دێنن، هەروەک من کوردێکی Terrorist بم. پۆلیسەکە پاسەپۆرتەکەی منی دایە دەست پۆلیسێکی مەدەنی و ئەویش منی بردە ژوورەکەی خۆی.

پۆلیسە مەدەنییەکە، بەر لە هەموو شتێک، وتی من شێوازی قسەکردنی ئەو پۆلیسەم بەدڵ نییە، کە لەگەڵ تۆ بەکاریهێنا.

منیش وتم:

-بۆ ئەو قسەیەت بە خودی پۆلیسەکە نەگوت؟

ئەویش بەشێوەیەکی بیرۆکراتی خۆی وتی کە ئێمە ئەرکمان جیاوازە.

بەهەرحاڵ ئەو پۆلیسە پاسەپۆرتەکەمی کۆپیکرد. پێم وت دەمەوێ بزانم لە ناو ئەو هەموو خەڵکە بۆ منیان هەڵبژارد بۆ ئەم جۆرە کۆنترۆڵە، پۆلیسە مەدەنییەکە وتی، هۆیەکەی ئەوەبوو کە من کورد بووم! هەروا PKK لە ئینگلیستان قەدەغەیە. چونکە کە ئەو پارتە کە هاتە ئێرە کێشە و گرفتیان بۆ ئێمە دروستکرد. منیش وتم:

-من PKK نیم و پاسەپۆرتی سوێدیشم هەیە، پێت وایە دەبێ هەموو کورد PKK بێ؟

کاتێ رۆژئاوای سیاسی بیەوێ وێنەی گەلێک یان وڵاتێک زەقبکاتەوە هەوڵدەدا تەواوی ئەو وڵاتەو خەڵکەکەی لەناو ئەو وێنە زەقکراوە سیخناخ بکات، ئەمەش هەمیشە پیشەی رۆژئاوا بووە. ئێستا پیاوی ئینگلیز بە چاوی تیرۆریست تەماشای کوردستان دەکات. کەچی گەر مورالّیان هەبووایە ئەو کات هەوڵیان دەدا پاداشتی ئەو تاوانەیان بە کورد دەدایەوە.. کە ئەو وتانەم بە پۆلیسەکە دەگوت، لێم مۆڕ ببۆوە، هەروەک تاوانباریم بە کوشتن، مامەڵەکەی ئەو هەستەی بە یاد هێنامەوە، کە جارێک بە ناچاری بە تورکیاوە سەفەرم بۆ کوردستان کرد.

کاتێ پۆلیسەکە داوا ئەدرێسی Canterburg و سوێدی لێکردم منیش وتم کە داوای ئەدرێسم لێدەکەی پێتا وایە پۆلیسێکی زۆرزانی.

-چۆن دەزانی ئەدرێسەکەم راستە؟ بە گاڵتەپێکردن پێم وت، پێم راگەیاند کە ئەو میتۆدە زۆر ناشیرینە کە بەکاریدێنێت، چونکی بەمجۆرە هەرگیز ناتوانێ بروام پێبێنێ کە خودی خۆی لە کەسێکی Terroristباشترە. لێ ئەو وشەکانی منی قووتدا و لەسەرەخۆ لێی پرسیم: بۆ هاتییە وڵاتی رۆژئاوا؟ بۆ دووپاتکردەوە کە هاتنی من بۆ رۆژئاوا خەتای یەکێکی وەک تۆی پۆلیس و وڵاتەکەی تۆیە، کە بە چەکی کیمیایی و تازەترین چەک یارمەتی سەددام حسێنیاندا، دواجار وتم:

-ئەوەی باسیدەکەم دەبێ تۆ باشی بزانی، چونکی تۆ پۆلیسێکی ئینگلیزی، تۆ دەبێ باش ئاگات لەو رووداو و کارەساتەی شاری هەڵەبجە بێت کە سەددام لە بەهاری 1988، بە جۆرە چەکێکی کیمیایی، لەوانە چەکی کیمیایی ئینگلیز پێنج هەزار کوردی قڕ کرد.

کەچی لەبری ئەوەی ئەو پۆلیسە مەدەنییە شەرمبکات، ، لێی پرسیم ئاخۆ پێشمەرگە "Gerilla" بوومە یان نا.

-من پێشمەرگە بووم! بە جەغتکردن وەڵامم دایەوە.

بەتوڕەییەوە وتی هیچ کەست کوشتووە، منیش خێرا پرسیارەکەیم پڕکردەوە بەوەی کە من سەدان دەبەنگم کوشتووە کە دژی کورد بوون.

-من شانازی بەوە دەکەم گەر ئەو جۆرە دەبەنگانە بکوژم! بۆم دووپاتکردەوە.

پرسیارە گێلەکانی پۆلیسەکە درێژەی کێشاو دوای ئەو هەموو پرسیار و وەڵامە جا دەیەوێ بزانێ ئێستا دەمەوێ خەڵک بکوژم یان نا. بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە وتم، بەڵێ زۆر بەئاسانی دەتوانم ئەو

پۆلیسە دەبەنگە بکوژم کە یەکەمجار پاسەپۆرتەکەی کۆنترۆلکردم، چونکی لە TERRORIST دەبەنگترە. چونکی ئێستا لە رۆژئاوا تۆ بۆت رەوایە پیاوی دەبەنگ بکوژی. بەلای منەوە پیاوێکی دەبەنگ زۆر بەدترە لە تیرۆریستێک، چونکی دەبەنگی تیرۆریست بەرهەمدێنێ. لە راستیدا تەنیا دەبەنگەکان دەبنە پۆلیس!

-رەنگە تۆ بیستبت کە ناپلیۆن وتبووی: کاتێ ژنێک دەڕووخێ دەبێتە قەحپە، هەروا کاتێ پیاوێکیش دەڕووخێ دەبێتە پۆلیس، بە بزەوە بە پۆلیسەکەم وت. لە کۆتادا وتم لە راستیدا من ئێستا پیربوومە و پێم ناکرێ خەلّک بکوژم.

لەماوەی ئەو کاتەی کە ئەم مشتومڕە لە ژووری پۆلیسە مەدەنییەکە بەردەوامبوو، دەمنادەم پۆلیسێک دەهاتە ژوورێ و لە پۆلیسەکە مەدەنییەکەی دەپرسی، کە کارەکەی باش دەڕوات. لە ئاکامدا پۆلیسە مەدەنیەکە پێی وتم پێویست ناکات هەست بە ناڕەحەتی بکەم، چونکی من هیچ سەختییەکم نییە.

منیش لە وەلاّمدا وتم:

-من پێویستم بەوە نییە کە ناڕەحەت بم، لەبری ئەوەی من باش لە عەقلّییەت و مامەلّەکردنت تێدەگەم، ئەمەش لەوەم دلّنیا دەکاتەوە کە تۆ بەو میتۆدە، نەک ناتوانی رێگا لە تیرۆریستان بگری، بەلّکە تیرۆریست دروست دەکەی.

-هیوادارم وەک پۆلیسێک کاتێکی خۆش بەسەربەری! بە گالّتەجاڕییەوە ئەوەم پێ وت و لە دەرگاکەوە چوومە دەرێ.

## 8

لە زیندانە ئاساییەکە قووتارم بوو و بەپەلە بەرەو پاسەکە رێمکرد، کە بە داماوییەوە چاوەڕێی دەکردم. بۆ ناو پاسەکە سەرکەوتووم و بێدەنگییەک بە ناو پاسەکەدا پەرتببوو. جا موسافیرەکان بەجۆرێک چاویان لێ دەبڕیم وا وێدەچوو لەوە دلّنیان کە یەکێک بم لەو TERRORIST انەی، کە ئەمرۆ پۆلیسەکانی رۆژئاوا بۆ گرتنیان تەواو سەرقالّن و شارە گەورەکانی خۆرئاوایان شلەژاندووە.

پاسەکە بەرێکەوت و موسافیرەکانیش لە خەو رۆچوون، هاودەم چاوەکانی من بەمدیو شووشەی پەنجەرەکە رۆدەچوو. لە دەرێ، لەمدیو پەنجەرەکەی پاسەکە دلّۆپەکانی باران بۆ خوارەوە گینگلّیان دەدا و زەوییەکەش وێنەی تەقینەوەیەکی دەنواند و درەختەکانیش، وەک ئەندێشەی رۆحی من بە نێو تووناوتوونی شەوەکەدا مەلەیان دەکرد.

ئەو سیاسەتە جیهانگیرییەی ئەمرۆ دەیەوێ خۆی وەک سیستەمێکی ئابووری-سیاسی ئاوەلاّ پیشانبدا، فرە کلتووری، دیموکراسی و مافی مرۆڤایەتی بناغەی خۆنواندنی ئەو سیاسەتەیە بۆ تەواوی

مرۆڤەکان. لێ ئەو سیاسەتە بەدەستی خۆی بارودۆخێکی جیهانی دروستکرد کە تەواوی ئەو چەمکانە تێیدا دەکاتە رووکەش و بەستەڵۆک.

دەوڵەت دەتوانێ مرۆڤەکان رازیبکا، هەندێ جاریش بە باڵادەستییەکەی دەتوانێ مرۆڤەکان جڵەوکێش بکات: تۆ وەک تاکە کەسێکی دەوڵەت لەناو ئەو دەوڵەتەدا هیچ مافێکت نییە کارێک، چالاکییەک بکەی لە دەرەوەی ئەو یاسایەی کە هەیەتی. تۆ بۆت نییە لە پۆلیسێک بپرسی بۆچی لەجیاتی ئەو شێوەیە، شێوەیەکی تر، یان بۆ ئەو یان ئەم رەفتارە پەیرەو ناکەی. هەروا تۆ بۆت نییە بێجگە لە ناو سنوورەکانی ئەو یاسایە هیچ شتێکی تر بکەی. دەوڵەت بە رێگەی یاساکانییەوە خەڵک لەژێر رکێفی خۆیدا سنووردار دەکات. بناغەی ئەم جۆرە یاساڕێژییە، بۆ هزری رۆشنگەریی، پرۆژەی مۆدێرنیتە: کانت"Kant" ، هۆبز "Hobbs" و لوک"Locke" ، هێگل "Hegel" دەگەڕێتەوە. لەو کاتەوە رووناکبیران ئەوەیان سەپاند، کە ئەگەر کەسێک ئەو کۆنتراکتەی کە لە نێوان کۆمەڵدا بڕیاردراوە جێبەجێ نەکرد، دەبێ سزا بدرێت. بێگومان ئەو "کۆنتراکتە کۆمەڵیە" لە کتێبە ناسراوەکەی رۆسۆدا ریشەی کێشاوە .

ئەمڕۆ رۆژئاواییەکان لە گێژاوێکی سەختدا دەژین: کێشەی پەنابەران تادێ ئاڵۆزتر دەبێ و ناسیۆنالیستە راستڕەوەکانیش بەخێرایی گەشە دەسێنن، گرفتە کۆمەڵایەتییە – ئابوورییەکان بەربڵاوتر دەبنەوە، کە خەریکە ببێ بە شەڕێکی کیشوەریی ... هتد.

وێڕای ئەمانەش، رۆژەکانی ژیانمان جۆرێکە لە شەڕ و ململانێ: لە یاری فوتبۆڵەکانی نێوان دەوڵەتان بگرە تا دەگاتە کێشە وڵاتە هەژار و دەوڵەمەندەکان، دەسەڵاتدارو بێدەسەڵاتەکان. ئەمڕۆ فوتبۆڵ هەر وەرزش نییە، بەڵکە شەڕێکی ناسۆنالیستی نێوان دەوڵەتانە، ململانێی نێوان وڵاتەکان پێشبڕکێ نییە لەسەر پرسیارە ئابووری و مرۆڤایەتییەکان. بەڵکە پێشبڕکێیەکی تەکنەلۆژییە .

هەندێ جار ئێمە وەک تاکە کەسێک وا دەزانین کە لە ژیانێکی ئازاد، دیموکراسییانە و فرە کلتووری... دەژین و دەمانەوێ رۆژگارەکەمان بە باشی ببینین. پاش رۆژە دووبارەکانی کارکردن دەچینە بارەکان و بیرەیەک دەخۆینەوە و باسی خۆشی ژیان و کارەکانمان دەکەین. هاوکات لە بەشەکانی تری دنیاوە رۆژانە بە هۆی شەڕی فوتبۆڵی سەرکردەکانەوە چەندان منداڵ، پیر و خەڵکی بێتاوان دەکوژرێن.

خەڵکان بە فریوی پروپاگەندە هەرزانکردنەکان، دەکڕن و دەکڕن تاوەکو دڵخۆشبن. کەلوپەل مرۆڤەکان خۆشحاڵ دەکەن.

کەچی رۆژانە سەدان منداڵ لەبەر برسیەتی دەژاکێن، لە پایەی سەرکردە سیاسییەکانمان کە دەیانەوێ دونیا ئازادتر بێ! ئەو بارودۆخە کۆمیدیانەیە کە وایکردووە ئەمڕۆ ئێمە لە شەڕێکی دیموکراسیدا بژین! ئەو زەمەنە، زەمەنی بکوژانی دەروونە، بۆیە دەمەوێ کەمێک پەردە لەسەر ئەم رووخسارە دووانەییەی خۆرئاوادا دابکەنم .

سیاسەتێکی لیبراڵ لەسەر شانۆیە لیبراڵەکەیدا، کە ئینگلستان نوێنەرایەتی دەکاو هاوکاتیش بووە بە سیاسەتی ئێستای خۆرئاوا، یاریدەکا. ئەو سیاسەتەش ناشیرینترین رووی فیکری سیاسی خۆرئاوایە. چونکی پڕوپاگەندە بۆ ئازادی تاکە کەسی دەکاو ئەو ئازادییەش لە بازاڕدا کۆتایی پێدێنێ. هاوکات تاکە کەس لە قسەکردن بترازێ مافێکی تری نییە بۆ ناڕازی بوون لە یاساو سیستەمی ئەم سیاسەتەدا. چونکی تەنیا دەسەڵاتی لیبراڵ خۆی دەتوانێ شێوەی دەرەکی کێشەکانی سیاسی —ئابووری-کۆمەڵایەتی- بگۆڕێت. بەکورتی بێجگە لە ریفۆرم و سازش لە ئاستە جیاجیاکانی ئەم سیاسەتە، هیچی تر لە بەرنامەی سیاسی لیبراڵدا نییە.

تاکە کەس لە کارو بوارەکانی کڕین و فرۆشتندا ئەو ئازادییە تاقیدەکاتەوە، کە دەسەڵات بەرهەمدێنێ. بەرهەمی ئەو سیاسەتە لیبراڵە، بازاڕی کەپیتاڵە، کە کەرەستەکانی تەکنەلۆژی رەهەندەکانی دیاریدەکات. سەرەنجامی پرۆسەی گەشەکردنی ئەو تەکنەلۆژییە، نەک تەنیا ناوەڕۆکی مرۆڤی کلۆڵکرد، بەڵکە بوونی مرۆڤی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە. لەپاڵ ئەمەشدا ئێمە خۆرئاوایەکی ترمان هەیە، کە بە دژی، یان رووخسارێکی تری مرۆڤایەتییانەی خۆرئاوایە، ئەمەش: فەلسەفە، هونەرو داهێنانە کولتوورییەکانە... لەوێدا: دیکارت، سپینۆزا، مارکس، نیتشە، رامبۆ، پیکاسۆ، فانگۆگ، بۆدلێر، شەکسپیر، هۆلدرلین، مالارمێ... هەیە.

هاوکات وێڕای رووخساری سیاسەتێکی بکوژو داب و نەریتێکی دۆگماتیکی جیاوازی قبووڵنەکردنیدا، رووخسارێکی تری خۆرهەڵاتمان هەیە: شیعر، هونەر، سۆفیگەری، سروشت و سۆزی کۆمەڵایەتییە.. تاد.

کەواتە، ئەو خاکەی کە دەتوانێ تۆوی هەردوو رووخساری رۆژئاواو خۆرهەڵات بپیتێنی (زاوزێ) بکات: شیعرییەتی فەلسەفە، فەلسەفەی شیعرییەتە، کە بە دەسەڵاتکردنیان، یان جڵەوکردنیان و کلۆڵکردنیان ئەستەمە. بە واتایەکی روونتر، شیعرو فەلسەفە نە قبووڵی بە دۆگماتیکردن داکا و نە فێڵی مەبەستگەراییش.

## 9

دواجار، کە گەیشتمە ناو ژوورەکەم لە پەرگەی شاری Canterburg دا، سەفەری درێژی پاسەکەم کۆتایی هات. رامبۆ دیسان لەگەڵمدا کەوتە پەیڤین. رامبۆ زیاتر لە سەدو پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا رۆژگارەکەی خۆی بە "زەمەنی پیاوکوژان" نووسیەوە، چونکی هەستیکرد کە تازەگەری رۆژئاوا وڵاتانی رۆژئاوای، یان دنیای رۆژئاوا بە دژی مرۆڤایەتی دەگات. ئەو منداڵە وایدەبینی کە رۆژئاوا بەو هەموو میتۆلۆژییەی کە بە رێگەی تازەگەرییەکەیەوە دروستیکرد، ئەنجامێکی ترسناک چاوەڕێی دەکات. ئەو ئایندەی کە رامبۆ هەستی پێدەکرد، ئەو ئەم رۆژگارەیە کە ئێمە ئێستا تێیدا دەژین. پیاوێکی وەک

رامبۆ خاکی شیعرێکی وای داهێنا، کە خۆرهەڵات خۆرئاوای تێدا ئاوێتەو تێکەڵاو کرد. ئەو هەموو سنوورەکانی بەزاند، کە خۆرئاوا دروستیکردبوون. رامبۆ ئەو کارەی نەک هەر بە شیعر کرد، بەڵکە بە ژیانی زیندووانەی خۆی وەک شیعر کە خۆی ژیانیشە .

هێنری میللەر لەمەڕ رامبۆ، لە کتێبەکەی "The Time of the Assassins" :دا دەڵێ: منداڵێکی سەرگەردان و سەهەندەی وەک رامبۆ لە ناخی هەستییەوە بە رووی دنیادا هاواریکرد و بە گوێچکەیەوە هەژاندی .

لەم کۆنتێکستەدا دەکرێ خوێندنەوەی هایدگەر ئامادە بێت، کە بەو بڕوایە گەیشت کە زەمەنەکەمان یەکێکە لە ئازاراویترین زەمەن. چونکی تەکنیک و تەکنەلۆژی مرۆڤی دەستەپاچە کردووەو حوکمڕانی زەمەن، ژیان و بوونمان دەکات .

ئێمە لەم سەردەمی تەکنەلۆژییەدا بووینە بە کەرەسە و ئامرازی تەکنیک، ئەمەش بۆ خۆی ژیانێک لە ئازارکێشان دروست دەکات. لێ بە وتەی هایدگەر لەوەش سامناکتر ئەوەیە، کە مرۆڤەکان هەست بەوە ناکەن، کە لەناو ئەو ئازارەدا دەژین.

هایدگەر دەیویست بڵێ کە ئەو تەکنیکەی رۆژگار هەمان ئەو تەکنیکە نییە کە لە گرێکی کۆندا هەبوو، لەوێدا تەکنیک مانای داهێنان و یان دانایی و خوڵقاندنی دەگەیاند، کە مرۆڤ داهێنەری بوو. کەچی ئەمڕۆ تەکنیک مرۆڤ دەخولقێنێ و حوکمیشی بەسەر دەکات .

تەکنیک دەسەڵاتێکی گێژکەرە و بوونمان دیاریدەکات. سەرەنجامی ئەم تەکنەلۆژییە بوو بەوەی کە خۆرئاوا تەواوی دنیا بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە .

بۆیە ئەم زەمەنەی ئێمە لە زەمەنی رامبۆ و هایدگەریش ئازاراویتر و بکوژترە، چونکی لە زەمەنی ئەمڕۆدا ناتوانین لە هەڕەشەی تەکنەلۆژی رزگار بین .

ئەمڕۆ تەکنەلۆژی دەتوانێ بە ئاسانی مرۆڤ قڕ بکات، ئێمە بزانین یان نەزانین ئەوە ئەنجامی ئەم ئێدۆلۆژییەیە کە ناتوانین TERRORIST و بە دژە تیرۆریزم لە یەکتری جیا بکەینەوە: ئەوەندە بەسە گەر تۆ پاش ناوێکی موسڵمانانە یان خەڵکی خۆرهەڵات بیت ئەوە تۆ تیرۆریستی. هەروا ئەمەش گرنگ نییە کە تۆ وەک کوردێک پێشتر یان ئێستا دژی رژێمە دیکتاتۆرەکان و فوندەمێنتالەکان بیت .

بەڵام خەڵکی خۆرئاوا، یان نوێنەرانی "دیموکراسی و بە دژە تیرۆریزم" لە خۆیان ناپرسن ئەوە کێ بوو بەو هەموو چەک و تەکنەلۆژییە یارمەتی سەددامیدا! ئەوە کێ بوو کە یارمەتی بن لادنیدا تا ببێ بە تیرۆریست؟ ئەوەی کە ئەو هەموو تیرۆریستەی دروستکرد، یارمەتی و ئابووری و چەکییەکانی خۆرئاوای سیاسی بوو.....

بەدرێژایی مێژوو رۆژئاوا سیاسەتی خۆی بەمجۆرە ناساندووە: وڵاتێکی دیکتاتۆر لە بەشەکانی تری دنیا دروست دەکات، کە پێویستی بەو وڵاتە نەما ئەوە شانۆیەکی تر بۆ ئەم وڵاتە دروست دەکا، زۆر

بەڕاشکاوی مۆری تیرۆریستی لێدەدا و گەلەکۆیی لەسەر دەکات. ئەمەش یەکێکە لە بڵحترین سیاسەت کە خۆرئاوا خاوەنییەتی.

دواجار کە ئەو جۆرە سیاسەتە چاکەت و پانتۆڵی لیبراڵیزم لەبەر دەکات دەبێتە تیرۆرترین سیاسەت.

## 10

ئەمڕۆ ئینگلستان پێویستی بە شکسپیرێکی تر هەیە، تاکۆ بتوانێ هاملێتێکی تر بنووسێ و لەوێدا پاڵەوانە سەرەکییەکەی ئەو شانۆیە، مۆنۆلۆگەکەی لەسەر **"To be or not to be: a terorrist"** بێت. شکسپیر لە کاتی خۆیدا بە ڕێگەی بەرهەمەکانییەوە پرسیار لەسەر ئەو ئاستەنگانە دەکات کە پەیوەندی بەو مرۆڤە هەبوو، کە مۆدێرنیزم بەرهەمیهێنابوو، سومبولی ئەو هزرە "To be" بوو. لێ ئەمڕۆ ئەو شکسپیرە تازەیە دەبێ لەمەڕ ئەو پرسیار و سەختییانەی مرۆڤ بدوێ، کە لە داهاتوودا بە شکسپیری ئەم زەمەنەی ئێستا بناسرێتەوە. لەم زەمەنەدا کە هاملێتی ئەمڕۆ دەبێ ڕۆڵی زەمەنی تیرۆریستانە بگێڕێ و پرسیارە سەرەکییەکەی دەبێ ببێ بە**To be or not to be:a terorrist** لە شانۆی ئێستادا هاملێت دەبێ ڕۆڵێکی تری هەبێ: ڕۆڵێکی تیرۆریستی و بەدژە تیرۆریست داپۆشکراو بگێڕێ. تاوەکو لە بوونەکەی پرسیاری: **To be or not to be: a terorrist** بکات، دەبێ بە هەردوو ڕۆڵەکەی ڕۆڵێکی دووڕووانە بە بوونایەتیمان بدات. ئەو چارەنووسە بوو وای لە هاملێتی شکسپیر کرد کە بە ناو هەموو گرفتەکانی بوون ڕۆبچێ، تاوەکو ئەو وەڵامە بدۆزێتەوە، کە چۆن بتوانێ هاوکات ڕۆڵی "باش"و "خراپ"، یان "شەڕ" و "خێر" بگێڕێت. لەسەردەمی شکسپیردا کێشەی نێوان بڕوادارانی مەسیحی و مرۆڤی مۆدێرن، ئەو ململانێیەی نێوان "شەڕ" و "خێر"ەی هێنایە ئاراوە. دواجار ئەوەی کە هاملێتی بە کوشتدا مەسەلەی ململانێی ئەم "خێر"و "شەڕ"ە بوو.

## 11

ئەم نووسینە بۆ ئەوەبوو تاکو بتوانم هەناسەیەکی مەست لە ناو ئەم زەمەنە بکوژەدا بکێشم و، هاوکاتیش تاکو بتوانم شیعرییەتێکی تیرۆریستانەی بێگوناح؛ بەختێک بە خۆم ببەخشم، ئەو بەختەی کە نوێنەری سیاسەتێکی کۆلۆنیالەی تیرۆریست کردمی بە Terorrist.

گەر تۆ هەنووکە لەوە بەئاگا بیت و بیر لەو زەمەنە مردووە بێدەنگە بکەیتەوە و گومان لە تێڕوانینەکانی خۆت بکەی لە ناو ئەم سیاسەتە بکوژەدا، تۆ دەبێ، بتەوێ یان نەتەوێ، ئەم پرسیارە بەرەو رووی خۆتدا بکەیتەوە." To be or not to be: a terorrist " :

England ،Canterburg
28/11-5/12-2001

* یەکەمجار ئەم دەقەم، وەک ئەرکێک بۆ کۆرسە ئینگلیزییەکەم، بە زمانی ئینگلیزی نووسی، پاشان Eleonora ی هاوڕێم دەقە ئینگلیزییەکەی کردە سوێدی و لە گۆڤاری" لێکۆڵینەوەی کوردی/ "Kurdistan Studies، ژمارە 10،سوێد 2003، بڵاکراوەتەوە، کە سەنتەری لیکۆلینەوەی کوردستانی، بەسەر پەرشتی دکتۆر خالد یونس خالد، بە زمانی ئینگلیزی، کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاودەبێتەوە. هەروا لە ئەنتۆلۆگییەک بەناوی: Perspektiv، لە ساڵ 2005، لە ستۆکهۆلم، کە تەرخان بوو بۆ ئەزموونی شەڕ، بە زمانی ئنگلیزی بڵاوکراوەتەوە. دواجاریش دەقە کوردییەکەی لە گۆڤاری "ئاییندە" بڵاوکراوەتەوە.